د.تەها باقر

# ئایینی بابلی و ئاشووری



د.تەها باقر (١٩١٢ – ١٩٨٤)

کوردیکاری
محەمەد وەسمان

هەولێر-2025

ناوی کتێب: ئایینی بابلی و ئاشووری

نووسینی: د.تەها باقر
وەرگێرانی: محەمەد وەسمان

تیراژ:٥٠٠ دانە

چاپخانە :سنوور

ژمارەی سپاردن: لەبەرێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی

( 1261 ) ی ساڵی(٢٠٢٤ )ی پێدراوە.

## پێشەکی




تەها باقر (١٩١٢ - ١٩٨٤)

ناوی تەها باقر ناسر حسێن عەلی کوڕی عەزامی گەورەیە ، لە ناحیەی جوبران دێی سادە (**السادة**) لەدایکبووە، کە یەکێکە لە چوار قەزای سەرەکی شاری (حلە).

لە فەقێیەتی خوێندوویەتی و قوتابخانەی سەرەتایی لە حیللە خوێندوە. پاشان خوێندنی ناوەندی تەواو کرد و یەکێک بوو لە خوێندکارە سەرەکییەکانی قۆناغی ناوەندی، پاشان چوارەم بوو لە قۆناغی ناوەندیدا لە لقی زانستی ، لە ساڵی ١٩٣٢ ئامادەیی ناوەندی لە بەغدا تەواو کردووە، بۆ تەواوکردنی خوێندن، لەسەر ئەرکی وەزارەتی پەروەردە، ڕووی لە کۆلێژی سەفد(صفد) لە فەلەستین، پاشان بۆ زانکۆی ئەمریکی لەبەیروت، پاشان چوو بۆ ئەمریکا بۆ خوێندنی شوێنەوارناسی لە پەیمانگای ڕۆژهەڵات لە زانکۆی شیکاگۆ لەگەڵ هاوکارەکەی فواد سەفەر، دوای بەدەستهێنانی بڕوانامەی دەرچوونی ئینگلیزی لە شاری سەفدی فەلەستین.

دوای ئەوە خۆی و خوێندکارانی دیکەی نێردراوان لەگەڵیدا گوازرانەوە بۆ زانکۆی ئەمریکی لە بەیروت بۆ ئەوەی قۆناغی دووەمی خوێندن(Sophomore stage) تێپەڕێنن کە قۆناغێکی ئامادەکارییە بۆ خوێندن، دوای ئەو قۆناغە چوو بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بۆ تەواوکردنی خوێندن لە شوێنەوارناسی دوای ماوەی چوار ساڵ بڕوانامەی بەکالۆریۆس و ماستەری بەدەستهێنا، لە ساڵی ١٩٣٨ گەڕایەوە وڵات.

لە ساڵی ١٩٥١ بەشی شوێنەواری لە کۆلێژی ئاداب لە زانکۆی بەغدا دامەزراندووە و بووەتە یاریدەدەری سەرۆکی زانکۆی بەغدا ، لە ساڵی ١٩٥٩ی زاییینی نازناوی پرۆفیسۆری لە زانکۆی بەغدا بەدەستهێناوە . لە ساڵی ١٩٦٥ تا ١٩٧٠ وەک ڕاوێژکار لە فەرمانگەی شوێنەوارەکانی لیبیا کاری کردووە، لە ساڵی ١٩٦٥ تا ١٩٧٠ وەک پرۆفیسۆر لە زانکۆی لیبیا کاری کردووە.

د.تەها باقر هەندێک شوێنی شوێنەواری کۆنی لە بەغدا دۆزیەوە، لەوانەش شوێنی تەل حەرمل کە ناوی نوێیەتی ، ناوی کۆنی (شادۆبووم)بووە، ( لە ڕابردوودا ناوەندێکی کارگێڕی سەر بە شانشینی ئەشنۆنە بووە)، تەل ئەسمەر ناوەندی بووە کە دەکەوێتە ڕۆژ هەڵاتی بەغدا لە پارێزگای دیالە و لە نزیک ئەوە وە تەل محەممەد هەیە ،کە ناوی( بێنایە) بووە و هەردوو گردە شوێنەوارییەکە لە ناوچەی بەغدای نوێ ( بغداد الجدیدە)هەڵکەوتوون.

ژمارەیەک دەپی گڵینی دۆزرایەوە، لەنێویاندا دوو دەپی گڵین لە هەڵکەندنی وێرانەکانی تەل حەرملدا، کە تێیدا دادیاری(أحکام) و حوکمی یاسایی تۆمارکراون ئەم مادە یاساییانە کە دۆزراونەتەوە دادیاری جۆراوجۆریان تێدایە لەسەر دزی، دەستدرێژی، قەرز، باری کەسی، کرێ، نرخ، کڕین و فرۆشتن، و بابەتی یاسایی تر، و ئەوەی تەها باقر لە کتێبی (یاسای ئەشنۆنەی لە تل حەرملدا دۆزراونەتەوە) ئاشکرای کرد: یاسای شانشینی ئەشنۆنە، کۆنترین یاسای نووسراوە لە عێراقی کۆنەوە بۆمان ماوەتەوە، و یاسای حەمورابی تا ئەم دواییانە کۆنترین یاسا بوو لە مێژووی مرۆڤایەتیدا، پاشان ئەم بۆچوونە گۆڕا دوای ئەوەی بەشێکی دوای گەڕان بەشێک لە یاسای سۆمەری دۆزرایەوە، دەگەڕێتەوە بۆ شا لابێت-ئیشتار". (یاسای ئەشنۆنەی لە تەل حەرمل دۆزراونەتەوە) نزیکەی دوو سەدە لە یاسای حەمورابی کۆنترە، بۆیە کۆنترین یاسایە کە تا ئێستا لێکۆڵینەوەکان ئاشکرایان کردووە.

لەساڵانی ١٩٤١ – ١٩٤٧، سەرۆکایەتی ئەرکی هەڵکەندنی کردووە لە شوێنی (تل الدێر) و عەقرقوف هەروەها سەرپەرشتی هەڵکۆڵینەکانی (تل حەرمل) و (تل

الزباعی) (تل الضباعی) کردووه له بەغدا ١٩٤٥ - ١٩٦١ و سەرپەرشتی هەڵکۆڵینەکانی حەوزی بەنداوی دۆکان و دەربەندیخانی کردووه بۆ ساڵانی ١٩٥٦ - ١٩٦١. جگە له کاری چاککردنەوەی شوێنەواری له شاری بابل له ساڵانی ١٩٥٨ - ١٩٦٣.

کۆرکیس عەواد باس له پەیوەندییەکەی لەگەڵ فرەزانا تەها باقر دەکات، "کاتێک له ساڵی ١٩٣٨ له ئەمریکاوە گەڕایەوە، من لەو کاتەدا ئەمینداری کتێبخانەی مۆزەخانەی عێراق بووم، خوێنەرێکی نامۆم له ناویدا دۆزیەوە، زیادەڕەوی ناکەم لەوەی بڵێم کە ئەو بوو دڵسۆزترین هاوڕێی کتێبخانەکە بوو، چونکە زۆرێک لەو شتانەی دەخوێندەوە کتێب و گۆڤارەکانی بیانی پەیوەست بە شوێنەوارناسیدا بوون."

لە سەردەمی عەبدولکەریم قاسمدا، زەعیم پۆستی وەزارەتی پەروەردەی پێشنیاز کرد ، تەها باقر داواکارییەکەی زەعیم قاسمی ڕەتکردەوە و وەڵامی دایەوە، "شوێنەوار لە وەزارەت باشترە"، بۆیە زەعیم وەک بەڕێوەبەری گشتی شوێنەوارە کان تا ساڵی ١٩٦٣ی زایینی کاری کرد.

دوای بزووتنەوەی ٨ی شوباتی ١٩٦٣، دەسەڵاتی کودەتا بە تۆمەتی "هاوسۆزی بۆ عەبدولکەریم قاسم" زیندانی کرد. تەها تەحەدای دەسەڵاتی کودەتاچیانی کرد و لەبەردەم ئۆرگانەکانی لێکۆڵینەوەدا نکۆڵی لە هاوسۆزی و خولیای خۆی بۆ ڕێبەر قاسم نەکرد. دواتر لەگەڵ شاعیر محەمەد مەهدی جەواهیری و عەبدولحەلیم کاشیف ئەلغیتا داواکارییەک بۆ دامەزراندنی پارتێک بە ناوی( پارتی کۆماری ) پێشکەش کردبوو. تەها باقر لە ژێر کاریگەری بیرۆکەکانی دادپەروەری کۆمەڵایەتیدا بوو کە پارتە چەپەکان داوان دەکرد.

لە ساڵانی ١٩٧٠-١٩٧٨ لە زانکۆی بەغدا، کۆلێژی ئاداب دامەزرایەوە تا خانەنشین بوونی.

لە ماوەی ئەم ساڵانەدا لە بەرهەمهێنانی زانستی و نووسیندا بوارێک نییە باسی کتێبە زۆرەکانی بکەین، بەڵام گرنگترینیان پێشەکییەکە بۆ مێژووی شارستانییەتە کۆنەکان، بەشی یەکەم (میزۆپۆتامیا) و بەشی دووەمیان دۆڵی نیل و ئەوی دیکەیان پێشەکییە لە ئەدەبیاتی عێراقی کۆن و وەرگێڕانی داستانی گیلگامێش بۆ زمانی عەرەبی.

لە ساڵی ١٩٨٠ەوە باری تەندروستی خراپتر بوو، لە ئەنجامدا بۆ چارەسەرکردن

گەشتێکی بۆ بەریتانیا کرد، بەڵام دوای گەڕانەوەی بۆ ماڵەوە، لە ٢٨ی شوباتی ١٩٨٤ لە بەغدا گیانی لەدەستدا.

یەکێتی شوێنەوارناسانی عەرەب لە قاهیرە لە ساڵی ٢٠٠٢ی زایینی خەڵاتی قەڵغانی یەکێتییان پێبەخشی، بەهۆی ئەو خزمەتە گەورەیەی لە بواری شوێنەواردا پێشکەشی کردووە.

پۆست و فەرمانبەری

فەرمانگەی شوێنەوارەکانی عێراق ١٩٣٨ - ١٩٦٣

شارەزا، لە ساڵانی ١٩٣٨-١٩٤١

ئەمینداری مۆزەخانەی عێراق ١٩٤١ - ١٩٥٣ ز

یاریدەدەری بەڕێوەبەری گشتیی شوێنەوارەکان ١٩٥٣ - ١٩٥٨

پشکنەری گشتیی هەڵکەندن لە ساڵی ١٩٥٨

بەڕێوەبەری گشتی شوێنەوارەکان ١٩٥٨ ــ ١٩٦٣

-یەکێک لە دامەزرێنەرانی گۆڤاری سۆمەر(سومر) بووە لە ساڵانی ١٩٤٥ - ١٩٥٨م و سەرۆکی ئەندامی دەستەی نووسەرانی گۆڤارەکە بووە لە ساڵانی ١٩٥٨ - لە ساڵانی ١٩٦٥ - ١٩٧٠ ڕاوێژکاری دامەزراوەی شوێنەوارەکانی لیبیا بووە وپرۆفیسۆر بووە لە زانکۆی لیبیا ١٩٦٥ ــ ١٩٧٠ .

-وانە وتنەوە لە بابەتەکانی مێژووی کۆن و شارستانیەتی لە کۆلێژی پەروەردە (پێشتر خانەی مامۆستایانی باڵا)، لە ساڵانی ١٩٤١ - ١٩٦٠

-فێرکردنی بابەتەکانی مێژووی کۆن و شارستانیەت و زمانە کۆنەکان (ئەکادی و سۆمەری) لە بەشی شوێنەوارناسی کۆلێژی ئاداب - زانکۆی بەغدا (١٩٥١-١٩٦٣)

-ئەندامی ئەنجومەنی دامەزرێنەری زانکۆی بەغدا ١٩٥٧ - ١٩٥٨

-ئەندامی ئەنجومەنی زانکۆی بەغدا ١٩٦٠ ــ ١٩٦٣

-جێگری سەرۆکی زانکۆی بەغدا 1961 - 1963.

- له 8ی شوباتی 1963 خانەنشین کرا.




لەبەرهەمەکانی:

-- مقدمة في تاريخ الحضارات - جزء 1 - وادي الرافدين
پێشەکی مێژووی شارستانیەتەکان - بەشی یەکەم - میسۆپۆتامیا

- مقدمة في تاريخ الحضارات - جزء 2 - وادي النيل وبلاد الشام
پێشەکی مێژووی شارستانیەتەکان - بەشی دووەم - دۆڵی نیل و شام

ئینسایکلۆپیدیای مێژووی شارستانییەتە کۆنەکانە، لە دوو بەشەکەیدا، بە یەکێک لە وێستگە زانستییە گرنگەکانی مێژووی تەها باقر دادەنرێت. کتێبەکە لە ساڵی ١٩٥١ لە دوو بەرگدا چاپ کراوە و بەشی یەکەمی تەرخانکراوە بۆ مێژووی عێراق و شارستانیەتەکەی لە سەرەتای سەردەمی بەردین تا کۆتایی ڕۆژانی ئیمپراتۆریەتی بابلی نوێ لە ساڵی ٥٣٦ پێش زایین. بەشی دووەم تایبەتە بە شارستانیەت و مێژووی دۆڵی نیل و نیمچە دورگەی عەرەبی و وڵاتی شام. کتێبەکە بە دوو بەرگەکەیەوە بە یەکێک لە گرنگترین سەرچاوە نێودەوڵەتییەکان دادەنرێت کە لەسەر ئەو بابەتە

نووسراوە و تا ئێستا هیچ کتێبێکی دیکەی لەم بوارەدا ڕکابەری نەکردووە زیاتر لە دە جار چاپکراوەتەوە و تا ئێستاش خواستی لەسەرە خوێنەران و پسپۆڕان تا ئێستا وەک کتێبێکی دیاریکراو لە زۆربەی مەنهەجەکانی وانەوتنەوە لە زانکۆ عەرەبییەکان و هەندێک لە مەنهەجی زانکۆ نێودەوڵەتییەکان دەخوێندرێت.




-ملحمە کلکامش( داستانی گیلگامێش):

ئامانجێکی زانستی و دەروونی بۆ ئەو پێکهێنا. ئەم کتێبە داستانی گیلگامێشە کە لە زیاتر لە شەش جار چاپ کراوە و تا ئەمڕۆش بە شێوەیەکی بەرفراوان دەخوێنرێتەوە و وەرگێڕانەکەی جێی سەرسامییە . لە وەرگێڕان و پشتڕاستکردنەوەی ئەم داستانە ناوازەیە لە مێژووی شارستانییەتە کۆنەکاندا کتێبخانەی عەرەبی دەوڵەمەند کردووە. باقر گیلگامێشی بە کولتوری جیهانی ناساند و لە دوای بڵاوبوونەوەی ئەم کتێبەوە بە توندی گیلگامێشی سەپاند، تا دواتر بوو بە کەسایەتییەک ئێستا لە ئەدەب و هونەر و خەیاڵی جەماوەریدایە.

تەها باقر لە داستانی گیلگامێشدا دەڵێت؛

(ڕەنگە زیادەڕەوی ناکەم ئەگەر بڵێم ئەگەر لە شارستانیەتی میزۆپۆتامیا لە دەستکەوتەکانی و زانست و دەقەکانیەوە جگە لەم داستانە هیچ شتێکمان بۆ نەهاتبا، ئەو شارستانییەتە شایەنی ئەوە بوو کە پێگەیەکی بەرز لە نێو شارستانییەتە کۆنەکانی جیهانیدا داگیر بکات. )

داستانەکە کلیلی گرنگ بۆ تێگەیشتن لە کەسایەتی تاکی عێراقی و بزووتنەوەی کۆمەڵگای میزۆپۆتامیا دابین دەکات. لایەنە گرنگەکانی پێکهاتەی دەروونی ئەو هاووڵاتییە کۆنەی عێراقی خستۆتەڕوو و ئاشکرای کردوە.







-مجلە سومر. ( گۆڤاری سۆمەر)

هەوڵ و ڕێکخستن و پلانەکانی تەها باقر بووە هۆی دەرچوونی گۆڤارێک لە مێژوو و شوێنەوارناسیدا بە ناوی گۆڤاری سۆمەربەشی یەکەمی لە کانوونی دووەمی ١٩٤٥. ئەم گۆڤارە سەرنجی هەموو شوێنەوارناسە پسپۆڕەکانی جیهانی عەرەبی و جیهانی وەرگرت و هەر سێ مانگ جارێک بە شێوەیەکی ڕێکوپێک دەردەچوو و تەها باقر تا

کۆچی دوایی بەردەوام بوو لە بڵاوکردنەوەی لەم گۆڤارەدا.




-- مقدمة في أدب العراق القديم
ناساندنی ئەدەبیاتی کۆنی عێراقی

- من تراثنا اللغوي القديم
لە کەلتوری زمانەوانی کۆنمانەوە

لە دەپەکانی سۆمەرەوە - ساموێل نوح کرامر - وەرگێڕانی د. تەها باقر- من الواح سومر - صموئيل نوح كريمر - ترجمة د. طه باقر
تەها باقر، ژیان و کاریگەرییەکانی - د. فەوزی ڕەشید- طه باقر حياته واثاره - د. فوزي رشيد
ڕێبەری شوێنە دێرینەکان و شارستانیەت (٦ بەش) لە نووسینی تەها باقر و فواد سەفەر

**المرشد الى مواطن الآثار والحضارة (6 أجزاء) طه باقر و فؤاد سفر**

گەشتی یەکەم: بەغدا - عنة- القایم، ڕێبەری شوێنە دێرینەکان و شارستانیەت

**الرحلة الأولى: بغداد – عنه – القائم المرشد الى مواطن الآثار والحضارة**

گەشتی دووەم: بەغدا - سامەڕا - حەزەر - 1962 – زاینی

**الرحلة الثانية: بغداد – سامراء – الحضر – 1962 – ك**

گەشتی سێیەم: بەغدا - موسڵ - 1965 – ك

**الرحلة الثالثة: بغداد – الموصل – 1965 – ك**

گەشتی چوارەم: بەغدا - کەرکوک - سلێمانی - 1966 – زاینی

**الرحلة الرابعة: بغداد – كركوك – سليمانية – 1966 – ك**

گەشتی پێنجەم: بەغدا - هەولێر - 1966 – زاینی

**الرحلة الخامسة: بغداد – اربيل – 1966 – ك**

گەشتی شەشەمی (بەغدا - هەڵەبجە) - 1966 - 2019.

**الرحلة السادسة (بغداد – حلبجة) – 1966 –**

* وتار: پێشەکییەک بۆ جوگرافیای مێژوویی عێراق

**مقالة: مقدمة في جغرافية العراق التأريخية**

* وتار: یاسا و ڕێسا یاساییەکان لە شارستانیەتی میزۆپۆتامیا، بەشی یەکەم

**مقالة: الشرائع و التنظيمات القانونية في حضارة وادي الرافدين ج1**

* وتار: یاسا و ڕێسا یاساییەکان لە شارستانیەتی میزۆپۆتامیا، بەشی دووەم

**مقالة: الشرائع و التنظيمات القانونية في حضارة وادي الرافدين ج2**

- الانسان فی فجر حیاته - مرۆڤ لە سەرەتای ژیانیدا.
- بابل وبورسيبا - بابل و بۆرسیپا
- بحث فی التاریخ - توێژینەوەیێک لە مێژوودا

- تاريخ العراق القديم - مێژووی عێراقی کۆن

- تاريخ ايران القديم - مێژووی دێرینی ئێران

- طرق البحث العلمی فی التارخ والاثار(   شێوازی توێژینەوەی زانستی لە مێژوو و شوێنەوار

- علاقات بلاد الرافدين بجزيرة العرب - پەیوەندی میزۆپۆتامیا لەگەڵ نیمچە دورگەی عەرەبی.



Plate 2



# شارستانییەکانی میسۆپۆتامیا




مەبەست لە شارستانییەکانی میسۆپۆتامیا، ئەوشارستانییەیە، کەوا لەسەرەتای هەزارەی سێیەمەوە لە دەشتاییەکانیدا گەشەی کردووە(وڵاتی سۆمەرو ئەکەد) ،لە شارستانییە ڕەسەنەکانە ورەگ وریشە وبنجی دەگەڕێتەوە بۆ چاخەکانی پێش مێژوو ،لە گۆڕان وگەشەسەندنیدا بە چەندان گەڕی شارستانیی تێپەڕیوە، لەوانەش چاخەمێژووییەکانی بە داهێنانی نووسین دەستی پێکرد وسیستەمی حوکمڕانی وهونەرەکان لەسەرەتای هەزارەی سێیەمەوە و تا سەرەتای سەردەمی زایینی ... شارستانیەتی دیکەش هەبوون وەک: ئیلامی،وڵاتانی شام و ئەنادۆڵ (هیتیەکان- الحپیین) ، هاوشێوەن.
شارستانیەکانی دیکەش هەن: شارستانیەتی دۆڵی نیل و شارستانیەتی ڕۆژهەڵاتی دوور (چین) و شارستانیەتی (مایا) و (ئەزتیک) ئەمریکای ناوەڕاست و شارستانیەتی دۆڵی ڕووباری سند ( Indian Valley) ی هیندی، کەوا پەیوەندی بە شارستانیەتی میسۆپۆتامیا هەیە.

# چاخەکانی میسۆپۆتامیا



١-چاخەکانی پێش مێژوو( Prehistory )

نووسین -دەرکەوتن لە میسۆپۆتامیا لە نزیکەی (٣٥٠٠-٣٠٠٠ پ.ز) دەبێتە سەرەتای دەرکەوتنی چاخە مێژووییەکان.

-سەرەتای چاخەکانی پێش مێژوو لەگەڵ دەرکەوتنی جۆرەکۆنەکانی مرۆڤ پێش دوو ملیۆن ساڵ دەستپێدەکات.واتە ئەم چاخانە نزیکەی ٩٩% ی ژیانی مرۆڤی گرتۆتەوە .

.

چاخە بەردینەکان (العصور الحجرية( Stone Ages )

١-چاخی بەردینی کۆن (  العصر الحجري القديم( Palaeolithic )

ئەم چاخە بەتەنیا نزیکەی ٩٨% ی ژیانی مرۆڤی گرتۆتەوە .

٢ -چاخی بەردینی ناوەڕاست (العصر الحجري الوسيط)(Mesolithic  )

٣-چاخی بەردینی نوێ (العصر الحجري الحديث ) ( Neolithic )



چاخی بەردینی کۆن(العصر الحجري القديم( Palaeolithic )

ئەم چاخە بەتەنیا نزیکەی ٩٨% ی ژیانی مرۆڤی گرتۆتەوە،.

لەوەشدا چاخەکانی بەستەڵەک ماوەبەستەڵەکییەکان لە چاخی جیۆلۆجی (بلایستوسین ( Pleistocene)لە نیوەی یەکەمیدا، جۆرورەگەزە کانی کۆنی مرۆڤ و هاوشێوەی دەرکەوتن و لەناوچوون ، بەڵام باپیرەی مرۆی نوێ ناسراو بە مرۆی ئاوەزپەروەر (هۆشمەند) (Homo sapiens ) ( الانسان العاقل) لە نیوەی دووەمی چاخی بەردینی کۆن دەرکەوت کە ناسراوە بە چاخی بەردینی کۆنی باڵا (Upper Palaeolithic) لە زۆر شوینەواری باکووری عیراق ئامرازی بەردینی کۆن لە ئەشکەوتەکان دۆزراوەنەتەوە، وەک: ئەشکەوتی شانەدەر ( لەسەرووی زێی گەورە ،لە (١٩٥١-١٩٦٠) پاشماوەی چاخی بەردینی کۆنی ژێری دۆزرانەتەوە. (العصر الحجري القديم الادنى (Lower Palaeolithic )




لەخولی (الدور) ناسراوبە (مستیری (Mousterian لە نزیکەی(٦٠٠٠٠ یا ٧٠٠٠٠ پ.ز)

لەم ئەشکەوتەدا چەندان پەیکەری ئیسکی مرۆی جۆری کۆنی ناسراو بە نیاندرتال ( (Nearderthal) )بەناوی دۆڵی نیاندرتاڵ لە ئەلمانیا) دۆزراونەتەوە.

**Robert John Braidwood**



| | |
|---|---|
| **Born** | June 29, 1907<br>Detroit, Michigan |
| **Died** | January 15, 2003 (aged 95)<br>Chicago, Illinois |
| **Spouse** | Linda Braidwood |
| **Academic background** | |
| **Education** | University of Michigan (MA, 1933)<br>University of Chicago (PhD, 1943) |

چاخی بەردینی ناوەڕاست (العصر الحجري الوسيط)

(Mesolithic )، چاخی ڕاگواستنە بۆ

چاخی بەردینی نوێ (العصر الحجري الحديثNeolithic )




لەچاخی بەردینی نوێ، گەورەترین پێشکەوتن لە ژیانی مرۆڤ دروست بوو، بژێوی خۆی بە کشتوکاڵ وماڵی کردنی ئاژەڵان دابین کرد.لە چاخەکانی پێشووتر، بژێوی خۆی بە ڕاو و کۆکردنەوە و هەڵگرتنەوە دابین دەکرد.

لەباکووری عیراق چەندان گوندی جوتیاری دۆزرانەوە دەگەڕێنەوە بۆئەم چاخە، وەک گوندی (چەرموو)لە ناوچەی چەمچەماڵ.



شكل – ١
بيت شبه منتظم – ط ٥ جرمو ( المصدر : جاكيت و وولي )



## چاخی بەردینی-کانزایی(Chalcolithic )

## لە نزیکەی (٥٥٠٠ – ٣٥٠٠ پ.ز)




دوابەدوای چاخی بەردینی نوێ، خولێکی دیکەی شارستانی دەرکەوت، چاخی بەردینی-کانزایی (Chalcolithic ) لە نزیکەی (٥٥٠٠ – ٣٥٠٠ پ.ز)،ناوەکەی لەوە هاتووە، دانیشتوانەکە ئامرازەکانیان لە بەرد دروست دەکرد و لە نیوەی ئەم چاخەدا کانزاگەری فێربوون وکانزایان بەکارهێنا لە نزیکەی( ٤٠٠٠ پ.ز) لەم چاخەدا زۆر داهێنان وپێشکەوتن هاتنەدی بوون بە پێشەگ بۆ دەرکەوتنی شارستانیی پێشکەوتوو لەسەرەتای هەزارەی سێیەمی پیش زایین،گرینگترینیان گوندە جوتیارییەکانی لە چاخی بەردینی نوێ پەیدا بووبوون فرەوان بوون، سەرەتای شار نشینی دەکەوت ، سەرەتای لە دەشتی نیشتەیی (السهول الرسوبيه) نیشتیجێ بوون

دەرکەوت و تیایدا پشتی بە ئاودێریی لە زێیەکانەوە دەبەست، بەمجۆرە سیستەمی ئاودێری و دەستدانانە سەر زێ و دەرکەوتنی شار و فراوان بوونی سیستەمی فەرمانڕانی و پەرستگا دەرکەوتن، کە نیشانەی شارستانی بوون ، ئەم چاخە دابەش کرا بۆ چەندان گەڕی شارستانی ،هەریەکەیان بەجۆرە دەفری گڵێنەی ڕەنگاوڕەنگی جوان وئاسەواری شارستانی دیکەی ناسراون.




رحلة في تاريخ بابل: من سومو أبوم إلى حمورابي و نبوخذنصر الأول

ئەم خولانە بەناوی ئەوشوێنانە کراون کە هەڵکۆڵەران بۆیەکەم جارئاسەوارەکانیان تیادا دۆزیوەتەوە. کۆنترینیان خولی ناسراو بە حەسونە یە (بەناوی گردی حەسونەی نزیک دێی شۆرە لە موسڵ)،دواتر خولی ناسارو بە سامەڕا (سامراء) و خولی ناسراو بە(حەلەفی عوبێد) کە تیایدا نیشتەجێ بوون لە دەشتە نیشتەنییەکان لەناوەراستی عیراق و خوارووی دەستی پێکرد ، پێشەنگی شارستانی دەرکەوت وەک: پەرسگە و فراوان بوونی گوندەکان بۆ بوونە شار.




پێش سەرەتای شارستانیەتی لەهەزارەی سێیەم پ.ز چاخی شێوە مێژوویی (العصر الشبیه بالتأریخی ) (Proto –Historic) یا چاخی شێوە نووسینەکی (الشبیه بالکتابی (Proto- Literate ) (لە (٣٥٠٠ – ٢٨٠٠ پ.ز) هەرچەند لە سەرەتاکەی نووسین پەیدابوو (لەنیوەی دووەمی خولی ئوروک-الورکاء) لە نزکەی (٣٥٠٠پ.ز) نووسین لە چەشنە بەراییەکەیدا بوولە شێوەی وێنەیی بوو،هێشتا کاروباری ژیانی پێ تۆمارنەکرابوو، هاوکات خولی ناسراو بە (جەمدەتنەسر) دەگرێتەوە ، تیایدا گۆڕانی شارستانی گرنگ ڕویاندا

وەک دەکەوتنی هونەری داتاشین (النحت) و مۆری لوولەیی (الاختام الاسطوانی (Cylinder Sealls) ،کە تایبەتمەندیێکی میسۆپۆتامیایە لە هەموو سەردەمەکاندا، لەم سەردەمەدا بینای پەرسگاکان گۆڕانی بەسەرداهات پەرسگەی پلیکانەیی (الابراج المدرجە-الزقورە) ناسراو بە زەقورە دەرکەوتن، سیستەمی ئاودێری و دەستگرتن بە سەر زێکان باشتربوون و شتی دیکەی بنچینەی شارستانین دروست بوون.

## ٢-چاخە مێژووییەکان




لەشارستانیەتی میسۆپۆتامیا لە هەزارەی سێیەم پ.ز چاخی مێژوویی دەستپێدەکات بە دەرکەوتنی نووسین لە ٣٢٠٠ پ.ز لەسەردەستی سۆمەرییەکان و دەرکەوتنی شارە دەوڵەت ،واتە سیستەمی فەرمانڕانی و شارو پەرسگە ویاسای نووسراوو بۆ رێکخستنی کۆمەڵگە، کۆنترین چاخەکانی مێژووی عێراق ناونروة بە (چاخی بنەماڵەکان- عصر السلالات (Early Dynastic ) ( ٢٨٠٠-٢٣٧٠ پ.ز)، واتە چاخی فەرمانڕەویەتی لة شێوةی شارە دەوڵەت (City –srtates )بوو،بنکەی شارێکی گەورەبوو و چەند شارێکی دیکەو گوند و زەوی کشتوکاڵی سەر بە و شارەبوون.

چەندان بنەماڵەی فەرمانڕەوا فەرمانڕانیان دەکرد، زۆرجار، ناکۆک بوون لە سەر زەوی وسەرچاوەی ئاوو هەندێ جار شارەکانی دیکەیان داگیردەکرد و شانشینیان پێکدێنا. شارستانیەتی سۆمەری یەکەم شارستانیەتیە لەم ناوچەیە تۆماری نووسراوی هەبێت.دوای ئەوەی (سەرجونی ئەکەدی) دەسەڵاتی لە (لوکال زاکیزی) ستاند، شارستانیەتی ئەکەدی دەستپێدەکات،سەرجونی ئەکەدی لەوسامیانەبوو لە وڵاتی سۆمەر

نشیتەجێ بوو بوون لە وانەش ئەکەدی و بابلی و ئاشووری و کەنعانی و ئامووری وئارامی (لەوڵاتی شام) و هۆزە عەرەبیەکانی دورگەی عەرەبی بوون.سەرجونی ئەکەدی جێنشینەکانی وفەرمانڕانیئیمپراتۆریی ئەکەدیان کرد (٢٣٧٠-٢١٦٠ پ.ز) واتە سەدەیەکی خایاند.




دواتر (گوتییەکان )لەچیاکانەوە هاتن و بەسەر ئەکەدییەکان زاڵ بوون و فەرمانڕانیان کرد: (٢٢٣٠-٢١٢٠پ.ز)، لەو ماوەیەدا دووبارە کاریگەری شارستانی سۆمەری بووژایەوە، دەوڵەتی سۆمەری لەناوچەی (لگش) فەرمانڕانیان دەکرد، (ناوچشەی (تلو) لەنزیک پارێزگای ناسریە) لە فەرمانڕانەکانی (گودیە-جودیە) بەناوبانگ بوو چەندان پەیکەر و نووسینی ئەدەبی سۆمەری لەپاش بەجیَ ماوە. دواتر بنەماڵەیێکی سۆمەری دیکە بەناوی ئوری سێیەم (٢١١٢-٢٠٠٤ پ.ز) شانشینێکی بەهێزیان دروستکرد چەندان ناوچەی لە رۆژهەڵاتی نزیک لە بندەستدابوو.لەسەردەمی دوا پادشای ئەم بنەماڵەیە، سامیەکانی رۆژئاوا ناسراوبە (ئەمورییەکان-بەدەویەکان)، لەدۆڵی شام بەرەو میسۆپۆتامیا هاتن و بنەماڵەی ئوری سێیەمیان لەناوبرد لەم بنەماڵانەش ((ئیسن)) (٢٠١٧-١٧٩٤ پ.ز) و بنەماڵەی (لارسا) (٢٠٢٥-١٧٩٤ پ.ز) و هەرە بەناوبانگەکەی بنەماڵەی بابلی یەکەم (١٨٩٤-١٥٩٥ پ.ز) بوو، پادشا هەرە بەناوبانگەکەی حەمورابی (١٧٩٢-١٧٥٠پ.ز) بوو، خاوەن ڕێسا و یاسا بەناوبانگەکە. لەسەردەمی دەسەڵاتی بابلی، زمانی سۆمەری لەتەک زمانی بابلیدا هەر

لە پێ نووسین بەردەوام بووبە تایبەتیش بوارە ئەدەبی و دینییەکان .



ئەم چاخەی ناوی چاخی کۆنی بابلی لێنراوە، بەوە ناسراوە،بزاوتێکی گەورەی نووسینی تیادا روویدا،لە پێشەنگی ئەوانیشەوە نووسینی یاسا ودەقە ئەدەبییە سۆمەرییەکان دێت،هەروەها وەرگێڕانیان بۆ زمانی بابلیی سامی ،نووسینی فەرهەنگی زمان بە نیشانە مێخییەکان،بۆ یەکەم جارە دەقی بیرکاری بە شێوازی بابەتی ئەندازەیی وجەبری دەنووسرێن.شایانی باسە ،لەم چاخەی کۆنی بابلی ،ژیانی سیاسی سۆمەرییەکان کۆتایی هات، بەڵام زمانی سۆمەری لەتەک زمانی بابلی لەنووسیتی دەقی ئەدەبی و دینی بەکاردەهات.




سەبارەت وڵاتی ئاشوور،لە باکووری عیراقدا، لە وسەردەمانەی پێش چاخی کۆنی بابلی سەربە دەوڵەتانی خوواروبوو . دوای زاڵ بوونی حەمۆرابی چەندان بنەماڵەی فەرمانڕانی سەربەخۆی تیادا دەرکەوت،بەرەبەرە لە هێزی سیاسیدا گەشەی دەسەند تا لە سەدەی دەی پێش زایینەوە چەندان دەوڵەتی بەهێزی تیادا دەرکەوت،بە داگیرکاریی دەرەکی بووبە ئیمپراتۆرییەتیگەورەو فراوان ،زۆربەی رۆژهەڵاتی نزیکی گرتەوە،هەر لە سەدەی هەشتەمی(پ.ز) ەوە وڵاتی بابلی کەوتە کەوشەنەوە. دوا بەدوای چاخی کۆنی بابلی لە وڵاتی بابلدا چەندان بنەماڵەی بێهێز دەرکەوتن ،بەبەراورد لەگەڵ دەوڵەتی ئاشووری ،هەرە بەناوبانگەکەی بنەماڵەی بابلی سێیەم بوو، کە بە بنەماڵەی کاشی یا (کشی) (١٥٠٠-١١٥٦ پ.ز)ناسراون ،لەم سەردەمەیدا نووسینەوەی دەقە ئەدەبی و زانستییەکان گەشەیان سەند. دواتر بنەماڵەی دیکە لەوڵاتی بابل هەبوون بەڵام بێ هێزبوون ، هەرە دواییان دەوڵەتی کلدانی بوو ناسراو بە دەوڵەتی بابلی نوێ (٦٢٦- ٥٣٩ پ.ز) ،بە پادشاکەی (نەبوخوز نەسر) (٦٠٥- ٥٦٢ پ.ز) بەناوبانگ بوو.

(تەها باقر لە(  دیارترین پاشاکانی کلدان-  پێشەکییەک بۆ مێژووی شارستانییەتە کۆنەکان، بەش و لاپەڕە: ل ٦٠٢-٦١١. دەنووسێت:

نەبوخودنەسر ،حوکمڕانی ئەو ماوەیەکی درێژی خایاند (٥٦٢ - ٦٠٤ پێش زایین).

شانشینی یەهودا- یهوذا و دیلێتیی بابل:

کاتێک "یهویاکیم"، ، پاشای شانشینی یەهودا- یهوذا، کە لایەنگرودڵسۆزی فیرعەونی میسری بوو، "نیخو" ی دووەم، سەرکەوتنەکانی نەبوخودنەسری - نبوخذ نصر لە وڵاتی شام بینی، گوێڕایەڵی نیشاندا و باجی دا، بەڵام دوای ماوەیەک بە هاندانی پاشای میسر (٧/٥٩٨ پ.ز) پەیمانەکەی شکاند ، سەرەڕای  ئامۆژگارییەکانی پێغەمبەر "ئەرمیا" و وازی لە باجدان هێنا.

نەبوخودنەسر بە خێرایی سوپایەکی نارد بۆ گەمارۆدانی ئۆرشەلیم، لە ساڵی **٥٩٧ پێش زایین** وڕادەست بوو، پاشاکەی "یهویاکیم" لە کاتی گەمارۆدانەکەدا لەناوچوو و ٣٠٠٠ جولەکە گیران و نەبوخود نەسر “سدقیا”ی بۆ سەر شانشینی یەهودا دەستنیشان کرد .

ئەو یەکەم بەدیلگرتنی جولەکەکان بوو، بردرانە بابل، لە نێو ئەو دیلانەش، "یهویاکین"  ، کوڕی پاشای پێشوو بوو.

پادشای میسر بە ناوی "حۆفرا" (ئەپریس Apris) (٥٧٠ - ٥٨٩ پ.ز) ئاگاداری ئەو مەترسیانە بوو کە بەسەر بەرژەوەندییە  بازرگانییەکانی میسردا هات، کە پشتی بە بەندەرەکانی فینیقی بەستبوو، خۆی ئامادەکرد  بۆ داگیرکردنی فەلەستین ، ئەو سەرکەوتوو بوو، پێش هەموو شتێک ، توانی دەست  بەسەر  غەززەدا بگرێت، گەمارۆی خستە  سەر سور و سیدا(صور وصیدا). نەبوخودنەسر بە خێرایی بەرەو وڵاتی شام ڕۆیشت خۆی سەرۆکایەتی سوپاکەی  دەکرد، و بارەگای فەرماندەیی خۆی لە شاری ریبلە لە نزیک حمس - حمێ دانا، لەوێشەوە ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکانی ئاراستە دەکرد.

پاشای یەهودا، سدقیا، کە نەبوخودنەسر وەک پاشای دانا، دەستبەرداری پەیمانەکەی خۆی بوو بۆ پاشای بابل و لایەنگری فیرعەونی میسری کرد، گەمارۆدانی ئۆرشەلیم

توندتر بوو، بۆیه دوای (١٨) مانگ (**لەساڵی ٥٨٦ پ.ز**) ڕادەست بوو ، سدقیا بێ ئومێد بوو و هەڵات ویستی ڕزگاربێت، بەڵام لە شاری ئەریحا دەستگیرکرا، بۆیە خۆی و منداڵەکانی بردران بۆ ئۆردوگای پاشای بابل لە ریبلە پاشا زۆر توڕە بوو، بۆیە فەرمانی دا منداڵەکانی لەبەردەم چاویدا سەرببڕدرێن و پاشان چاوەکانی دەرهێنران و بە کۆت و بەند لەگەڵ دیلەکانی جولەکەکان کە ژمارەیان بە نزیکەی (٤٠ هەزار) مەزەندە دەکرا، بردرانە بابل و ئۆرشەلیم وێران کرا و سیماکانی پەرستگای هەیکەل سلێمان وێران کرا (کتێبی ٢ پاشاکان ٧-٦: ٢٥، و کتێبی ڕۆژان ٢ ، ٢٠-١٣، ٣٦)

(سفر الملوک الثانی ٧-٦ :٢٥، وسفر الأيام الثانی ٢٠ -١٣ , ٣٦).(سفر الملوک الثانی ٧-٦ :٢٥، وسفر الأيام الثانی ٢٠ -١٣ , ٣٦).

ئەمە دووەم دیلێتی بابلی بووکە جولەکەکان لە بابل مانەوە تا سەردەمی ئیمپراتۆریەتی هەخامەنشی فارسی، کاتێک هەندێکیان گەڕانەوە بۆ ئۆرشەلیم.

لە نێو ئەو شتانەی سەبارەت بە مانەوەی جولەکەکان لە بابل دەگوترێ، ئەو کاریگەرییە گەورەیە هەیە، کە لەسەر ئایینی عیبری هەیبوو، لە پەرەپێدانی بیروباوەڕە سەرەتاییەکانیدا، بە جۆرێک دروستە بڵێین ئەم ئاینە، وەک ئایینێکی یەکتاپەرستی، و پێگەیشتن لە بیرۆکەی یەکتاپەرستی تێیدا، لە کاتی مانەوەی جولەکەکاندا لە بابل ڕوویداوە، هەروەک چۆن کۆکردنەوەی کتێبەکانی تەورات لەوێ دەستی پێکردووە، لە نێوان سەدەی شەشەم و پێنجەمی پێش زایین نووسراوە، هەروەها تەلمودی بەناوبانگی بابلی لە سەدەی پێنجەم و شەشەمی زایینی تۆمار کراوە، ئەمە جگە لەوەی جولەکەکان لە ئەدەب و زانست و ئەفسانە و چیرۆکەکانی شارستانیەتی میزۆپۆتامیا وەریانگرتووە.

دوای ئەوەی نەبوخودنەسر دەوڵەتی جوولەکەکانی لەناوبرد، دەستیکرد بە سزادانی ئەو شارانەی تری فەلەستین و سوریا کە لەدژی یاخیبوون و دەستبەرداری گوێڕایەڵی بوون، بۆیە دەسەڵاتی بابلی بەسەریاندا گەڕاندەوە، جگە لە شاری سور کە بەرەنگاری گەمارۆیەکی درێژخایەن بووەوە کە دەگوترا بۆ ئەوەی بۆ ماوەی سێزدە ساڵ بەردەوام بووە ، وەک چۆن لە ساڵی ٥٧١ پێش زایین کەوتە دەستی سوپای بابل.

سەبارەت بە میسر، میسر وازی لە هاندانی دەوڵەتانی سوریا نەهێنا بۆ ڕاپەڕین لە دژی دەسەڵاتی بابل، ڕەنگە نەبوخودنەسر لە سەردەمی فیرعەون ئاماسیس "اماسیس" (568 پێش زایین)دا بڕیاری داگیرکردنی میسری دابێت، وەک لە دەقێکی ناتەواو لە

مۆزەخانەی بەریتانیادا ئاماژەی پێکراوە ، بەڵام نازانرێت ئەو هەڵمەتە سەربازییەی کە بۆ ئەو مەبەستە ناردوویەتی تا چەند سەرکەوتوو بووە.

ماوەی حوکمڕانییەکەی (٤٣ ساڵ).

ئەو خشتانەی کە ناوی ئەویان لەسەرە، کە مرۆڤ لە هەموو شوێنێک دەبینێت لە بابل بڵاوبووەتەوە، ئەوەمان پێدەڵێت کە لە هەموو شارێکی گرنگدا لە ناخۆشیدا دروستکردنی پەرستگا و کۆشکەکانی نوێکردەوە، هەروەها هەوڵەکانی خۆی تەرخانکردووە بۆ دووبارە بنیاتنانەوەی پایتەخت، بابل، دوای ئەو بارودۆخەکان لە ئەنجامی پشتگوێخستن و کردەوەی وێرانکاری و تێکدەرانە لە کاتی ئەو شەڕانەی کە شارەکە تووشی بوو لەسەردەستی سەنحاریب و ئەو وێرانکارییەی کە هاوڕێی شەڕی ناوخۆی نێوان پاشای ئاشووری، ئەشوربانیپاڵ و براکەی"شمش ـ شم ـ ئوکون" ، پاشای بابل بوو، خراپتر بوو. کەواتە ڕاستە بڵێین نەبوخودنەسر دووبارە دروستی کردەوە.

ئەوەی لە ئەنجامی هەڵکۆڵینەکانی ئەڵمانی (١٩١٧ - ١٨٩٩) ئاشکرا بوو و ئەو شوێنەوارانەی کە ئێستا سەردانکەر دەیبینێت، بە پلەی یەکەم کارەکانی نەبوخودنەسەرە، سەبارەت بە پاشماوەی شارە دێرینەکە، پێشتر تێبینیمان کردووە کە ئێستا لە ژێر ئاستی ئاوی ژێر زەویدایە. دوای ئەو کوڕەکەی «ئەمیل مەردوک» "ئیمیل ـ مردوخ" دەسەڵاتی گرتەدەست،کە لە تەوراتدا باسی کراوە (٢ پاشاکان ٢٥:٢٧ و یەرمیا ٤٢:٣١)(سفر الملوک الپانی ٢٧:٢٥ ، وسفر ڕرمیا ٣١:٤٢) .

ئەم پاشایە تەنها دوو ساڵ (٥٦٠ - ٥٦٢ پێش زایین) حوکمڕانی کردووە.ئێمە تەنیا هەندێک شتی بچووک لەبارەیەوە دەزانین و ئەوەی لە تەوراتدا باسکراوە کە میهرەبانی لەگەڵ پاشای جولەکە “یۆیاخین” "یهویاقین""یائو ـ کینا" دا نیشانداوە، کە بە دیل هێنرابوو بۆ بابل (٥). لە ئەنجامی کودەتایەکی ناوخۆیی کە لەلایەن قەشەکانی بابلەوە پیلانی بۆ دانرابوو ئیمیل مردوخ کوژرا ،دوای ئەو فەرماندەی سوپای تەختی پاشایەتی گرتە ئەستۆ ، "نرگاڵ-شار-ئوسەر" "نرجال ـ شار اوێر" (٥٥٦ – ٥٦٠ پ.ز)(ئەو نێرگلسارە کە لە یەرمیا ٣٤:٣ باسی کراوە) (سفر إرمیا ٣:٣٤) ،ئەو هاوسەری کچەکەی پاشا بوو، "پاشا نەبوخودنەسر".

تەنها هەندێک لە کارە بیناسازییەکانی ئەم پاشایە ناسراون، بەڵام یەکێک لە مێژووە بابلییەکان باس لەوە دەکات کە هەڵمەتێکی سەربازیی ناردووە بۆ ئەودیوی چیای توروس بۆ کیلیکیا. دوای ئەو کوڕەکەی "لباشی ـ مردوخ" لە دەسەڵاتدا گرتەوە. "لاباشی-مەردوک"، کە تەنها توانی بۆ چەند مانگێک تەختی پاشایەتی بپارێزێت، بەو پێیەی لە ساڵی ٥٥٦ پێش زایین لە کاتی کودەتایەکی ناوخۆییدا کوژرا و شۆڕشگێڕەکان پاشایەکیان بە ناوی بابلەوە دانابەناوی "نابۆنیدۆس" (نبۆناهید)، کە بە ڕواڵەت یەکێک بوو لە دەوڵەتمەدارە باڵاکانی سەردەمی "نەبوخودنەسر"، وەک چۆن لە ساڵی ٥٨٥ پێش زایین نێردراوە بۆ یەکلاییکردنەوەی ناکۆکی نێوان ماژییەکان و شانشینی "لیدیا" (لە ئاسیای بچووک).
لە دەقی بەردی گۆڕێکدا کە لە ناوچەی حەران دۆزراوەتەوە، ناوی دایکی ئەم پاشایە بە شێوەی ”ئاداد-کیبی“ هاتووە. پێشتر سەبارەت بە شانشینی ”سێمیرامیس“ باس لەوە کراوە کە هێرۆدۆت (کتێبی یەکەم: ١٨٨-١٨٤) باسی شاژنێکی تری بابلی دەکات کە شوێنی سێمیرامیسی گرتەوە، کە ناوی (نیتۆکریس)ە و دایکی پاشایە ”لاپێنیتۆس“ (نابۆنیدۆس).[1]

---

[1] پاشا "لاباشی-مەردوک""لباشی ـ مردوخ" ، ئەوەی تەنها توانی بۆ چەند مانگێک تەختی پاشایەتی بپارێزێت، بەو پێیەی لە ساڵی ٥٥٦ پێش زایین لە کاتی کودەتایەکی ناوخۆییدا چاوی بە مردنی خۆی کەوت و شۆڕشگێڕەکان پاشایەکیان بۆ وڵاتی بابل دانا ، ناوی (نبۆناهید)، "نبونیدس" (نبونهید) "نابۆنیدۆس" بوو، کە بە ڕواڵەت یەکێک بوو لە دەوڵەتمەدارە باڵاکانی سەردەمی "نەبوخودنەسر""نبوخذ نێر" ، وەک چۆن لە ساڵی ٥٨٥ پێش زایین نێردراوە بۆ یەکلاییکردنەوەی ناکۆکی نێوان مادییەکان(الماژيين) و شانشینی "لیدیا" (لە ئاسیای بچووک).
باوکی کە ناوی ”نێبۆ-بالاساواقبی“ "نبو ـ بلاێواقبی" بوو، یەکێک بوو لە ئاغا و دیارەکانی شاری حەران و دایکی سەرۆک پێشگۆکان -کاهین بوو لە پەرستگای خوداوەندی ”سین“ (خودای مانگ) لەو شارەدا ، و پێدەچێت لە بنەماڵەیەکی ئاشووری ئەرستۆکراتی بووبێت. ( لە دەقی بەردی گۆڕێکدا کە لە ناوچەی حەران دۆزرایەوە، ناوی دایکی ئەم پاشایە بە شێوەی ”ئاداد-کیبی“ هاتووە. لە بابەتی شانشینی ”سێمیرامیس“( سمیرامیس) باس لەوە کراوە کە هێرۆدۆت (کتێبی یەکەم: ١٨٨-١٨٤) باسی شاژنێکی تری بابلی دەکات کە شوێنی سێمیرامیسی گرتەوە، کە ناوی (نیتۆکریس)ە و دایکی پاشایە ”لاپێنیتۆس“ (گۆڕاوی نابۆنیدۆس).
مێژوونووسە نوێیەکانی نەوەی کۆن زۆر لایەنی کەسایەتی شا نابۆنیدۆس و بەرهەم و کارە گرنگەکانیان پشتگوێ دەخست و سنووردار بوون بە خولیای نەبونائید بۆ گەڕان بەدوای هەواڵی ڕابردوو و دەرهێنانی دەقە کۆنەکان کە لە شارە کۆنەکاندا نێژرابوون، ئەمەش وای لێکردن ناوی بنێن بە یەکەم شوێنەوارناس ، جگە لەوەش کاروباری دەوڵەتی پشتگوێ خستبوو و سەرنجی خۆی دابووە کاروباری پێشگۆکان و پەرستنی خوداوەندی مانگ (سین)لە شاری حەران، بەڵام ڕاستیی

بابەتەکە ئەوەیە کە دەقە نوێیە میخییەکانی بڵاوکراونەتەوە دەریانخستووە کە جگە لەوەش نەبونائید کارگێڕ و پیاوی دەوڵەت بووە بە پلە یەک، ئەوەی کە پرسە گرینگەکان سەرقاڵیان کردبوو و چالاکییەکانی ئاراستەی چارەسەرکردنیان دەکرد و ئەوەیش سروشتێکی ئایینی و ئابووریی هەبووە. لەسەر ئاستی ئایینی، پێویستە حەز و ئارەزووی نابۆنیدۆس بۆ پەرستنی خوداوەندی مانگ (سین) لە ژێر ڕۆشنایی ئەو ڕەوتە ئایینییە نوێیانەدا ببینرێت، کە بیروباوەڕی ئایینی لە میزۆپۆتامیا لە ئەنجامی پەیوەندی و کاریگەرییەکانی عیبری و میدییەکان و بە تایبەتی بڵاوبوونەوەی بۆچوونە یەکتاپەرستییەکان و کێبڕکێیان لەگەڵ بیروباوەڕی فرەخوداوەندپەرستی و هاوبەشپەرستی و پەرستنی بتەکان، کە تایبەتمەندی باڵادەستی ئایینی شارستانیەتی میزۆپۆتامیایە، بۆیە ئەم بزووتنەوە نوێیانە بوونە هۆی ئەوەی کە "تیبۆنیدس" گۆڕانکاری لە بیروباوەڕ و ڕێوڕەسمی ئایینی بکات ، بۆ کەمکردنەوەی توندی بارودۆخەکە بە بەناوەندکردنی پەرستن لە دەوری خودای مانگ بە ''سین''، بەڵام بەبێ ئەوەی واز لە پەرستنی خوداوەندەکانی تر بهێندرێت. سەبارەت بە ئەزموونی ئەو لەگەڵ ئەم خوداوەندەدا، ئەوە لە هۆکاری خێزانی و نەتەوەییەوە سەر هەڵدەدات.

داپیرەی لە لای باوکییەوە، هەروەها باوک و دایکی، پێشگۆی ئەم خوداوەندە بوون لە حەران. پاشان، پەرستنی خوداوەندی مانگ پەرستنی پەسەندکراو بوو لە نێوان گەلە کۆچەرییە سامییەکان بە لە ئارامی و عەرەبی، بە پێچەوانەی پەرستنی خوداوەندی بابلی ''مەردوک''، کە دەگەڕێتەوە بۆ بنەچەی سۆمەری دوور لە ئارەزووەکەیان.

(لە دەقی بەردی گۆڕێکدا کە لە ناوچەی حەران دۆزرایەوە، ناوی دایکی ئەم پاشایە بە شێوەی ''ئاداد-کیبی'' هاتووە. لە بابەتی شانشینی ''سێمیرامیس''( سمیرامیس) باس لەوە کراوە کە هێرۆدۆت (کتێبی یەکەم: ١٨٨-١٨٤) باسی شاژنێکی تری بابلی دەکات کە شوێنی سێمیرامیسی گرتەوە، کە ناوی (نیتوکریس)ە و دایکی پاشایە ''لاپێنیتۆس'' (گۆڕاوی نابۆنیدۆس). )

بۆیە گرینگییەکانی ئاراستەی پەرستگاکانی خوداوەندی سین کرد، هەوڵێکی زۆری بۆ پەرستگاکەی لە شاری ئور دا، وەک لە هەڵکۆڵینە شوێنەوارییەکان لەم شارەدا دەرکەوتووە.

جگە لەوەش، گرنگیدانی نابۆنیدۆس بۆ شاری حەران و ناوچەی حەران لایەنێکی گرنگی دیکەی گرنگیدانەکەی بوو، ئەویش گرنگییە بازرگانییە گەورەکەیە، کە یەکتربڕینێکی ڕێگا بازرگانییە گرنگەکانە و یەکێکە لە کلیلەکانی بازرگانیی جیهانی بۆ بەندەرەکانی دەریای ناوەڕاست و ئاسیای بچووک ، بەڵام شاری حەران لە ساڵی ٦١٠ پێش زایینەوە لە ژێر دەسەڵاتی مادییەکان- الماژیین- بوو، بۆیە نابۆنیدۆس هاوپەیمانی لەگەڵ پاشای نوێی فارس کوروشی دووەم کرد کە دەوڵەتی مادییەکانی لە فارسدا لەناوبرد، بە پێی ئەو ڕێکەوتنە، لە ساڵی ٥٥٣ پێش زایین حەرانی دەستکەوت، و لەوێ دەستی بە کاری بیناسازی کرد، بە تایبەت لە پەرستگای خوداوەندی ''سین''. بەڵام هاوپەیمانی نابۆنیدۆس لەگەڵ کوروش زۆری نەخایاند، چونکە کوروش شانشینی خۆی لە ڕێگەی داگیرکردنی ناوچەدوورەکانەوە فراوانتر کرد و لە ماوەی دە ساڵدا بوو بە ئیمپراتۆریەتێکی فراوان ، کە تێیدا لەناوچە زۆرەکاندا ناوچەی "کیلیکیا"ی گرتەوە، کە سەر بەخاکی بابل بوو و ئەمەش بووە هۆی کۆتایی هاتنی هاوپەیمانی نێوانیان و نابۆنیدۆس لایەنگری شانشینی لیدیا و هاوپەیمانەکانی بوو لە میسرییەکان و ئەوانی ترەوە. بەڵام ئەم هاوپەیمانانە نەیانتوانی یارمەتی کرۆسۆس (قارونی بەناوبانگ) پاشای لیدیا بدەن، چونکە کوروش شانشینیەکەی لە (٥٤٧ پێش زایین) لەناوبرد.

دوای ئەوە ڕووی لە بابل کرد کە کەوتبووە حاڵەتێکی لاوازییەوە و وابوو نەیتوانی نەیتوانی لە دژی بوەستێت ولە (٥٣٩ پێش زایین) بابلی کەوتە دەست.

گرنگیدانی نابۆنیدۆس بە حەران و دوورکەوتنەوەیەکی درێژخایەنی لە شانشینی لە باکووری نیمچە دوورگەی عەرەبی، نارەزایی گشتی و یاخیبوونی لە سەرانسەری شانشینی خۆیدا دروستکرد، کە لە پێشەنگیدا دانیشتوانی شارە گەورەکانی وەک بابل، بورسەبا، نەفەر، ئور، ئوروک بوون ، لارسا و ئەوانی تر، وەک نابۆنیدۆس خۆی پێمان دەڵێت.
بارودۆخی ئابووری و ژیان تێکچوو، ئەمەش لەگەڵ بڵاوبوونەوەی وشکەساڵی و بەرزبوونەوەی زۆری نرخەکان بوو، کە لە نێوان ساڵانی ٥٦٠ بۆ ٥٥٠ پێش زایین گەیشتە ٥٠% بەڵگەنامەکانی ئەو قۆناغە دەتوانن ئەو قەیرانە ئابوورییە گەورەیە دەستنیشان بکەن.

نابۆنیدۆس لە مێرگی تایماء:
نابۆنیدۆس بە چەندین شێوە هەوڵیدا ئەم قەیرانە ئابوورییە چارەسەر بکات، لەوانە هەوڵی بەدەستهێنانی سەرچاوەی نوێ لە ڕێگا بازرگانییەکانی باکووری نیمچە دوورگەی عەرەبی کە لە باشوورەوە دەهاتن، دوای ئەوەی ڕێگا بازرگانییەکان لە ڕێگەی وڵاتی شام و بەندەرەکانی دەریای ناوەڕاستەوە.
بۆ ئەم مەبەستەش دەستی بەسەر مۆڕێەکانی ڕێڕەوی بازرگانی لە باکووری نیمچە دوورگەکەدا گرت، وەک چۆن سەرکردایەتی سوپایەکی کرد و بە بیابانی شام ومێرگی بەناوبانگی ''تایما''ی گرت (کە لە دەقەکانیدا بە ناوی تەما Tema ئاماژەی پێکراوە)، لەوێشدا میرەکەی کوشت و بۆ ماوەی دە ساڵ کردی بە ناوەندی حوکمڕانی، کوڕەکەی بەسەر شانشینی بابلدا بەجێهێشت.
کوڕەکەی ناوی ''بەل شاسر'' (BEL- SHAR- USSUR))(٩). پێش تەیما، ئەو ومێرگەی دیکەی گرتبوو کە لە ناوی ''ئەدومو'' ئاماژەی پێکراوە ( کە دومەت ئەلجەندەل ( دومە الجندل)) ە ، دەکەوێتە نزیکەی ٢٨٠ میل لە ڕۆژ هەڵاتی عەقەبە و لە دەستی هێزێکی ئاشووریدا بووە.
لە دەقە نوێیەکانی لە حەران (١٠) دۆزراونەتەوە وەرگیراوە کە نابۆنیدۆس کۆنترۆڵی ومێرگەکانی دیکەی لە باکووری دوورگەکە و لە باشووری تیمادا گرتووە، لەوانە ومێرگی یاتریبو، واتە یەسریب ("یتریبو" YATRIBU ڕی ییرب (المدینە)) لەومێرگانە سەربازی دامەزراندووە، هەروەها نشینگەی دامەزراندن وکەسانێکی خەڵکی شام ولە دیلە بابیلیەکانی تێدا نیشتەجێکردن .
پێدەچێت دوورکەوتنەوەی درێژخایەنی نابۆنیدۆس لە بابل سەرچاوەی ئەو ئەفسانەیە بووبێت کە سەبارەت بە کۆتایی نەبوخودنەسری پاشا سەریهەڵدا، بەپێی پروپاگەندەی جولەکەکان (کتێبی دانیال، ٤: ٢٨-٣٣)، کەدەڵێت لە دواجاردا پاش ساڵانێک لە حوکمڕانییەکەیدا شێت بووە ، بە شێوەیەک کە ئەو تۆمەت و پروپاگەندەیە و بوختانی نەیارانی لەپێشگۆکانی خۆی بە تایبەت ئەوانەی دڵسۆزیان بۆ فارسەکانەبوو، بۆ نابۆنیدۆس هەڵیان بەستابوو، بەتایبەتی بۆ کەسایەتی نەبوخودنەسر بە مەبەستی ناشرینکردنی، بە لەبەرچاوگرتنی ئەو دوژمنایەتی و ڕق و کینەیەی کە جولەکەکان بەردەوام هەیانبوو هەر لە دیلییەتیی بابلییەوە بەرانبەر ئەو پاشایەی کە شانشینی ئەوانی لەناوبرد.

وەک ئاماژەمان پێدا، نابۆنیدۆس بەناوبانگ بوو خولیای لێکۆڵینەوە لە هەواڵی پاشاکانی ڕابردووی هەبوو، بەو پێیەی لە ڕاستیدا بناغەی هەندێک پەرستگا و زیگوراتی لە ژمارەیەک شاری بەناوبانگی بابل هەڵکەندووە، وەک سپار و ئور.
ڕەنگە ئەمە دەرکەوتنی مەیلی دوایین سەردەمی بابلی بێت بۆ دەرهێنانی دەقە کۆنەکان و لێکۆڵینەوە لە هەواڵی ڕابردوو و کۆکردنەوەی شوێنەوارە کۆنەکان لە کۆشکەکانی پاشایەتیدا، کە بەشێکیان تەرخانکرابوون بۆ خزمەتکردنیان وەک مۆزەخانە. کۆشکی باکووری "نەبوخودنەسر" و کۆشکی نابۆنیدۆسی کوڕی، کە ناوی "بێل -شەلتیی-نانا" "بیل ــ شلتی ــ ننا" بوو، ئەو ژنە مێپێشگۆی باڵا بوو لە پەرستگای خوداوەندی مانگ سین لە شاری ئور.
لە کۆشکی یەکەمدا، هەڵکەندنکارە ئەڵمانییەکان لە بابل پاشماوە شوێنەوارییەکانی سەردەمی کۆن و وڵاتانی بیانییان دۆزیەوە، شێرە بەناوبانگەکەی بابل خۆی وا لێکدەدرایەوە کە لەنێو ئەو دێرینە بیانیانەدا بێت، کە پاشا نەبوخودنەسر لە یەکێک لە وڵاتانی بیانییەوە گواستوویەتییەوە.
هەروەها لە کۆشکی کچی نابۆنیدۆس لە ئور، شوێنەوارەکانی سەردەمی جۆراوجۆری کۆن دۆزرایەوە، لەوانە بەردی سنووری سەردەمی کاسی- الکشی ، پارچەی پەیکەری شا شولگی و پووچەکییەکانی پاشاکانی شانشینی لارسا.

دیارترین پاشاکانی کلدان، نوسەر: تەها باقر، سەرچاوە: پێشەکییەک بۆ مێژووی شارستانییەتە کۆنەکان، لاپەڕە: لاپەڕە ٦٠٢-٦١١
ابرز الملوک الکلدانیون،ملوک الکلدانیون،المؤلف : طه بـاقر
المصدر : مقدمه فی تاریخ الحچارات القدیمه، الجزء والصفحه : ص٦٠٢-٦١١




دواتر دەوڵەتی فارسیی ئەخمینی هاتن (٥٣٩-٣٣١ پ.ز) ودواتر ئەسکەندەری مەکدۆنی و جێنشینەکانی لە سلوکیەکان (٣٣١-١٢٦ پ.ز) بەناوی (Seleucus) ،یەکێک بوو لە سەرکردەکانی ئەسکەندەر،کەوا دوای مردنی ئەسکەندەر لە (٣٢٣ پ.ز) کەوا بەشی هەبوولە ئیمپراتۆرییەکەی.[2] دواتر فرثییەکان (فرثیون)

---

[2] تەها باقر لە( دیارترین پاشاکانی کلدان- پێشەکییەک بۆ مێژووی شارستانییەتە کۆنەکان، لاپەڕە: (ل٣٨٧) . دەنووسێت:سەردەمی ئەسکەندەری مەکدۆنی :

لە ساڵی ٣٢٧ پ.ز ئەسکەندەری مەکدۆنی لە ئیرانەوە ، بەرزاییەکانی (هندوکوش) ی بڕی و چووە هیند ، بۆ ماوەی ساڵێك لە ناوچەکانی باکووری ڕۆژئاوای سەر بە ئیمپراتوریەتی فارسی جەنگا ، تا بە سەریان زاڵ بوو دەرامەت و زێڕی چەنگ کەوت ، لە ٣٢٦ پ.ز چووە (سند) و هەرچی هاتە سەر ڕێگای لەگەڵی جەنگا ، سوپای شا (پورەس – Porus) ی هیندی هاتە سەر ڕێی ، بەڵام سوپا و فیلەکانی تێکشکان .

دوای ئەم سەرکەوتنە ، ئەسکەندەر سەرسام بوو بە ئازایەتی پور و هەموو ئەو ناوچانەی داگیری کرد بوو خستە بەر دەست ئەو پور بە دڵخوازی مایەوە . دەستەڵاتی مەکدۆنیان دوای مردنی ئەسکەندەر زۆر نەمایەوە میر (چاندرا گوپتا – Chandra gupta) (٣٣٢ – ٢٩٨ پ.ز) دژی

مەكدۆنیان وەستا و بە سەریاندا زاڵ بوو ، بنەماڵەیەكی مەزنی دروست كرد ، هیند و ئەفگانستانی فەرمانڕانی (حوكم) كرد بۆ ماوەی ١٣٦ ساڵ (٣٢٢ – ١٨٥ پ.ز) ، ئەمەش بنەماڵەی مورایا (Muraya) بوو ، بووە ئیمپراتۆریەتێكی گەورە ، هاو سەردەمی فەرمانڕانی سلوكیەكان بوو لە سوریا و عیراق و پەیوەندی لەگەڵ هەبوون .

باڵیۆزی سلوكی (Megasthenes) كە هاتە پایتەختی ئەم شانشینیە (پاتالیپۆترا - Pataliputra) پایتەختی شانشینی (مگازا) ی پێشوو ، سەرسام بوو بەم شارستانیە و ڕێكوپێكی یاساكانی .

شاری (تاكسیلا – Taxila) لە نێو دوو هەزار شاردا هەرە بە ناوبانگە كە بوو بیست میل لە شاری (راولبەندی) نوێ دوورە . لەم بنەماڵەیە شا (ئەسۆكا – Asoka) (٢٧٣ – ٢٣٧ پ.ز) بە ناوبانگ بوو ، ئەم پاشایە باوەڕی بە بودایی هێنا و كردیە دینی شانشینیەكە و زۆر بە هیندی لە بن دەستدا بوو ، میردارییەكەی (٢٨) ساڵی خایاند ، ئەم شایە نەخۆشخانەی دروست كرد زانكۆی دروستكرد ، باخچەی گشتی دروست كرد ، كێڵگەی تایبەتی تەرخان كرد بۆ گیا دەرمانی و پزیشكی . وەزارەتێكی دانا بۆ كاروباری بەرەی دوورخراوان (المنبوذین) ، ئافرەتی فێری خوێندن كرد ، بایەخی بە نووسین و كتێب دانان دا و رەخنەی ئاینی پەرە پێدا هەتا لە بوودایەتی و خرافات و ئەفسانەكان ، نێردەی مژدەكاری (تبشیر) نارده كشمیر و فاری و سیلان و ئەسكەندەریە . دوای ئەوەی كاهینەكانی (براهمانی) دژی چاكسازیەكانی وەستان وە بەرە بەرە جێی بودیان گرتەوە ، ناچار بوودیەكان چوون بۆ چین و سیام و بورمە و یابان ، لەو شوێنانە پەرەی سەند و گەشایەوە و بوو بە ئایینی سەردەستە .

(Parthians) یا ناسراو بە ئەرشاکییەکان (Arcasids) ، (١٣٨ ( یا(١٢٦پ.ز-٢٢٦ ز) و لەدواکایە ساسانیەکان (٢٢٦-٦٣٧ ) وبەهاتنی موسڵمانان کۆتایی هات لە (شەڕی قادسیە( ٦٣٧ ز).سەردەمی سلوکییەکان لە عیراق (٣١١ – ١٢٦ پ.ز)لە لایەنی مێژووی بیرکاریدا لە شارستانی میسۆپۆتامیادا بە چاخی دووەم دادەندرێت لە دوای چاخی کۆنی بابلی لە ڕووی نووسینەوەی دەقی بیرکارییدا.

---

## ئایینی بابلی و ئاشووری




## پێشەکی

ئایین لە پێشەوەی کۆڵەکانی شارستانیەتی هەر نەتەوەیەک دایە، جا شارستانیەتەکەی پێشکەوتووبێت، یان دواکەوتووبێت ، توخمێکی گشتییە، کە هەموو جۆرە شارستانییەکان هاوبەشی دەکات، بەبێ گوێدانە پلە و پایەیان لە پلیکانەی پێشکەوتندا . سەرچاوەیبەهاکانی مرۆیە و ئیلهام و ئاراستەیە بۆ هونەر و ئەدەب و ڕەفتار و ڕەوتەکانی لە ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابووریدا، دانیشتوانی کۆنی عێراقیش لە ئەمە لانادات ، لەوانە سۆمەرییەکان و بابلییەکان و ئاشوورییەکان، کە بۆ ئەوان ئایین پلەی یەکەمی لە ژیانی گشتی و تایبەتی خۆیاندا هەبووە.

لەم ڕوانگەیەوە باشترین نموونەیە بۆ لێکۆڵینەوە لە کاریگەری ئایین لەسەر ژیانی

گروپ و تاکەکان هەڵبژێردرێت و زیادەڕەوی ناکەین ئەگەر بڵێین مێژوو و شارستانیەتی عێراقی کۆن دژوارە، تەنانەت مەحاڵە تێبگەین مەگەر پێش هەموو شتێک لێکۆڵینەوە لە ئایین نەکرێت، بەو پێیەی دزەکردنی ئایین و کاریگەرییەکەی بۆ هەموو لایەنەکانی شارستانیەتییەکەی گەیشتوەتە ئاستێک کە هەموو زانین و زانست و ئەدەبیاتەکەی ناتوانرێت سەربەخۆ لە ئایین لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێت، بەجۆرێک کە ڕاست بێت بۆ ئەوەی شارستانیەتی عێراقی کۆن وەک شارستانیەتەکانی تری ڕۆژهەڵاتی کۆن بە "شارستانیەتی ئایینی" ناوببەن.)).

بۆ نمونە خوداوەند پادشای ڕاستەقینە بوو ، حوکمڕانی شار و وڵاتی دەکرد و حاکم و پاشاکان جگە لە جێگرەکانی هیچی تر نەبوون و نوێنەرایەتیان دەکرد لەسەرئەم خاکەدا و بە ناوی ئەوەوە حوکمیان دەکرد و ویستی ئەویان جێبەجێ دەکرد.
پەرستگاکەی گەورەترین بینای شارەکە بوو و شوێنی ژیانی شارستانی بوو، یانەیەکی کۆمەڵایەتی و ئایینی خەڵک بوو، تیایدا پاشاکان تاجیان لەسەر دادەنرا، ئاهەنگەکانی تیایدا ئەنجام دەدرا، خەڵک دادیاریان تیایدا دەکرا، تۆمارەکان، گرێبەستە بازرگانییەکان و تۆمارەکانی ئاداب و مێژوو تیایدا دانرابوون، کتێبخانەیەکی گشتی و شانۆ و قوتابخانەیەک بوو کە خەڵک فێری نووسین و زانیاری لەسەر ئەو سەردەمە دە بوون لە ڕێگەی سەرپەرشتیاران وپێشگۆکارانی. خوداوەندی شار یان شانشینی لەگەڵ سوپاکانیدا هاوبەشی شەڕی دەکرد، کاتێکیش سوپا سەرکەوتوو دەبوو، ئەویش سەرکەوتوو دەبوو، کاتێکیش شکستی دەهێنا و دەگیرا، بەڵام چ شەرمەزارییەکە بۆ ئەو شارەی کە خوداوەندەکەی دەگیرا.

هەر دیاردەیەکی سروشتی وەربگرە، وەکو گرمەی هەورەتریشقەو برووسک و ڕەشەبا، خۆرهەڵاتن، با، خۆرگیران و هتد، بۆت دەردەکەوێت هۆکارەکانی ڕوودانی جگە لە ئیرادە وویستی خوداوەندەکان هیچی تر نین. پاشان هەرچی بەسەر تاکدا دێت، جا چاکە یان خراپە، قەدەری خوداوەندەکانە بۆ مرۆیان دیار کردووە. جیهانی بابلیەکان پڕ بوو لە گیان و جنۆکە ودێوودرنج، لەلایەن خوداوەندەکانەوە بۆ سزادانی گوناهباران دروستکرابوون.

پێش ئەوەی دەست بکەین بە لێکۆڵینەوە لە ئایینی بابلی، دەبێت ئاگاداری واتای ئەم توخمە گشتییە بین لە هەموو شارستانیەتەکاندا، و پێناسەیەکی گشتگیری بۆ بدۆزینەوە، کە لە کارپێکردنیدا ڕەوا بێت.

ئەگەر بە شێوەیەکی ورد و هەمەلایەنە ڕاستیی ئایین شی بکەینەوە، بۆمان دەردەکەوێت ، ئایین لە دوو کۆڵەگە پێکدێت :

١-باوەڕ هێنان بە بوونی بوونەوەرێک ، یا چەندان بوونەوەری سەرووی مرۆ ، یا هێزەکانی سەرووی سروشت .

٢-باوەڕ بوون بەوەی دەشێ مرۆڤ ، بەڵکو ئەرکە لەسەریان ، پەیوەندیان هەبێت لەگەڵ ئەم بوونەوەرە ، یا ئەم بوونەوەرە باڵایانە ، یا ئەو هێزانەی سەرووی سروشت .

ئەمە پێناسەیێکە ، هەموو شێوە جیاجیاکانی ئایینان دەگرێتەوە ، یاریدەی توێژەر دەدات هەر دینێکی بیەوێت شی بکاتەوە ، بە شی کردنەوە ئاین بۆ پێکهاتە و ڕەگەزەکانی ، کە ئەمانەن : ١-باوەڕەکان . ٢-پەرستنەکان . ٣-سیستەم و ڕێسای ئاکاری . ٤-دامەزراوە و ڕێکخراوی دینی .

بەپێی ئەم ڕێبازە شیکارییە باس لە ئایینی بابلی دەکەین سەرەتا بە کورتەیەک لە باوەڕەکان وتایبەتمەندییە گشنییەکان دەست پێدەکەین:

١- سەرەتا:

زانیاریی ئێمە لەسەر ئایینی بابلی لەو سەردەمە مێژووییانەی تێناپەڕێت کە لەناو دانیشتوانی کۆنی عێراقدا سیستەمێکی ئایینی پێگەیشتوو و ئاڵۆز دەبینیتەوە سەبارەت بە سەرەتای ئەم سیستەمە و قۆناغە سەرەتاییەکانی پێیدا تێپەڕیوە پێش ئەوەی گەشە بکات و پێشبکەوێت و بگات بەو دۆخەی کە ئێمە تێیدا دەیناسین لە سەردەمە مێژووییەکاندا، هیچ ڕێگەیەک نییە بۆ ئەوەی بە زانیارییەکی دیاریکراوەوە بیناسین لەبەر ئەوەی ماوەیێکی دوورودرێژخایەن و نادیار بە سەرئەو سەرەتایە تێپەڕیوە، ئێمە بە دڵنیاییەوە نازانین، بۆ نموونە ئایا بابلییەکان ئایینیان لەسەر بنچینەی جادووبووە، یان سەرچاوەکەی لە باوەڕبوون بووە بە بوونی گیانێک، یان هێزێک لە هەموو شتەکاندا و لە دیاردە سروشتییە گشتییەکانداهەبووە،واتە:

**(بنەمای زیندوویی (ئەنیمیزم) ( Animism )،**

بنەمایەکە کاریگەری بەهێزی لەسەر بنچینەکانی ئایینی بابلی دەبینین، هاوشێوەی ئایینەکانی تر. ئەوەی ئەو سەختییە زیاتر دەکات کە مرۆڤ ڕووبەڕووی دەبێتەوە لە

زانینی سەرەتای ئایینی بابلییدا ئەوەیە ، لە سەردەمی پێش مێژووەوە زۆرێک لە نژادە مرۆییەکان لە عێراق نیشتەجێ بوون.

ئەمەش بە درێژایی سەردەمە مێژووییەکان بەردەوام بوو و شارستانیەتییەکەی بە ئایینیشەوە بەرهەمی ئەو هەوڵانە بوو کە زیاتر لە تو نژادێک ئەنجامی دابوو، وەک سۆمەرییەکان کە زۆرترین پشکیان لە بنچینەکانی شارستانییەتی کۆنی عێراقدا هەبوو و سامییەکان کە زاڵ بوون بەسەر زۆرینەی ڕۆژهەڵاتی نزیک و کاریگەری خۆیان لەسەر جێهێشت.

ئەمەش بەو مانایەیە کە توێژەر ئەستەمە توخمەکانی شارستانیەتی شی بکاتەوە و لێکیان جیا بکاتەوە ، ئەوەی دەگەڕێتەوە بۆ سۆمەرییەکان کامەیەو چی دەگەڕێتەوە بۆ سامییەکان. هەرچییەک بێت، دەبێ ئایینی بابلی سەرەتایەکی سادە وساکاری هەبووبێت و ماوەیەکی دوور و درێژی تێپەڕاندبێت تا گۆڕاوە و گەشەی کردووە بۆ ئەو حاڵەتەی کە لە سەردەمە مێژووییەکاندا لە دەوروبەری ناوەڕاستی هەزارەی سێیەمی پێش زاییندا پێیگەشتووە.

**٢- بەردەوامیی مێژوویی:**

ئەوەی ئایینی بابلی جیادەکاتەوە، بەردەوامیی مێژووییەتی،دو ای پێگەشتنی لە رووی بنج وبنچینەکانی گۆڕانکاریی بەسەردا نەهات،لە ماوەی چاخە مێژووییە دوورو درێژەکانی بەسەر عیراقدا هات،تا لەناوچوونی بابلییەکان( لە نزیکەی سەدەی شەشەمی پ.ز) .خوداوەندەکانی بابلییەکان پەرستوویانە لە چاخە مێژووییە دواییەکان،هەمان خوداوەندەکانن ،کەوا سەردەمە کۆنەکاندا پەرستوویانە.

گەرهەر گۆڕانکارییەک هەبێت ئەوا لە پەیوەندی خوداوەندەکانە لەگەڵیەکتریان. پەیوەندیی خواوەندان ، بەیەکەوە ، لەڕووی پلە و پایە ، پەیوەندی هەبوو بە گۆڕانە سیاسییەکان ، بۆ نموونە ، کە شارێک هێزی سیاسی دەبێت و شارەکانی دیکە بندەست دەخات ، ئەوکاتە خواوەندەکەی پلەیەکی بەرزتری دەبێت لەوانەی دیکە ، بەمجۆرە پێشگۆکان -کاهینەکان پەیوەندی ئەم خواوەندە بە خواوەندانی دیکە دەگۆڕن .


البحر الأسود
البحر الأسود
السكوثيون
بحر قزوين
التراقيون
يابونيا
مقدونيا
ايبروس
دُويلات المدن
الإغريقيَّة
أثينا
كورنث
اسبرطة
كريت
المملكة الليديَّة
ساردِ
ملطيَّة
أبيدوس
كيزيكوس
بيزنطة
خلقدونية
طيوم
سينوب
(إغريقيَّة)
الكيميريُّون
أنقرة
كرديوم
سيلاينيه
فاسيليس
رودس
طرابزون
(إغريقيَّة)
مملكة
أورارتو
(قبل سنة 712 ق.م)
كانيش
تشپه
مرعش
سمعال
طرسوس
كركميش
ارپاد
حرّان
گوزان
تل برسيب
نصيبين
مصاسر
دور شروكين
نينوى
أربلاء
كالح
أشور
أرّاپاخا
هگمتانه
قبرص
سالاميس
پافوس
كركر
حماة
أرواد
تدمر
أناتو
جُبيل
صيدون
صور
دمشق
أوپس
سيپار
كوثا
بابل
كيش
بورسيبا
نيبور
السوس
الوركاء
أور
البحر المُتوسِّط
شحات
الليبيُّون
السامرة
بيت المقدس
التكه
عسقلان
رفح
اليهوديَّة
القرما
صا الحجر
تل بسطة
عين شمس
منف
السلع
دُومة الجَندل
واحة سيوة
اهناسيا
شبه جزيرة سيناء
المملكة المصريَّة
العمارنة
أسيوط
الفرعونيَّة
أبيدوس
طيبة
(قبل سنة 671 ق. م)
الإمبراطوريّة الآشوريّة - 824 ق. م
الإمبراطوريّة الآشوريّة - 671 ق. م



له سەردەمی حەمورابی بابل بوو بە پایتەختی ئیمپراتۆرییەتێکی گەورە ، پێشتر شارێک بوو وەک شارەکانی دیکە ، لە سەردەمی نوێ ، پایەی خواوەندەکەی (مەردوخ) ، بەرز بوویەوە ، پێشتر لەچاو خواوەندانی دیکە نزم بوو ، بۆیە لە چاخی نوێ پلە و پایەی مەردوخ گۆڕا لە نێو کۆڕی خواوەندانی بابلی . ئەو کات بە ئاسانی پێشگۆکانی بابل ڕایانگەیاند : مردۆخ لە ڕەچەڵەکی خواوەند (ئیا) یە ، خواوەندی پەندزانی و زانیاری ، کە پیرۆزترین خواوەندانی بابل بوو ، مردۆخیان کردە کوڕی ئەو .



بەڵام خواوەندانی مەزنی وەک : (ئانو) و (ئنلیل) ، مەردوخیان ڕاسپارد فەرمانڕانی خەڵک – مرۆ بکەن .

ئەوەتا حامورابی خۆی باسی ئەم گۆڕانکاریانە دەکات ، لە پلە و پایەی مەردوخ ، لە دێڕی یەکەمی پێشەکی ڕێسازییەکانی (شرائع) ، دەڵێت : لەو کاتەی (ئانو) ی مەزن

.. و (ئنليل) پەروەردگاری ئاسمان و زەوی ، ئەوەی چارەنووسی خەڵکی بەدەستە (پەرسکاران) ، ویستیان دەستەڵات بدەنە مەردۆخ ، نۆبەرەی (ئیا) تا فەرمانڕانی خەڵک بکات . لەو کاتەیدا کەوا ناوی بابل لەسەر زەوی گەورە و مەزن بوو ، خواوەندان شانشینییێکی پتەویان تیا دامەزراند .. ئەو کاتە (ئانو) و (ئنليل) ، منیان ڕاسپارد .. من حامورابی.. تا دادپەروەری بڵاوبکەمەوە لەنێو خەڵک و خراپە و زۆرداریی و ستەم لاببەم و ڕێنەدەم بەهێز ، بێهێز بچەوسێنێتەوە ، .. هتد )).



بەمجۆرە پێشگۆکان زۆر لە باوەڕ و دەقی دینیان گۆڕی بۆ ئەوەی مەردۆخ ببێتە خواوەندی مەزنی وڵات ، خواوەندانی دیکە ، هەرچەند پیرۆزی پێشوویان مایەوە ، بەڵام وەک حەمورابی لەپێشەکی ڕێسازییەکەی وتی و لە (چیرۆکی ئەفراندن – قصة الخليقه) دا هاتووە ، خواوەندان وازیان لە زۆر لە مافەکانیان هێنا بۆ مەردۆخ . هەمان شت لە سەردەمی ئیمپراتۆریەتی ئاشووری ، سەبارەت خواوەندی ئاشووری (ئاشوور) دەوترێت ، چۆن لە خواوەندێکی ئاسایی بوو بە خواوەندی مەزن لە سەردەمی دەستەڵاتی سیاسی ئیمپراتوریەتی ئاشوریدا .

## ٣- فرەخوداوەندیی لە ئایینی بابلیدا

-ئایینی سۆمەری و بابل و ئەکەدی و ئاشووری ، ئایینی فرەخواوەندین (تعدد الالهه – Polytheism) خواوەندانی بابل بە هەزارانن ، فەرهەنگێکی (قاموس) گەورەیان لێ پێکدێت. لیستیان بە ناوی خواوەندانیان نووسیوە . کاهینەکانیان کۆڕی خواوەندانیان ڕێکخستوە و پەیوەندیان بەیەکەوە دیاری کراوە و ئەرک و دەستەڵاتی هەر یەکەیان دیارکراوە ، هەروەها ئاسمانیان دابەش چەندان ناوچە و کەلو – برج کردووە و لە هەر یەکەیان خواوەندێکیان داناوە .



هەر دیاردەیێکی گرنگی گەردوون و هەر کار و بارێکی ژیان خواوەندێکی تایبەتی هەیە ، ل ٤ ، پەندزانی و زانیاری خواوەندێکی هەیە ، خۆر خواوەندێکی هەیە ، مانگ – هەیڤ خواوەندێکی هەیە ، جەنگ خواوەندێکی هەیە ، تاعون و نەخۆشیەکان خواوەندیان هەیە ، بروسک و گرمەی هەور خواوەندێکی هەیە .. هتد .



بابلییەکان بەدرێژایی مێژوویان ،گەشتنە ئەو ئاستەی

- بە مەزن دانانی خواوەندێک لەنێو ئەنجومەنی خواوەندان و پایەی بەرز پێبەخشین ، وەک بۆ مەردۆخ کرا لە سەردەمی حەمورابی ، ئەم دیاردەیە پێی دەوترێت:

**بە تاکە مەزن دانان (التفريد) (Henotheism)** واتە لەنێو خواوەندان یەکێک دەکرێتە مەزنی هەمووان .

## ٤- زیندەگەری(الحيويه )(Animism) و مرۆیاندن (کەساندن)(لەیەک چواندن) ــو (التشبيه– الترنس) (Anthropomorphism)

یەکێک لە تایبەتیەکانی ئایینی بابلی و پێش ئەویش سۆمەری بنەمای زیندەگەری یە: واتە باوەڕ بوون بە هەبوونی هێزێک یا گیانێک لە هەموو دیاردە سروشتییەکاندا . تەنیا بابلییەکان ئەم بیر و بۆچوونەیان نەبوو ، بەڵکو زۆر لە نەتەوەکان شارستانیەکەیان بەم قۆناخەدا ڕەتبوو بوون ، هەشیانە هێشتا لەم قۆناخەدا دەژین . . خواوەندانی بابل لە بنجدا بەرجەستەکردن ، تەنپێبەخشین ، یا نواندنی دیاردە سروشتییە جیاجیاکانن . ژیان خۆی هێزە ،بە پێچەوانەش، ژیان لە هەموو چەشنە هێزێک و وزەیێکدایە ، لە مانگ و خۆر و باران .. هتد، گیان هەیە . خواوەندانی مرۆ دەیانپەرستن ، لەم چاخەی شارستانیدا ، تەنیا ، چەندان شێوەی هێز ، یا نوێنەری دیاردە سروشتییە جیاجیاکانن . خواوەندی بابل (ئینلیل) خواوەندی هەوا و کەشە ، شمش(شمس) خۆرە ، دەشێ بڵێین : خواوەندانی بابلی ، کەوا دیاردە سروشتییەکان دەنوێنن ئەوەندەی ئەم دیاردانە زۆر بوون . ئاینی بابلی گەیشتە قۆناخێک ، هێزە سروشتییەکانی گلدایەوە و هەرە کاریگەرەکانی لە ژیانی خەڵک هەڵبژارد ، وەک : خۆر ، مانگ ، کەش و هەوا .. هتد .

## - مرۆیاندن (کەساندن)(لەیەک چواندن) ــو (التشبیه– التأنس)
## (Anthropomorphism)



تایبەتمەندیێکی دیکەی دینی بابلی ، بوونی دیاردەی مرۆیاندن (کەساندن) ی دیاردە سروشتییەکانە (Anthropomorphism) (مذهب المشبهة) (مبدأ التأنس) ، مەبەست ئەو بیر و بۆچوونەیە ، سیفەتەکانی مرۆ (گیانی و مادی) وەک وێنە و ئەندام و بیرورِا دەداتە خواوەندەکان (دیاردە سروشتییەکان) وەک مرۆیان دەبینێت . سۆمەری و بابلی سیفەتە مرۆییەکانیان – هەموو سیفەتەکان – دەدایە خواوەندەکانیان ، خواوەندەکان (دیاردە سروشتیەکان) هەست و سۆز و خواستیان هەیە وەک مرۆ ، دەژین و دەخۆن و دەخۆنەوە و هاوژین – هاوسەریان دەبێت و زاوزێ دەکەن و منداڵیان دەبێت و لە خانوودا دەژین ، پەرسگەکانی بۆ ئەوان دروست کراون ، خزمەتکار و چێشتلێنەر و پێشگۆکار (کاهن) یان تیایە ، هەر خواوەندێک هاوژین یا چەندان هاوژین و دۆست و دڵخوازیان هەیە و کچ و کوڕیان هەیە .. هتد . لە دیاردەکانی سیفەتی لەیێکچواندنیش ، بە خواوەند دانانی پادشا مەزنەکانیانە ، کە لە ژیاندان و دوای مردنیان ، ((نرام – سین)) پادشای بنەماڵەی ئەکەدی بەناوبانگ ،کرایە خواوەند ، هەروەها زۆر لە

پادشایانی بنەماڵەی ئوری سێیەم ، بۆ ئەم پادشایانە پەرسگە لە تەنیشت گۆڕەکانیان دروستدەکرا بۆ پەرستنیان .

کەواتە گەر خواوەندان ، سیفەتەکانی مرۆیان هەبێت ، جیاوازیان چیە لەگەڵ مرۆ ؟ وەڵام ئەوەیە خواوەندان چەندان سیفەتیان جیایە لە مرۆڤ ، وەک نەمری ، خواوەندان ، نامرن ، هەتا ئەگەر کاتیش بمرێ ، وەک (دوموزی) خواوەندی بەهار ، ئەوەندە نابات زیندوو دەبێتەوە ، زیندوو بوونەوەی خواوەندی مردوو ئاساییە ، بە پێچەوانەی مرۆ .

شوێنی خواوەندان لە ئاسماندان ، گەر بیانەوێت دێنە خوارەوە و لەو پەرسگە گەورانەدا دەژین کە بۆیان دروست کراوە ، لە باشترین شوێنی شار و گەرەترین کۆشک ، سەرباری ئەوەش خواوەندان چارەنووسی مرۆیان لە دەستدایە و کاروباری جیهان بەڕێوە دەبەن و بڕ و بەشی شتان و کەسان دیار دەکەن ، بە گشتی چاکە خوازن ، هەتا گەر خراپەش بکەن بۆ سزادانی مرۆ خراپەکان دەیکەن . خراپەی پوخت ، ئەوا گیانە خراپەکان و دێو و درنجەکان دەیکەن ، لە مرۆ بەهێزترن و لە خواوەندان بێ هێزترن ، خەڵک نایان پەرستن ، بەڵام بەم جادووە ی لەهێزی خواوەندان و وەرگیراوە لە گەڵیان دەجەنگن .



## ٥- خواوەندانیان هەر هەبوو(أزلی) نەبوون




1-سومەر
2-زەوی (كی)
3-دەریای سەروو(سپی ناوەراست)رۆژئاوا
4-واڵایی (ئیل)
5-ئاسمان (ان)
6-بارەگای خواوەندانی جیهانی سەروو(ئانونا)
7-ئاوی یەكەم Nammu
8-دەریای قووڵ(ئاپسو)
9-جیهانی ژێرزەوی (كور kur)
10-بارەگای خواوەندانی جیهانی خواروو (ئیگالگینا)
11-دەریای ژێری (كەنداو)رۆژهەڵات
متوون سومر-ل 85 - 2022

-تایبەتمەندیێکی دیکەی ئاینی بابلی وسۆمەریش، ئەوەیە هەتا خواوەندانیش ئەفرێنراون و دروست کراون، واتە سیفەتی هەر هەبوو (أزلی) یان نییە ، سەرەتای دیار نەبێت ، هەرچەندە نەمرن ، بەڵام (هەر هەبووەکی- أزلی) نین ، لە چیرۆکی ئەفراندنی بابلی هاتووە ، جیهان و خواوەندان چۆن دروستکراون .

لە سەرەتادا ، لە گەردووندا ، ئەفرێندراو یا بوونەوەرێک نەبووە ، تەنیا ، واڵایی ، (پشێوی) (کائوس – Chaos) (العماء) هەبووە ، ئاوی بەرایی ، هەبوو لە دوو توخمی نێرینە (ئاوی سازگار)(ئابسو) و ئەوەی دیکە مێینە (ئاوی ناسازگار – سوور) (تیامت) پێکهاتبوو ، لەم دوو ڕەگەزە هەموو شتەکان پەیدا بووین ، لەم دوو ڕەگەزە (لە ئەفسانەی بابلی) دوو خواوەند پەیدابوون




(لخمو) و (لخامو) ، لەوانیشەوە خواوەندانی دیکە پەیدا بوون . (لە ئەفسانەی بابلی مرۆڤ ، پاش ماوەیێکی زۆر دوای خواوەندان ، دروست کراوە .

**٦- پەیوەندی مرۆ بە خواوەندان وپێویستیی ئایینپەروەریی**

لەبیر و بۆچوونی سۆمەریان وبابلیاندا – ئامانجی دروستکردنی مرۆ لەلایەن خواوەندانەوە ، خزمەتکردن و کارکردن بوو لەبری خواوەندان وپەرستنیان، بەپێچەوانە دوچاری سزا دەبوون ، وەک لافاوی گەورە و شتی دیکە،بەهۆی گوناح وخراپەکارەکانیان،واتە بەجێنەهێنانی ئەرکە دینییەکانیان.

تایبەتمەندیێکی دیکەی دینی بابل ئەوە بوو ، هەر تاکە کەسێک خواوەندی تایبەتی خۆی هەبوو جگە لە خواوەندانی دیکە (گشتی). تاکە کەسەکەی دەپاراست و تکای بۆ دەکرد (لای خواوەندان) و وەک باوک وکوڕ وابوون . پادشا و میرەکان خۆیان بە کوڕی خواوەندێک یا مێ خواوەندێکی دیارکراو دەزانی.



ناوی بابلییەکان ، بڕگەی ناوی خواوەندانی تیایە ، واتە پەیوەست بوونی کەسەکە بە خواوەندان ، وەک :

-ئیلی – دوری – خواوەندم قەڵای پارێزەرمە .

-ئیلی – ئمرانی – خواوەندم سەیری کردم .

-ئیلیما – ئیبی – خواوەندم باوکمە .

-مانوم -کیما – ئیلی – کام وەک خواوەندی منە .

- ئیلیشو – ئەبوشو – خواوەندی باوکیەتی .



نابونائید نوێژ بۆ خوداوەندی مانگ(سین) دەکات

- ئیلیشو – ئەبنیشو – خواوەندان دروستیان کردووە .

-شار – ئیلشو –خواوەندی پاشا .

-جمیل – ئیلیشو – بەخششی خواوەندەکان.

-مار – ئیلیشو – کوڕی خواوەندان .




ناوی پادشایانی وەک :

نرام – سین – خۆشەویستی خواوەند (سین) .

-جمیل – سین – بەخششی خواوەند سین.

-زلی –ئێدد- واتە خواوەند ئێدد.

- ئێدد – نراری – خواوەند (ئدد) یاریدەدەرمە .

-نبو – کدوری – ئوسر – نەبوخوزنەسەر(نبوخذ نصر) – خواوەند (نەبو) سنووران دەپارێزێت ...هتد.

لە مۆرە لوولەییەکاندا دیمەنی پەرسکارێک (عابد) دەردەکەوێت خواوەندەکەی پێشکەشی خواوەندێکی دیکەی دەکات لەخواوەندە مەزنەکان .

بابلیەکان زۆرجار ناوی خواوەندانە پارێزەرەکانیان لەسەر مۆرەکانیان تۆمار دەکرد . بابلیەکان لەو باوەڕەدا بوون خواوەندی کەسیان ، دەخزێتە جەستەی کەسەکەی سەر بە ئەوە و گەر خراپەی کرد ، دەڕوات وئەوکەسە دەبێتە نێچیری دێو و درنج و شەیتان و گیانی پیسی دەکەوتەجەستەی .

تایبەتمەندێکی دیکەی ئایینی بابلی ، ترس بوو لە خواوەندان . هەتا پاشاکان واباسی خۆیان دەکەن کەوا لە خواوەندان ترساون . ئەوەی لە خواوەندان نەترسێ وای لە ژیانی . ئەو پاشایەی لە خواوەندان نەترسێ ، دوژمنانی بەسەریدا زاڵ دەبن و وڵاتی وێران دەکەن ، گەر لەشەڕدا بێت شکست دێنێت . ئەوەتا پادشای فارس (کوروش) دەڵێت : هۆی شکستی پادشای بابل (نبو ناهید) و زاڵ بوونی کۆرش و گرتنی بابل ، بەهۆی ئەوە بووە ، (نبو ناهید) گوێڕایەڵی خواوەند (مردوخ) نەبووە .

بۆ دەربڕینی ئەم ترسە پەرسگەیان دروست دەکرد و ڕێو شوێنی ئایینیان پەیڕەو دەکرد و کوشتیان گۆری دەکرد (قوربانیان دەدا) ، و پەیکەریان بۆ دروست دەکردن و چەندان جۆرە پەرستنی دیکە.

ڕەزامەندی خواوەند هیوای پەرسکارەکانە-بەندەکانە ، دەنا دوچاری وێرانی دەبێت لەژیاندا .



یەکەم سزای ئەوەی خواوەندی جێی بێڵێت ، خۆی بەرپرسی کارەکانی دەبێت ، ئەوتا لە لاواندنەوەی (لگش) ناوچەی (تلو) ، دوای نەوەی (لوکال زاگیزی) وێرانی کرد : (ئورو – کاگینا) تاوانی نەکردووە ، با ئەو تاوانەی لوکال زاگیزی کردوویەتی بکەوێتە سەر خواوەندەکەی (نسابا) .

بەدەست هێنانەوەی ڕەزامەندی خواوەندان ئاسان نەبوو بەندە دەبوایە کاری زۆر بکات بۆ ئەوەی بتوانێت دێو و درنج و گیانە خراپەکانی دەکەونە جەستەی دەربکات ، دوای ئەوەی خواوەندی پەرهێزگاری وازی لێ دێنێت .

زۆر ڕێو ڕەسمی ئاینی هەن بۆ ئەم کارە ،وەک نزا و نوێژ و نوێژی دانپیانان ، وەک :

((گەورەم هەڵە و گوناهم زۆر و گەورەن))

((ئەو خواوەندی دەیناسم و ئەوەی نایناسم ، گوناهم زۆر و گەورەن)) .

((با ئەو تووڕەییەی لە دڵی خواوەندم دایە نەمێنێت هێمن بێتەوە)) ((ئەو خواوەندەی دەیناسم و ئەوەی نایناسم ، با لێم خۆشبن)) .. هتد.

دواتر بەندە خراپەکارەکە دان بە خراپەکانی دێنێت چی لە تەرازو و فرۆشکاری یا دزی یا هەرشتی دیکە . وەک چۆن سزا هەیە لەژیاندا ، پاداشتی هەیە بۆ چاکەکاران ، وەک : تەمەندرێژی بەخشین بە چاکەکار لەبری چاکەکان ، هەر ئەوەش بوو تەوەرەی کاری چاکی پادشایان ، ((درێژ بوونی ژیان)) ((زۆر ژیان)) هیوا و ئاواتی هەموان بوو ، هەموو پەیکەرێکی خواوەندان کە پادشایان دروستیان دەکرد ئەم نزایەی تیادایە ، هەتا لە تۆمار و هەواڵەکانیان ، سەرباری تەمەندرێژی خۆشگوزەرانیش هیوا و ئاواتێک بوو . پادشا گوێڕایەڵەکان بۆ خواوەندان ، سەرکەوتن لە جەنگدا پاداشتیان بوو ، شاری لە خواوەندان بترسێت هێمن و ئاسوودە دەبێت ، دوور دەبێت لە دەرد و ناخۆشی و ترس .

# ٧- ژیانی دوایی




دیمەنێکی گشتی گۆڕستانی شاهانە لە ئور، لە کاتی هەڵکۆڵینەکاندا.

سەبارەت ژیانی دوای مردن بیر و ڕا و بۆچونێکی روون و دیاریان نەبوو ، مردن نهێنییەک بوو لای ئەوان . نزیکترین هاوشێوەی مردن خەوتن بوو لای ئەوان ، وەک چۆن خەوتوو هۆشی لەخۆی نامێنێت ، بەڵام نیشانەکانی ژیانی دەمێنێت ، بابلیەکان وا سەیری مردنیان دەکرد ، بۆ ئەوە چوون : گیانی مردوو ، دەبێتە تارمایی (شبح) بە ناوی (ئەدەمو) ، لەگەڵ مردوو دەچێتە جیهانی ژێری ، گەر مردوو بە پێی رێگە و ڕێو شوێنی ئایینی پەیڕەوکراو نێژرا ئەوا لەوێ دەمێنێتەوە .



مۆری سۆمەری کۆن خوداوەند دوموزید نیشان دەدات کە لە جیهانی ژێرزەویدا
لەلایەن گالاکانەوە ئەشکەنجە دەدرێت

گەر وانەبوو ، ئەم تارماییە (ئەدەمۆ) دەبێتە گیانێکی خراپەکار و لە جیهانی مردووان دێتە دەرەوە لە خاکی ژێری و دێتەوە ناو خەڵک و زیان بە زیندووان دەگەیەنێت ، بەتایبەتی خزمانی مردوو(لەکولتووری عەرەبی لە هامە(الهامة)ماوەتەوە) ، لەبەر ئەمە خەڵک زۆر بایەخیان بە ناشتنی مردوو دەدا بە پێی ڕێو و ڕەسمی ئایینی ، نەوەک (ئەدەمۆ) لە جیهانی گیانەکان بێتە دەرەوە. ( لەهەواڵی پاشایانی بابلیدا هاتووە،هەندێکیان گۆڕی نەیارەکەیان هەڵکەندووەوەوێران کردوە،مەبەست لێی سووکایەتی پێکردن وبەرەڵاکردنی گیانی ئەو پاشایانەیە ،تا لەجیهانی ژێری بێنەدەرەوە وزیان بە زیندووان بگەیەنن)

جیهانی ژێری ، گەڕانەوەی لێ نییە ، جیهانێکی تاریك و ترسناکە ، خواوەند (نرگال) فەرمانڕەوایە و لە خاکی ژێری دایە ، بە (ئەرالو) ناوی دەبەن ، یا (شاری مردووان) یا (چیای مردووان) .

Jastrow,Hebrew and Babylonian traditions new york,1914)(

مردووان کۆت و بەندن تیایداو جووڵە ناکەن . خواوەندانی جیهانی ژێری زۆرن .

-نرگال – ی توند و تیژ (چڕی گەرمی هاوین و مردن و نەخۆشی دەنوێنێت) ،

ژنەکەی (ئیریش – کیگال) یا (لاتو) ، چەندان شەیتان و ئەژدیها و دێو یارمەتیان دەدەن وەك دێوی (نمتار) دێوی تاعون و پەتایە .






باسی جیهانی ژێری لەو هۆنراوە کراوە، تیایدا باس لە خواوەند (عشتار) دەکات وچوونی بۆ جیهانی ژێری لەسەرەتای بەهاری هەموو ساڵێک بۆ ئەوەی شووەکەی ((تەموز)) دوموزید Dumuzid ، یان دوموزی Dumuzi ، یان تەموز Tammuz (سۆمەری: Dumuzid ، (دوموزی Dumuzi ) (دومو=مرۆ و زی =بەرزدەبێتەوە) ، خواوەندی سەوزە و بەهار بگێڕێتەوە سەر جیهانی سەرەوە .

(Dhorme ,choix de textesieux assyrio- Babyloniannes 1907 p.326 f )

تیایدا هاتووە جیهانی ژێری ترسناکە، بە حەوت شوورەی گەورە دەورە دراوە ، هەریەکەی دەرگاییێکی هەیە دێو و درنج پاسەوانی دەکەن ، مردووان تیا کۆت و بەندکراون و خواردنیان خۆڵ و کرمە ، خواردنەوەیان قوڕ و لیتە و چڵکاوە .






له داستانی گلگامێش دا هاتووه، خەڵك له جیهانی ژێری یەکسانن . هەر که (ئەنکیدو) برادەری گلگامێش مرد ، گلگامێش له خواوەندان پاڕایەوه ، تارمایی برادەرەکەی بۆ بنێرێت تا لێی بپرسێت جیهانی ژێری چۆنه ، ئەم تارماییه هەواڵەکانی پێ وت لەبەر ترس و سامی گلگامێش گریا ، ترسا ئەویش چارەنووسی هەر ئەوێندەرێ یه ، لەبەر ئەوه له وڵاتان گەڕا و ڕێبواری کرد تا باپیرەی (ئوتو – ناپشتم) (لای بابلیەکان هاوتای نوحی لافاوه ) ی دۆزیەوه ، بۆ ئەوەی نهێنی نەمری پێ بڵێت کەوا خواوەندان به (ئوتو ناپشتمیان) بەخشیوه .



**به كورتی :** مرۆی بابلی خەونیان به ژیانێكی خۆشی دوای مردن نەبینیوه . ئەوپەڕی هەوڵی نەمربوونیان داوه ، بەڵام شكستیان هێناوه ، خواوەندان ڕێیان نەداوه ، خواوەندان مرۆیان دروست كردووه و چارەنووسی مردنه ، خواوەندان نەمرن .

داری ژیان ، یا داری نەمری هەیه ، بەڵام له قووڵایی دەریا دایه ، گەیشتنه ئەم داره پڕ مەترسی و ئازاره . گلگامێش هەوڵیدا بگاته ئەم داره و كەمێكی لێ دەست كەوت ، بەڵام لەبەر بێ ئاگایی خۆی له دەستی داو مار لێی دزی و خواردی . له مرۆیاندا تەنیا (ئوتو ناپشتم) خواوەندان نەمریان پێ داوه .

## ئاكارله ئایینی بابلیدا

ئێمه وادەبینین پێویست ناكات به وردی لەسەر كاریگەریی ئایین لەسەر سیستەمی ئاكارو ڕەفتاری تاكەكان بڕۆین، ئەم كاریگەرییه لەسەر باوەڕبوونه به بوونی شوێنی سزادان و شوێنی پاداشت دانەوه، جا ئەوان له جیهاندا یان له جیهانێكی تردا بوونیان هەبێت دوای مردن، یان له هەردووكیدا، كه مرۆڤ لێپرسینەوەی لەگەڵ دەكرێت لەسەر كارەكانی لەم ژیانەدا ئەگەر باش بێت پاداشت دەكرێت و ئەگەر خراپ بوو سزا دەدرێت. بۆیه ڕێساكان بۆ دیاریكردنی كاره چاكەكان و كاره خراپەكان دانراون كه مرۆڤ بەپێی ئەوانه لەم ژیانەدا كاروبارەكانی بەڕێوەدەبات. پێشتر له قسەكانماندا سەبارەت به ڕێساكان له ئایینی بابلیدا باسمان لەوه كرد كه ئایینی بابلی جیاوازه له هەندێك ئایینی ترله بابەتی ژیانی دوای مردن.

هەرچەنده بابلییەكان باوەڕیان به بوونی ژیانێكی هاوشێوەی ژیانی بەرهەست هەبوو ، دوای مردن و بوونی شوێنێك كه مردووەكان تێیدا ڕابگیرێن یان بپارێزرێن، بەڵام لەبارەی سزا یان پاداشت له دوای مردن باوەڕیان به وەنەبووه، واته بەهەشت و ئاگریان نییه، یان بەختەوەری و دۆزەخ [1].

( ۱) لێرەدا پرسی شوێنی سزا و شوێنی پاداشت لای هەندێك له ئایینه گرنگەكان بۆ پێوانه و بەراوردكردن كورت دەكەینەوه، به پشتبەستن به گۆڤاری (المقتطف) (بەرگی ۱۵، (۱۸۹۱) ل ۱۸ وبەدواوه،و ل ۷٦ وبەدواوه).



جزء من بردية "حونفر" Hunefer (حوالي 1275 قبل الميلاد) تبين عملية وزن قلب حونفر في الميزان والمقارنة بريشة ماعت (الحقيقة والعدل) ويقوم بها الإله أنوبيس, بينما يقوم الإله تحوت بتسجيل نتيجة الميزان.

و —

میسرییە کۆنەکان پێیان وابوو کە دوای مردن شوێنی سزا و شوێنی پاداشت هەیە ، گیان دوای مردن بە ئامادەبوونی خوداوەند (ئۆسریس) و چل و دوو دادوەر دادگایی دەکرێت، ئەو و کردەوەکانی هەڵدەسەنگێندرێت و ئەگەر ناتەواو بوو، سزادانی بەسەردا دەسەپێنرێت، یان دەخرێتەوە سەر زەوی تا لە جەستەی ئاژەڵێکی ناپاکدا بێت،لە ئاژەڵە ناپاکەکان، یان فڕێدەدرێتە شوێنی سزا، کە ئاگر ودێوودرنجی تێدایە. لەوانەیە لە گوناهەکانی پاک بکرێتەوە و ڕێگەی پێبدرێت بگەڕێتەوە سەر زەوی و لە جەستەی خەڵکدا(مرۆدا) دەربکەوێتەوە.

ب –



فارسە کۆنەکان پێیان وابوو کە مردووەکان بە سەرڕێگایەکدا (پردێک)تێدەپەڕن کە بۆچوونە بەهەشت دانراوە، کە کورسی خوداوەندی ئاهورامەزدای لێیە، خراپەکاران لە نێوانیاندا دەکەونە دۆزەخەوە و لەلایەن دێوودرنجەکانەوە بە ئازارێکی زۆرەوە ئەشکەنجە دەدرێن، لە کاتێکدا چاکەکاران لە نێوانیاندا بە سەلامەتی تێدەپەڕن بۆ بەهەشت ، کە بەختەوەری و شوێنی ڕووناکیی لێیە. لە کۆتایی ڕۆژگاردا زەوی ئەستێرەیەک خۆی لێ دەدات و دەسووتێت و دەتووێتەوە و تەواوەکەی دەڕژێتە دۆزەخەوە لەگەڵ هەموو ئەو خراپەکارانەی کە لەسەری بوون و بۆ ماوەی سێ ڕۆژ و شەوان دەتوێنەوە ، پاشان لە گوناهەکانیان پاک دەبنەوە. دێوودرنجەکان، کە ئەهریمەن لە سەرووویاندایە، لە گوناهەکانیان پاک دەبنەوەو لە ئاگرەکەدا دەردەکەون و دەچنە ناو شوێنی ڕووناکی - بۆیە سزادان هەمیشەیی نییە.

ج – له یاساکانی "بودا"دا،




له یاساکانی "بودا"دا، شوێنی سزا له ئاستێکی جیاوازدایه، سەد و سی و شەش دۆزەخی تێدایه، که سزادان بەپێی گوناهەکان دەگۆڕێت بۆ نموونه، ڕەنگه دۆزەخێکی ئاگر هەبێت،یا دۆزەخێک له زەمهەریر (بەفر)، و دۆزەخێک له پیسایی.

د- یۆنانی و ڕۆمانییەکان پێیان وابوو که له سەرووی زەوی و له بەرزترین ئاسمان ((ئولمبۆس)) هەیه، که شوێنی نیشتەجێبوونی خوداوەندەکانی لێیه، و له ژێر زەوی ((ترتاروس)) هەیه ، واته شوێنی سزادان، که تێیدا خراپەکاران به پلەی جیاواز ئەشکەنجه دەدرێن، بۆ نموونه( تانتالۆس) که نهێنییەکانی خوداوەند زیوسی ئاشکرا کرد، لەلایەن خوداوەندەکانەوه سزا درا که له ناوەڕاستی دەریاچەیەکدا دەیانخسته ناو دەریاچەکەوه لەکاتێکدا تینوو بوو، هەرکاتێک بۆ خواردنەوه دەچەمایەوه ، ئاوەکه

لەبەردەمیدا دەکشایەوە ، لە سەرووی سەریشیەوە لقگەلێک بوون کە پڕ بوون لە میوە، بەڵام هەر کاتێک دەستی درێژ دەکرد بۆ ئەوەی لێی هەڵبگرێت، لێی دوور دەکەوتەوە، بۆیە نەیدەتوانی دەستی پێ بگات.

ڤێرجیل وەسفی دۆزەخی کردووە کە سێ دیواری بە ڕووبارێکی پڕ لە ئاگر دەورە دراوە و لە بەردەمیدا خەرەندێک هەیە کە دوو هێندە قووڵترە لە مەودای نێوان زەوی و ئاسمان، کە لێیەوە تەنها ئاهی ئەشکەنجەدراوەکان، دەنگ و زەنگی قامچی، و دەنگ و زەنگی زنجیرەکان دەبیسترێت.

هـ-سەبارەت بە جولەکەکان، لە تەوراتدا ئاماژەیەکی ئاشکرای شوێنی سزادان نەکراوە، هەربۆیە زۆر بە ئەگەری زۆرەوە کە سەرەتا باوەڕیان پێی نەبووبێت، بەڵکو دواتر لە ڕێگەی وەرگرتنەوە یان دانانەوە لە نێوانیاندا سەریهەڵداوە، جولەکەکان هاوشێوەی بابلییەکانن بەو پێیەی سزای دوایین لەم دونیایە کاتییەیە، وەک ئازار، نەخۆشی، لەدەستدانی پارە، مردنی خێرا و هتد. دوای مردن مرۆڤەکان دەچنە ماڵی مردووەکان، لەوێ یەکسانن (- جامعە -٦:٦).

بەڵام زانایانی جولەکە بەڵگەیان لە پەرتووکەکانی تەوراتەوە دەرهێناوە سەبارەت بە بوونی شوێنی سزا و هەندێکیان دەیانگوت حەوت شوێنی هەیە کە ئاستەکانیان لە یەکەوە بۆ ئەوەی دیکە دەگۆڕێت. هەندێکیان پێیان وابوو کە سزا دوو شوێنی هەیە، یەکێکی سەرەوە و یەکێکی خوارەوە، یەکێکیان بۆ سزادانی جەستە لەم ژیانەدا و یەکێکی تریان بۆ گیان لە ژیانی دوای مردندا، ئەمانەش بە پێی پلە جیاوازەکانی گوناهەکان حەوت ئاستی جیاوازیان هەیە، لە نێوانیاندا هەن دەڵێن کە دوای مردن خەڵک دابەشکراون بەسەر سێ گروپدا: گروپی باشەکان باشەکانیان لە کارە خراپەکانیان زیاترە و زیاتریش چێژ لە خۆشبەختییەکی هەمیشەیی وەردەگرن، هەروەها گروپێکی خراپەکارن کارە خراپەکانیانلە باشییەکانیان زیاترە. بە ئازاری هەمیشەیی ئەشکەنجە دەدرێت، سێیەمیش لە نێوانیدا جیاوازی هەیە بۆ ماوەیەک لە دۆزەخدا ئەشکەنجە دەدرێت تا لە گوناهەکانی پاک دەبێتەوە،ئەوکات سەردەکەون بۆ ئاسمان.

بەڵکو سزا یان پاداشت ڕۆژگارین دنیایین، کەواتە با بەدوای پاڵنەرەکانی ڕەفتارکردندا بگەڕێین لە ئایینی بابلیدا ، دەڵێین باوەڕبوون بە بوونی بەهەشت و دۆزەخ لە ژیانی دوای مردندا تەنها یەکێکە لەو هاندەرە زۆرانەی کە پاڵ بە مرۆڤەکانەوە دەنێت بۆ ئەوەی تێیدا بەپێی یاسا ئاکارییە دانپێدانراوەکان ڕەفتار بکەن.

لە ڕاستیدا نموونەیی لە ئاکار و ڕەفتاردا، ئەوەی لە کاریگەریی ئایینیەوە سەرچاوە دەگرێت، لە هەموو کۆمەڵگایەکدا دەبێت، ئەگەر باوەڕی بە یەکێک لە دوو شتی بنەڕەتی هەبێت:

١-باوەڕێک بەوەی کە قەرەبووی نادادپەروەری لەم ژیانەدا ،یا لە ژیانی داهاتوودا، یان لە هەردووکیدا هەیە و سزای بۆ هەیە و پاداشتی کارە چاکەکان هەیە.

٢- باوەڕێک بە ئەو ئامانجەی مرۆڤایەتی بەدوایدا دەگەڕێت تەنها لەڕێگەی ڕەفتار و ئاکاری چاکەوە لەم ژیانەدا بەدەست دێت، تا مرۆڤ بە کامڵبوون بگات.

سەبارەت بە بیروباوەڕی دووەم، لە ڕاستیدا ڕەوتێکی ئاکاریی ڕەها و نوێ لەلایەن بابلییەکان و گەلانی دیکەوە کاری پێنەکراوە، سەبارەت بە بیرۆکەی سزا و پاداشت لەم ژیانەدا، بابلییەکان وەک پێشتر باسمان کرد، باوەڕێکی بەهێزیان بە وە هەبوو،

---

و - مەسیحییەکان پێیان وابوو کە ئاگر و گۆگرد لە دۆزەخدا هەیە هەندێکیان دەیانگوت لەژێرزەوییەو سزاکە ئەبەدییە، نووسەرانی سەدەی ناوەڕاست زیادەڕەوییان لە وەسفکردنی دۆزەخ و ئازارەکەیدا کردووە. بە کورتی مەسیحییەکان پێیان وایە کە شوێنی سزا و پاداشت هەیە، هەروەها شوێنی سزا بەپێی جۆرەکانی گوناه و خراپەکارییەکان بە پلەی جیاوازدا دەگۆڕێت.

ز - سەبارەت بە ئیسلام، بابەتی بەهەشت و دۆزەخ لە ژیانێکی تردا بە ڕوونی لە قورئان و لە فەرموودەدا هاتووە و باوەڕبوون بە ڕۆژی دوایی یەکێکە لە بناغەکانی ئایینەکە.

ڕەنگە ئەو پاڵنەرە ئاکارییەی کە لە بوونی سزا و پاداشت لەم ژیانەدا سەرهەڵدەدات، بەهێزتر بێت لەوەی ئەگەر باوەڕبوون بەوان لە ژیانێکی تردا بووایە.

نهێنی ئەو هێزەی تێیدایە بابەتێکی دەروونییە کە لە نزیکبوونەوەی ڕوودان و دڵنیایی ڕوودانییەوە سەرهەڵدەدات. ڕوودانی لە ژیانێکی تردا بابەتی ئەگەرە و ئەگەر مرۆڤ گومان لەم داهاتووە نەچێتە ناو مێشکییەوە، ڕەنگە توندی کاریگەرییەکەی بۆی نەرم وکزتر بێت، چونکە داهاتوو زیاتر لە ئێستا دوورە، و پێش ئەو داهاتووە پێی دەگات، کەسی تاوانبار کاتێکی پێویستی هەیە بۆ ئەوەی خۆی لەو سزایە بپارێزێت کە بۆی دانراوە بە ئەنجامدانی شتێکی باش و نزاکردن لە خوداوەندەکان و داوای لێبوردنیان.

ئێمە پێشتر بینیمان ڕادەی کۆنترۆڵی خوداوەندەکان بەسەر ژیانی بابلییەکان چەندە و ئەو مەبەستەی مرۆڤیان بۆ دروست کردووە. ئەمەش تا ئەو ڕادەیەی کە ئەم خوداوەندانە ، جگە لە تەنها پەرستن، پابەندبوون بە یاسای خوداوەندەکانیشیان سەپاندووە بەسەر مرۆڤدا ، ڕەفتارێکی باشی هەبێت بەپێی بەها ئاکارییەکانی کۆمەڵگاکەی و پابەندبوون بە یاساکانی وڵاتەکەی و سیستەمە کۆمەڵایەتییەکانی،کە لە ئیرادەی خوداوەندەکانەوە سەرچاوەیان گرتووە، وای بۆ کەسەکە لە سزای توندی خوداوەندەکان ئەگەر ئەوە نەکات.

توێژەر دەتوانێت بەدوای کاریگەریی ئاییندا بگەڕێت لەسەر ڕەوتی ئاکاری بە لێکۆڵینەوە لە یاسا و بەڵێنەکان و گرێبەستەکانی بابلییەکان، نزیکەی هیچ چێکێک یان گرێبەستێک نییە ناوی خوداوەندەکەی تێدا نەبێت، دواتر ناوی پاشا، وەک سوێندێک لە لایەنی گرێبەستکارەکانەوە، نەک دەقی گرێبەستەکە بشکێنرێت، و نەفرەتی خوداوەندەکان لە دوا یاساکان و لە بەردەکانی سنووردا کە بۆ دامەزراندنی یان گواستنەوەی خاوەندارێتی بەکاردەهێنرێن نووسراون، کردەوە و ڕەفتاری پاشاکان بە توندی لە ژێر کاریگەری هاندەرە ئایینییەکاندان ، وەک هەواڵ و تۆمارە فەرمییەکانیان ئاماژەی پێدەکات. یەکێک لەو سیفەتە خۆشەویستانەی کە خۆیان پێ هەڵدەکێشن ئەوەیە کە ئەوان تەنها پاشایەکن کە لە خوداوەندەکان دەترسن و یاساکانیان جێبەجێ دەکەن و ویستی خوداوەندەکان جێبەجێ دەکەن.یەکێک لە کاریگەرییەکانی باوەڕبوون بە پاداشت و سزای دنیایی و نەبوونی بیرۆکەی زیندووبوونەوە، یان لێپێچینەوە لە ژیانێکی دیکەدا ئەوەیە کە بابلییەکان لەبری ئەوەی لە ژیانیاندا ڕەشبین بن، لە دونیا نزیکبوونەتەوە و سوودیان لە بەختەوەری و بەخششەکانی وەرگرتوە، زمانەکەیان دەڵێت: ((خوداکان ئێمەیان دروست کردووە بۆ ئەوەی لەم خاکەدا بژین، بۆ ئەوەی بتوانین لە بەخششەکانیدا سوودمەندبین و گەورەترین پشک لە بەختەوەری و

چێژەکانی وەربگرین - با بخۆین و بخۆینەوە، سبەی دەمرین) . ) [4].
کاریگەری ئەم باوەڕە لەسەر شارستانیەتی سۆمەری و بابلی بە ڕوونی لە هەموو پێکهاتەکانیدا دیارە، بەو پێیەی سیفەتی مایەخوازی-مادیە و خۆشی وبەختەوەری و چێژ لەم ژیانەدا زاڵە و جگە لەوەش مەبەستێکی تر هەیە ئەویش نەمرکردنی تاکەکانە لە لایەن نەوەکانی داهاتوودا، نزیکەی هەموو کردارەکانی پاشاکانیان پاڵنەرێکی لە پشتە، کە ئامانج لێی نەمرکردنی ناوەکانیانە لە نەوەکانی داهاتوودا، و دەبینین ئەوان بە ڕاشکاوی زۆربەی کات ئاماژە بەم شتە دەکەن لە تۆماری کارەکانیان - کە هەموو ئەمانەش قەرەبووی هیوای نەمرییە لە ژیانێکی تردا.

---

(4) دوای ئەوەی گیلگامێش لە بەدەستهێنانی نهێنی نەمری بێ هیوا بوو و گەڕانەکەی ڕاگرت، کچە شەراب فرۆشێک بە ئامۆژگارییەکی سەیرەوە لێی نزیک بووەوە، ئەو کچە پێی گوت: ئەو ژیانە نادۆزیتەوە کە بەدوایدا دەگەڕێیت. ئەو خوداوەندانەی مرۆڤیان دروست کردووە بڕیاری مردنیان دا و ژیانیانی نەمریان بۆ خۆیان داناوە. سەبارەت بە تۆ گیلگامێش با سکت پڕ بێت و شەو و ڕۆژ دڵخۆش بیت. سەرت بشۆ، لە ئاودا خۆت بشۆ، ئەو منداڵەی دەستتی گرتووە نازی پێبدە، ژنەکەشت لە باوەشتدا دڵخۆش بکە - ئەمەش بەشی مرۆڤایەتییە.)

## کۆڕی خواوەندانی بابلی ( pantheon )



پێش ئەوەی خواوەندانی سەرەکی بابلی بژمێرین،پێشەکی شتێک لەبارەی ئەفراندنی خواوەندان وجیهان باس دەکەین.لە ئاشووری ناسیدا بە(چیرۆکی ئەفراندن) ناسراوە.

چیرۆکی ئەفراندن ، یارمەتمان دەدات زۆر لە بنچینەکانی ئاینی بابلی (و سۆمەری ..) بگەین ، بەتایبەتی بابەتی خواوەندانیان و سیفەتەکانیان .

چیرۆکی ئەفراندنی جیهان (بوون) کێشەیەکی سەرجەم مرۆیانە لە هەموو رۆژگارێکدا، سۆمەری و بابلیش وەک ئەوانەی دیکە بیریان لێ کردۆتەوە و بۆچوونی خۆیان هەبووە لەبارەی چیرۆکی ئایینپەروەریی جیهان ((گیروگرفتی ئایینپەروەریی –گەردوونی Theologico Cosmological problem)).

کە وەک نەتەوەکانی دیکە، بیریان لێکردۆتەوە، ئەم را و بۆچوونانەیان لەسەر دەپی قوڕین نووسیوە و بە زمانێکی ئەدەبی باڵا ، لە شێوەی داستانی هۆنراوەیی . ئەوەی لە هەڵکۆڵینەکان پێمان گەیشتوون ، هەرە بەناوبانگەکەی لای ئاشووری ناسان بە حەوت دەپەکانی ئەفراندن ناسراوە،لای بابلییەکان بە (ئینیما ئیلیش) ناسراوە . یەکەم دێڕی ئەم ئەفسانەیە بەم دەستەواژەیە (ئینیما ئیلیش) دەست پێدەکات ،واتای (ئەو کاتەی لە باڵادا) دەگەیەنێت .



(ئەم داستانە لەسەر حەوت دەپی قوڕین نووسراون کۆی دێرەکانی هەزار دێر دەبێت ، دەپە بەراییەکانی لەسەر دەستی ئۆستن لیرد(Austin H . Layard) وهرمزرسام وجورج سمیث ،لە ساڵەکانی ١٨٤٨- ١٨٧٦ م ، لە کتێبخانەی پاشای ئاشووری ئاشور بانیپال (٦٦٨ – ٦٢٦ پ.ز) لە نەینەوا دۆزراونەتەوە ، دواتر دەپی دیکەی ئەم داستانە لە ئاشور (قەڵای شرقات) لە ١٩١٤ دۆزراونەتەوە و لە (کیش) لە دوو ساڵی ١٩٢٤ - دۆزراونەتەوە ١٩٢٥ و لە(ئووروک-وەرکاء)، لە دوو ساڵی ١٩٢٨ - ١٩٢٩ دۆزراونەتەوە و لە هەمووان چیرۆکێکی دروست پێکهات سەبارەت چیرۆکی ئەفراندن لای بابلییەکان . زانایان هەر لە ١٨٧٦ ەوە لە لێکۆڵینەوەکانیاندا باسیان کردووەو وەرگێڕدراون،وەک:

The Story of the ،The Babylonian Genesis،Alexander Heidel 1942).،Creation (The University of Chicago press

بێگومان ئەم ئەفسانەیە هەرچەندە ناوی چیرۆکی ئەفراندنە ، مەبەست لە دانانی بەرز ڕاگرتنی خواوەندی بابل (مەردوخ) بووە ، لەو سەردەمی بابل بووبە پایتەختی ئیمپراتۆری حەمورابی ، بەهۆی ئەو پلە بەرزەی بە دەستی هێنا ، بوو بە تاکە مەزنی خواوەندەکانی دیکە ، کەچی پێشتر ئەو پلە و پایەی نەبوو .

ئەم ئەفسانەیە لە پەرسگە بابلیەکان دەخوێنرا و بە هۆنراوە نووسرا بوو .( هۆنراوەی بابلی کێشی هەیە ،بەڵام سەروای نییە،

یەکەم دوو بەیتی داستانەکە لە چیرۆکی ئەفراندن :

-ئینما ئیلیش لانبوء شمامو

-شابلیش ئامتم لازاکرات )

## کورتەی چیرۆکی ئەفراندن:




1-سومەر
2-زەوی (کی)
3-دەریای سەروو(سپی ناوەڕاست)رۆژئاوا
4-واڵایی (ئیل)
5-ئاسمان (ان)
6-بارەگای خواوەندانی جیهانی سەروو(ئانونا)
7-ئاوی یەکەم Nammu
8-دەریای قووڵ(ئاپسو)
9-جیهانی ژێرزەوی (کور kur)
10-بارەگای خواوەندانی جیهانی خواروو (ئیگالگینا)
11-دەریای ژێری (کەنداو)رۆژهەڵات
متوون سومر-ل 85 - 2022




((لە سەرەتادا نە ئاسمان و نە زەوی نەئەفرێندرا بوون ، دروستنەکرابوون ، تەنیا (پشێوی – العماء – (Chaos)) هەبوو ، (وشەی پشێوی (کائوس Chaos) ، بەو مایە – مادە ی بەراییە وتراوە ، شت و خواوەندانی لێ دروست بوو ، هەتا فەیلەسوفی گریکی ئەناکسیمندر Anaximander (٦١١ – ٦٣٥ پ.ز) یەکەم مایەی بوونەوەرانی بە (بێکۆتایی – اللا نهائی – (العماء)) ناو بردووە کە شتێکی لێڵ و نادیارە وهەمووشتەکان تیایدا تێکەڵ دەبن وهەمووشتەکان لەوەوە پەیدابووین ).

(لەسۆمەریدا( نەممۆ) ئاوی بەرایی ، ئەو مایەیەی خواوەندان و شتی لێ پێکهات و لێی پەیدا بوون .

ئەم ئاوە لە دوو توخمی تێکەڵ پێکهاتبوو یەکێکیان نێرینە (ئابسو) ئاوی سازگار و ئەوەی دیکە مێینە (تیامت) ڕەگەزی ئاوی سوێر (خوێدار) ناسازگار . لە جووت بوونی ئەم دوو خواوەندانە ، خواوەندی (لخمو) و (لخامو) پەیدا بوون ، دوای ڕۆژگارێک ، لەوانەش دوو خواوەندی دیکە پەیدا بوون (ئەنشار) و (کیشار) ، لە ئەوانیش خواوەند (ئانو) پەیدابوو ،ئەوەی لە هێز و توانستدا ڕکابەری باوکانی لە خواوەندە دێرینەکانی کرد.

دواتر خواوەندە نوێکان هاتن . پاش ماوەیێک ناکۆکی دروست بوو لەنێوان ئەم دوو نەوەیەی خواوەندەکان ، نوێ و دێرینەکان ، نوێکان یەکیانگرت و ویستیان ڕێکوپێکی

دابهێنن لە جیهاندا ، لەبری (پشێوی )و ئاژاوەی کاروباری لە گەردووندا هەبوو ، ئەوەش خواوەندە کۆنەکانی تۆراند ویستیان بە سەرۆکایەتی

(ئاپسو) و هاوژینەکەی مێ خواوەند (تیامت) ئەم پیلانە شکست پێبێنن و ڕێی خواوەندە یاخییە نوێکان بگرن ، بەوەی جەنگیان دژ بەرپا بکەن .

خواوەند (ئیا) بە پیلانەکەی زانی و بە جادووە پیرۆزەکەی و بە پەندزانییەکەی توانی بەسەر خواوەند (ئاپسو) زاڵ بێت، خواوەند (ئیا) ، کوڕێکی بوو ، خواوەند (مردوخ) بوو ، تەواو ئافرێندرابوو خۆشەویست بوو لای باوکی .

(دوای ئەوەی خواوەند (ئیا) بەسەر خواوەند (ئاپسو) زاڵ بوو، لە ئاوی بەرابیدا ((خواوەند ئاپسو) نوێنەرایەتی دەکرد) پەرسگەی خۆی دروستبکات ، خۆی و هاوژینەکەی (دام – کینا) ، تیایدا ژیان ، ئەم پەرسگە یە لە بابلدا ناوی (ئی – ئاپسو) ە . )

(تیامت) زۆر لە خواوەندە نوێکان تووڕە بوو ، بەتایبەتی دوای کوشتنی هاوژینەکەی خواوەند ئاپسو ، هەموو هێز و توانای ئامادەکرد بۆ تۆڵەسەندنەوە بۆ ئەو مەبەستە چەندان جۆرە دێو و درنج و بوونەوەری ترسناکی وەک : دووپشک و مار و نەهەنگ و شێری .. هتد، دروست کرد .

فەرمانی کرد (کنگو) خواوەندێکی کۆنە،یەکێکە لە منداڵانی ، سەرکردایەتی بکات ، جادووی پیرۆزی پێبەخشی ، دەپەکانی چارەنووسی پێدا و کردی بە هاوژینی .

خواوەند (ئەیا) ، ئەمجارەش پێی زانی ، زۆر خەمبار بوو بۆ چارەنووسی خواوەندان ، پەنای بردە بەر باپیرەی لە خواوەندە دێرینەکان (ئنشار) داوای بەزەیی پێهاتنەوەی لێ کرد ، ئەویش هانیدا دژی کۆ هێزی (تیامەت) بوەستێت و نەترسێت ، ئەدی ئەو

نەبوو بە جادووە پیرۆزەکەی (ئاپسو) ی لەناوبرد ، ئەم هاندانە سوودی نەبوو ، داوای لە خواوەند (ئانو) کرد بچێتە لای (تیامت) و داوای لێبکات هێمن بێتەوە و پێکبێنەوە و ئاشت ببنەوە ، (ئانو) لەم کارەی سەرنەکەوت بە ترس و لەرزەوە گەڕایەوە لای باوکی (ئنشار) .




لە کۆڕی پیرۆزی خواوەندان باسکرا چی بکەن ؟

هەموویان ترسان و پەکیان کەوت ، کەسیان نەوێرا ململانێ لەگەڵ (تیامەت) ی تووڕە بکات ، لەم بارودۆخەدا خواوەند (ئیا) سرنجی دا توانست و هێزی کوڕەکەی (مەردوخ) ، داوای لێکرد لەبری خواوەندان ئەو ئەم کارە بکات ، مەردوخ رازی بوو ، بەڵام بە مەرجی ئەوەی :

خواوەندان بە سەرۆکایەتی ئەو ڕازی بن ، خواوەندان هەموو کۆبوونەوە لەسەر خوانێك و خواردیان و خواردیانەوە و گۆیندەیان وت و یەکدەنگ مەردوخیان هەڵبژارد ببێتە سەرۆکی خواوەندان و ببێتە پادشایان ، ناویان پیرۆز کرد و تەختێکی مەزنیان بۆ دروست کرد و ناسناویان پێبەخشی و چارەنووسی جیهانیان خستە بەردەست .

مردۆخ دوای ئەوە خۆی تەیار کرد بۆ جەنگ ، تیر و کەوانی پیرۆزی لەخۆشە تەك دا ، تۆڕی پیرۆزی خۆی هەڵگرت و سواری گالیسکەکەی بوو ، ڕووی لە شەڕی (تیامت) و لەشکرەکەی کرد ، شەڕ دەستی پێکرد لەپێشدا چوار بایەکەی نارد بۆ ئەوەی ڕێی هەڵاتن لە (تیامەت) بگرێت ، کە لە لایەنگرانی نزیك بوویەوە ترسا و

تۆقی ، (تیامت) جادووی خۆی خوێند بۆ ئەوەی (مردۆخ) بدۆڕێت ، بەڵام (مردۆخ) تۆڕە پیرۆزەکەی هەڵدا و بەدیلی گرت و باهۆزی تێکرد ، تەنی پەنما ، لەو کاتەدا تیرێکی بکوژی لێدا و سکی دڕی و مرد .

لایەنگرانی ویستیان ڕاکەن ، (مردۆخ) لێنەگەڕا کەسیان هەڵبێت ، هەمووی بە تۆڕەکەی گرت ، بە سەرکردەکەشیانەوە (کنکو) ، دەپەکانی چارەنووسی لێ وەرگرت و بەمۆری خۆی مۆری کرد و لە سینەیدا هەڵیگرت ، دواتر گەڕایەوە لای (تیامت) و سەری پانکردەوە و خوێنەڕۆی بڕی و خوێن لەگەڵ با بەرزبوویەوە و خواوەندان بینیان ، بەوە دڵخۆش بوون و ناوی مردۆخیان پیرۆز کرد . (مردۆخ) تەنی (تیامت) ی کردە دوو بەش ، نیوەی سەرووی کردە (ئاسمان) و لە نیوەی خوارووی (زەوی) دروست کرد .

لە ئاسماندا ناوچە و کەلو و شوێنی خواوەندانی دیار کرد ، هەروەها کەلووی هەسارەکان و کات و وەرزەکانی دیار کرد .

دواتر (مەردوخ) ویستی بوونەوەرێك لە خوێن و ئێسك و گۆشت دروست بکات ئەویش مرۆ (لە بابلی (لولو)) بوو ، بۆ ئەوەی خواوەندان بپەرستن.

(ئیا) بۆ ئەم بابەتە پێی وت :

((با خواوەندێك بكرێتە قوربانی بۆ ئەوەی مرۆ دروستبکرێت ، با خواوەندان هەموویان کۆببنەوە و خواوەندی گوناهبار بكرێتە قوربانی)) . (مردۆخ) خواوەندانی کۆ کردەوە و لێی پرسین کێ بوو (تیامت) ی هاندا شۆڕش بکات ، بۆ ئەوەی ئەو خواوەندەی وای کردووە بکرێتە قوربانی ؟

خواوەندان وتیان : (کنکو) هۆی ئەمە بووە . خواوەندان دەستو پێیان بەست بە زنجیر و کۆت و بەند و پێشکەشی خواوەند (ئیا) یان کرد ، ئەویش خوێنی بە ڕەوا دانا و خواوەندان کردیانە قوربانی و مرۆیان لە خوێنی ئەو و گڵ دروست کرد بۆ ئەوەی خواوەندان بپەرستێت .

دوای تەواو بوونی ئەفراندنی مرۆ ، خواوەندان (ئی ساکالا) یان دامەزراند ، پەرسگە ی خواوەند مردۆخ لە بابل و دوای تەواو بوونی لە ئاهەنگێکی پیرۆزدا تیایدا کۆبوونەوە و وێردیان خوێند بۆ سەربەرزی مردۆخ و ناسناوە پیرۆزەکانیان پێدا .

داستانەکە بە لێنووسی حەوتەمکۆتایی دێت،تەرخان کراوەبۆ لاواندنەوەی  مەردوک.

## خواوەندەسەرەکییەکانی بابلی

| ژمارە | ناوی سۆمەریی شارەکە | ناوی نێستای شارەکە | خوداوەندی سۆمەری | واتای |
|---|---|---|---|---|
| 1 | سپار ),( Sippar Zimbir | ئەبو حەبیبە(تل ابو حبیبە-یوسفیە-بغداد)- | نۆتۆUTU | خۆر |
| 2 | کیش Kish | گردی نیحیمەر-تل احیمر | ننخرساگ NINHURSAG(خانمی زەوی)(کی-KI)- | زەوی (خوداوەندی دایک). |
| 3 | نیکشاک Akshak | | نینلیلENLIL | هەوا |
| 4 | لاراک ( Larak (or Larag | نارک | پابیل -سانگ Pabilsag +ننسینا | جیهانی ژێرزەوی + شیفا. |
| 5 | شروپاک Shuruppak | فارە | نینکی ENKI | ناو |
| 6 | نیپور Nippur | نففر(نوففەری تازە لە شاری عەفج) دیوانیە | نینلیل | هەوا |
| 7 | کوثی | گردی نیبراهیم ،شاری کوت-تل ابراهیم- الکوت | نرگال NERGAL- | جیهانی ژێرزەوی. |
| 8 | ئەدەب( Adab )- | بە سمایە (Tell Bismaya) لە پارێزگای زیقار | ننخرساج –Ninhursag | زەوی |
| 9 | نوما Umma | تل جۆخا Jokha (لە پارێزگای زیقار)- | شارا | جەنگ |
| 10 | لەگش Lagash | ( الهیبە)ی لە پارێزگای زیقار (ذیقار)(تلو)لەدووری ٢٢کم لە شاری (الشطرە) | نخرسو Ningirsu- | باهۆز |
| 11 | پادتیبیرا Bad- – tibira | تەل مەدینە،لەنێوان (الشطرە)و (تل السنکرە،لارسای کۆن)- | دموزی DUMUZID | لەوەڕگەی وپیت وفەڕ |
| 12 | نوروک Uruk | دەکەوێتە دووری ٣٠ کم ی رۆژهەلاتی (السماوە- لە پارێزگای (المثنی) | نینانا INANNA - آن Anu | الزهرە، السماء |
| 13 | لارسا Larsa | - سانکارا نۆتۆ -خۆر. ( سنکرە) دەکەوێتە دووری ٢٥ کم ی رۆژهەلاتی (روروک) لە پارێزگای زیقار). | | |
| 14 | نور Ur | (دەکەوێتە شوێنی تەل المقیار (تەل المقیر)ی تازە لە باشووری عێراق، پارێزگاری زیقار) | - نانا NANNA | مانگ |
| 15 | ئەریدۆ Eridu | تەل ئەبو شەهرین | نینکی | ناو (پەندزانی - حیکمەت). |

خواوەندانی بابلی لە بنجدا دیاردە سروشتییەکانیان دەنواند ، ئەوەندەی دیاردە سرووشتییەکان خواوەندانیان هەبوو .

دواتر ، كه شاری گەورە دروست بوو ، لەچەندان شار دەڵەتێكیان دروست كرد و ئیمپراتۆری مەزن دەركەوتن ، ئەم كردارە لە هەڵبژاردن و پەسند كردنی خواوەندان و دیاركردنی پلە و پایەیان ڕەنگی دایەوە ، بەپێی هێز وكاری گەری دیاردە سروشتیەكان – خواوەندانیان پلە و پایەیان دیار دەكرا و كار و سیفەت و پەیوەندیان بە مرۆوە دیار دەكرا ، بەمجۆرە ئاینپەروەرییێكی ڕێک(لاهوت) (Theology) پەیدا بوو .لەم هەڵبژاردنانەدا كۆمەڵێک خواوەندان  هاتنە پێشەوە لەلایەن سۆمەری وبابلییكانەوە دەپەرستران.

دابەشكردنی خواوەندان بۆ چەند گروپێك ، لە سێ یا چوار خواوەند پەیدا بوو ، هەرە بەناوبانگەكانیان سێ خواوەندی : (ئانو ، ئینلیل ، ئیا )بوون ، یا (ننخرساگ) یش زیاد دەكرا و دەبوون بە چوار .




خواوەندە بەناوبانگەكان :

١-ئانو / ٢-ئینلیل / ٣-ئیا / ٤-مردۆخ / ٥-نبو لونابو / ٦-سین / ٧-شمش / ٨-ئدد / ٩-ئشتار (عشتار) / ١٠-ننورتا / ١١-ننوگال .



The god Ea (second from right) on the Adda Seal, c. 2300 BC. Behind Ea is two-faced messenger Usumu. In front of him is the sun god Shamash, and next the winged goddess Ishtar.

١-ئانو : له سەرووی خواوەندە بابلییەکانەوەیە، بەپێی ئاینپەروەریی بابلی ، بیست و یەک خواوەند  لە خواوەندە کۆنەکان لە پێش ئەودا هەبوون ، بەڵام کاریگەریان لەسەر جیهان نەما ، وەک (ئنشار) و (کیشار) و (لخمو) و (لخامو) ی لە (چیرۆکی ئەفراندن) هاتوون .

(n١١,٤,Meissner ,Babylonien and Assyrien)

(ئانو)  ئاسمان ، دەنوێنێت ، بە سۆمەری ناوی (آن) بوو ، بارەگای لە باڵاترین هێڵی کەمەریی ئاسمانییە ، ئەو و خواوەندان (ئنلیل) و (ئیا) گەردوون یان لە نێو خۆیاندا،دابەش کردووە . ئانۆ ئاسمان ئی ئەوە ،(ئنلیل) هەوا و کەش و (ئیا) زەوی و ئاوی ژێری .

**(ئانو)** لە هەموو سەردەمێکدا و لە هەموو عیراقدابە پیرۆز داندراوە ، لە چەندان شوێن پەرسگەی بۆ دروسکراوە :

-ئوروک – الورکاء ، پەرسگەکەی ناوی (ئی – ئەنا )–( ماڵی ئاسمان) بوو .

-لە شاری دیر(گرعەقر – تل العقر) نزیک شاری (بدره) ، ناوی (ئی – دمگال – کلاما) بوو .

-له وڵاتی ئاشوری لەگەڵ خواوەند (ئدد) له یەک پەرسگه دەپەرستران . پادشا (ئاشور – ریش – ئیشی) (١١٢٧ – ١١١٦ پ.ز) دروستی کردبوو .

١١,٥ ,M eissner ,ibid

بابلییەسامییەکان هاوەڵژینیان بۆ داناوه به ناوی (ئانتو)(ناوی مێیینەی ئان) و ژنێکی دیکەش به ناوی (نن – زالی) و دۆستێکی ژن به ناوی (نن ئورسالی) . بابل گەیشته ئاستێکی بەرز وله سەردەمی حامورابی (مەرۆخ) پله و پایەی دیکەی پێدرا ، پێشگۆکان-کاهینەکان ئەم گۆڕانکاریەیان بەوه چاره کرد ، وایان دانا (ئانو) ، فەرمانڕانی مرۆیان داوەته دەست مەردۆخ و چی ئەو بڵێت وەک ئەوه وایه (ئانو) و توویەتی وزۆربەی تایبەتمەندییەکانی خۆی پێبەخشی.

٢-**ئینلیل** ، له پله و پایه دوای (ئانو) دێت، هەوا و کەش دەنوێنێت ، لەنێوان ئاسمان و زەوی فەرمانڕانه . زۆرجار به نازناوی (ئانو) ناونراوه ، وەک : (باوکی خواوەندان) ، یا گەورەی وڵاتان (ئی لوکال کرکرا) ، له ئەفسانەکاندا ئەوه لافاوی گەورەی - توفانی بەرپاکرد لەسەر زەوی ، بابلیەکان ژنێکی دەدەنه پاڵ (ننلیل) ، حەوت منداڵی هەن ، پاسەوانانی دەرگەکانی زەوی ژێری ، یا بارەگای مردووان .

له شاری (ئاشور) پەرسگەیان بۆ دروستکراوه ، پەرسگه و بارەگای سەرەکی له نیپور – نفر بوو ، پله و پایەیێکی گەورەی هەبوو و ناونرا (ئینلیل – کی) و پەرسگەکەی له هەموان پیرۆزتر بوو (ئی – کر) واته (ماڵی چیا) ، یا (ماڵی زەوی) . پاشای کیشییەکان (کوریکالزو) ی سێیەم له سەدەی سێزدەی پ.ز ، پەرسگەی بۆ دروست کرد بەناوی (ئی – یوگال) .

٣- **ئیا** – کوڕی خواوەند (ئانو) ه ، زۆرجار به پادشا ناودەبرێت به سۆمەری ناوی (ئینکی) بوو ،واته(گەورەی زەوی ژێری) ، فەرمانڕانه بەسەر ئاو، ماڵی له (ئابسو) ه ، خواوەندی پەندزانی وزانیارییه ، نهێنیەکانی جادوو و هێزەکانی لایه ، هەروەها پێشگۆکاری و پێوارزانی لایه (الکهانه و العرافه) .

به جادووه پیرۆزەکەی خواوەنده کۆنەکه (ئابسو) ی لەناو برد . بەڕای بابلییەکان ئەوبووه مرۆی فێری نووسین و زانیاری و پیشه و سازکاری و شارستانی کردووه ، خواوەندی پیشەوەرانه و پارێزەریانه .

(ئیا) بەبەزەیی هاتنەوەی بە مرۆ بەناوبانگە ، ئەو بوو بە (ئوتو ناپشتیم) (نوحی لافاوی گەورە ) ی وت : وریابە خواوەندان تووفان بەرپا دەکەن و بەنهێنی پێی وت کەشتی دروست بکات و خۆی وبنەماڵەی رزگار بکات.

شاری (ئەریدو) (بە (ابو شهرین) بەناوبانگە) پیرۆزترین شاری سۆمەری بوو ، جێی پەرستنی ئەو بوو ، پەرسگەی (ئی – ئابسو) ی لێ بوو . چەندان پەرسگەی دیکەی هەبوو لەشارەکانی دیکەی عیراق، وەک :

-لە شاری (لگش) (تلو) .

-لە بورسیبا (برس نمرود) .

- لە بابل .

-لە ئیلام ، لە شاری سوسە .

هاوژینی (ئەیا) ، (دامکینا) بوو ، (ئیا) لەگەڵ (ئانو و ئینلیل) یەکەم سێیانەی پیرۆز پێکدێنن .

**٤-مردوخ (Marduk):** کوڕی (ئیا) ی نۆبەرەیە ، ناوی واتای (کوڕی ڕووناکی ، یا کوڕی خۆر، دەگەیەنێت ، واتە لە خواوەندانی خۆر یا ڕووناکی – رۆشناییە ، سەرەتا خواوەندێکی جێواری (محلی) بوو ، تەنیا لە شاری بابل دەپەرسترا ، بەڵام لە سەردەمی بنەماڵەی یەکەمی بابل ، بنەماڵەی حامورابی پلە و پایەی بەرز بوویەوە ، دوای ئەوەی بابل بووە پایتەختی ئیمپراتۆریەتی یەکی گەورە و تا کۆتایی کلدانیان هەر پلە و پایەی بەرز بوو .

مەبەست لە چیرۆکی ئەفراندن ، بەرز ڕاگرتنی مەردۆخ بووە ، بۆ بەرزکردنەوەی پلە و پایەی لەنێو خواوەندان ، خواوەندان هەڵیانبژارد بۆ شەڕی (تیامت) ، دەپەکانی چارەنووسی پێدرا ، خواوەندانی لە خراپەی (تیامت) رزگارکرد ، ئەوانیش سیفەتەکانی خۆیانیان پێدا ، باوکی (ئیا) هەموو تواناکانی پێدا ، نهێنیی پەندزانی و زانیاری و بنچینە و نهێنییەکانی جادووی پێدا .

زۆر جاران بابلیەکان بە دوو گوێی درێژ وێنایان دەکرد ، واتە خاوەن پەندزانی و

زانیارییه . هەموو ساڵێک ، لە سەری ساڵدا ، خواوەندانی بابل دەهێنرانە پەرسگە ی مەردوخ لە بابل و بە شەقامی بەکەژاوە ناسرابوو دەرشۆیشتن .

ژنی مردۆخ ناوی (سر بنیتم) واتە (گەشاوە ، بریسکەدار) بوو . پەرسگەی لە (ئیساکلا) لە بابل گەورەترین شوێن و پیرۆزترین شوێن بوو.

٥-نبو لوئابسو : کوڕی مردوخ ،ناوەکەی واتە (دیار ، یا ئاخێوەر) ، بە خواوەندی نووسین و خامە و پەندزانی (زانیاری و سەوزە و کێڵگەکان ناسراوە) . لە کۆڕە پیرۆزەکاندا (یاریدەر – سکرتیر) ی خواوەندانە .

شوێنی پەرستنی ((بورسبا)) (برس نمرود) و پەرسگەگەورەکەی (ئی – زیدا) ی لێ بوو .

پەیکەری لە بەردی هەبوو ، ژنی (نبو) ناوی (نشمیتو) بوو واتە (بیستن) (گوێ) ، وەک ئاماژە بۆ دانایی و زانیاری .

دوای سێیانەی ئانو و ئنلیل و ئایا ، سێیانەیێکی دیکە دێت ، سین ، شمش ، عشتار ، هەندێ جار (ئدد) یشی لەگەڵدایە .

٦-**سین :** خواوەند (سین) – مانگ ، لە سەرووی ئەم دووەم سێیانەی پیرۆزە وە دێت ، دوو کوڕەکەی (شمش) خواوەندی خۆر و (ئشتار – عشتار) نوێنەری هەسارەی ڤینۆس .

کوڕی نۆبەری (ئینلیل) ە ، ناوی دیکەی هەیە ((ئەنزو)) و ((ننار)) ، هاوشێوەی خواوەند ((شباک)ی کیشیەکان) . بابلیەکان ڕووە جیاوازەکانی مانگیان بە زۆر جۆر وێنا کردووە ، وەک گەمیەیێک لە دەریای ئاسمانی ڕێبواری بکات وێنایان کردووە . لەوکاتەی مانگی چواردەیە (سین) دەبێتە گەورەی رووناکی و تاجی پیرۆز لەسەر دەنێت .

ئەوکاتەی ون دەبێت ، دەچێتە جیهانی ژێری ،لای ئەوان تاریکی شەڕی نێوان دێوا و خواوەندانە . لەبەر ئەوەی خواوەند (سین) گەورەی مانگانە و رۆژ و مانگ و ساڵ دیاری دەکات .

پەرسگەی سەرەکی (ئی – کشرکال) لە (ئور) بوو ، پەرسگەی دیکەی هەیە بەناوی (ئی – خلخل) لە (حران – حەران) ، هاوژینی سن (ننگال) ە .

٧-خۆر-شمش-شمس : کوڕی (سین) ە ، بابلیەکان لەو باوەڕە دابوون ڕۆژ لە شەو پەیدا دەبێت ، کەواتە خۆر کچی مانگە . ناوی (شمش) لە زمانی سۆمەریدا (ئوتو) و (بار) بوو . بابلیەکان بۆ ئەوە دەچوون ، خۆر هەموو ڕۆژێک لە پشت چیا مەزنەکانەوە دێت و دەرگاکانی ئاسمان دەبنەوە و هەڵدێت ، لەشەودا دەڕوات و لە زەوی ژێری ون دەبێت .

بابلیەکان بە دادپەروەری دادەنێن وبە دادیاری مەزنی دەزانن. دوو کوڕی هەیە : (کتو) واتە داد و (میشارو) واتە ڕاستی ، هەر ئەویش بوو ڕێساکانی دا بە حامورابی و پادشاکانی دیکە . زۆر جاران لەسەر مۆرەلوولەییەکان وەک پیرێکی ڕیشدار وێنای دەکەن ، لە شانی ئاگر دێتە دەرەوە و داسێکی لەدەستدایە ، یا مشار ، نیشانەی ئەوەی یەکلاکەرەوەیە یا بنبڕی نێوان ڕاستی و پووچەڵی دەکات .

پەرسگەی بەناوی (ئی – بار) ە لە (لارسا) و یەکێکی دیکە لە (سبار) ، لە ئاشوردا لەگەڵ خواوەند (سن) لەیەک پەرسگە پەرستراون . هاوژینی شمش (ئای) ە .

٨-ئدد – بروسک و گرمەی هەور و با و بۆران و زریان و باهۆز دەنوێنێت ، لە ناوی دیکەی بە سۆمەری (میر) یا (مور) یا (ئشکر) ە ، بابلیەکان بە (ئدد) ، یا (رمان) ناسیویانە ، دەشێ لە بنجدا لە سوریا و فەلەستین پەرسترابێت . لەبەر ئەوەی کەش و هەوا دەنوێنێت ، وایان وێنا کردووە گورزەیێک برووسکی لە دەست دایە . پەرسگەی بە ناوی (ماڵی کرکار) بوو لە (بۆرسبا) و لە بابل پەرسگەی هەبوو . لە (حلب) پەرسگەی هەبوو ، - ژنی ناوی (شالە) بوو خواوەندی چیا و بەفر .

## ٩-ئشتار (عشتار) :



مێخواوەندە بەناوبانگەکەی سۆمەری و بابلییەکانە ، لای سۆمەریان ناوی (ننی) ، یا (ننا) بوو ، لەنێو بابلیاندا شوێنێکی بەرزی هەیە ، زۆربەی مێخواوەندەکان لاسایی ئەو دەکەنەوە (وەک مێخوداوەندی ئەکەدی (ئەنونیتی))،

بابلیەکان بە کچی خواوەند (سین) مانگ یان داناوە . هەسارەی ڤینوس-زوهرە بە سۆمەری (دلبات) ،دەنوێنێت .

لەبنجدا دەستیار (وصیفە) ی خواوەند (ئانو) بوو ، یا لە کەنیزەکەکانی بوو و بووە خێزانی ، لەبەر ئەمە لەگەڵ ئەودا لە (ئوروک) پەرستراوە، لە پەرسگە پیرۆزەکەی (ئی– ئەنا – ماڵی ئاسمان).بە گشتی خواوەندی خۆشەویستی و چێژ و مێگێزە ، هەندێ جار بە (هەوەسبازی خواوەندان) ناوی دەبرێت .

Keilschrift Bibleothek,v1,1202,1V,11 Meissner,ibid,11,23) (

پەیوەندی خۆشەویستی و دڵداری لەگەڵ زۆر لە مرۆڤان هەبووە ، هەتا لەگەڵ ئاژەڵان ، بەڵام بوەتە هۆی مردنی زۆربەی ئاشقانی و لەناوچوونیان ، یەکەم دڵدار و مێردی (دیموزی) (تموز) خواوەندی بەهار و پیت و فەڕ بوو ، بە هاوین دەمرێت، ، لەسەرەتای بەهاری هەموو ساڵێک ،خواوەند ئشتار دەچێتە زەویی ژێری بۆ ئەوەی لە جیهانی مردووان بهێنێتە دەرەوە.

هۆنراوەی دابەزینی ئشتار بۆ زەوی ژێری ، هۆنراوەیێکی بەناوبانگە . جگە لەوەش خواوەندی جەنگ و سەرەڕۆییە . پەرسگەی لە زۆر شوێن هەبوو ، لە وەرکاء ، لە ئور ، لە کیش (خورساک کلاما) ، لە بابل و ئەکەد و ئاشور و کالح و نەینەوا و هەولێر ، پەرسگەی هەبووە .

**١٠-ننورتا :** کوڕی (ئینلیل) ە ، خواوەندی جەنگ و ڕاوە ، لە پەرسگەی نیپور (نفر) بووە ، بە ناوی (ئی – شومیدو). لە شارانی دیکەش وەک : ئیسن ، و بابل و شاری ئاشوری (کالح) و (کیش) پەرسگەی هەبووە . لە (لجش) (تلو) ناوی (ننگرسو) بوو ، لە (سوس) ناوی (شوشناک) بوو ، لە کیش ناوی (زبابا) یا (بابا) بوو .

**١١-ننوگال –** خواوەندی تاعون و پەتا و وێرانییە ، خواوەندی خاکی ژێرییە ، شوێنکەوتوانی و بەندەکانی دێو و درنج و نەخۆشیەکانن . لە ڕۆژی هەژدەی تەموز دەچێتە خاکی ژێری و (١٨٠) رۆژ دەمێنێتەوە ، لە رۆژی بیست و هەشتی مانگی (کسلیف) لە سەرەتای بەهار دێتەدەرەوە ، لەشاری (کوثی) پەرستراوە ، پەرسگەی (ئی – میسلام) بوو ، لە لارسا و ئیسن و ئاشور پەرستراوە .

ئەمانە بەشێکی کەمن لە خواوەندانی سەرەکیی بابل .لە کۆتاییدا خواوەندێکی دیکەی بابلیان باس دەکەین ، خواوەندی چەم - زێ و ڕووباران (ئید) یا (نارو – نهرو) ، ئەم خواوەندە هەندێجار بۆ ئەزموون کردنی تاوانباران دێنە سەری بۆ دەرکەوتنی تاوانبار بوونی یا بێ تاوان بوون ، ئەویش لەڕێی خستنیە ئاوی زێوە ،گەر رزگاربوو ئەوا بێ تاوانە ، گەرنا تاوانبارە ، لە یاساکانی حامورابی باس لەو حاڵەتە کراوە .

ئاشوریەکان هەموو خواوەندانی بابلیان دەپەرست ، بەڵام خواوەندێکی تایبەتیان هەبوو (ئاشور) پارێزەری شانشینی ئاشوری بوو، وڵاتی ئاشور دوای ئەوەی دەبێتە ئیمپراتۆریەکی گەورە ، خواوەند ئاشوریش دەبێتە تاکە مەزنی خواوەندان و پێش خواوەند (ئانو) دەکەوێت،یا دوای ئەودێت .

بە خواوەندی جەنگی دەزانن وبە ئینلیل و مەردۆخی دەزانن و ژنی (ئینلیل) ناوی (ننلیل) ە، دەدەنە پاڵ ئاشور و ناویان نا ئشتاری ئاشوری . پەرسگەی گەورەی بۆ دروستکراوە (ئی – شرا) و (ئی – خرساک – کر – کرا) لە شاری ئاشوور .

# پەرستکاری و ڕێکخراو و دامەزراوە ئایینیەکان







لە ژمارەی پێشووی گۆڤاری (سومەر-١-بەرگی دوو-لاپەڕیە ک ودواتر)دا، پوختەی شتێکمان لە بارەی ئایینی بابلی و ئاشوورییەکانەوە بڵاو کردەوە کە پەیوەندی بە تایبەتمەندییە گشتییەکانەوە هەبوو، کورتەیەک لە بارەی کۆمەڵەی خوداوەندەکان و شتێکمان لەسەر بیروباوەڕی ئایینی، لە مامەڵەکردن لەگەڵ لێکۆڵینەوەکەدا، شێوازێکی شیکاریمان پەیڕەو کرد بە دابەشکردنی بابەتی ئایین بۆ چوار توخم (١) بیروباوەڕ (٢) سیستەم و ڕێسای ئاکاری -ئەخلاقی (٣)پەرستکاری - عبادات (٤) ڕێکخراو و دامەزراوە ئایینیەکان. ئێمە یەکەم و دووەمیانمان باس کردووە، ئێستاش لە درێژەی لێکۆڵینەوەکەدا دەچینە سەر دوو توخمەکەی تر، سەرەتا لە یەکەمیانەوە دەست پێدەکەین کە بابەتی پەرستکاری -عیبادەت و ڕێوڕەسمە ئایینییە جۆراوجۆرەکان و ڕێوشوێنەکانە ،وەک ئامادەکارییەک بۆ ئەوە، ئەو شتانە دووبارە دەکەینەوە کە پێشتر لەبارەی دروستبوونی مرۆڤەوە گوتمان، کە مرۆڤ تەنها بۆ پەرستنی خوداوەندەکان و

کارکردن بۆیان دروست کراوە (5)،



مرۆڤ شوێنی نیشتەجێبوونی (پەرستگا)ی لەسەر زەوی بۆ خوداوەندەکان دروست دەکرد، ڕێوڕەسمەکانی ئەنجام دەدا و قوربانی بۆ دەکرد...هتد، ئەگەر بەندە نەیتوانی ئەوە بکات، خوداوەندەکان لەم دونیایەدا بە سزای توند سزای دەدەن بە جۆرەها سزا، وەک بەڵا وزاڵکردنی دەسەڵاتی شەیتانەکان بەسەریدا، خوداوەندی پارێزەری وازی لێدەهێنا ، بۆیە جنۆکە دەکەوتنە جەستەیدا ، بۆیە ئایین زاڵ بووە بەسەر شارستانییەتی بابلی، لە لێکۆڵینەوەکانماندا بۆ ڕێکخراوە ئایینییەکان و دامەزراوەکان بۆمان دەردەکەوێت کە یەکەم بینا تەلارسازییە گرنگەکان کۆشک یان خانووی گرنگ نەبوون، بەڵکو پەرستگا بوون بۆ خوداوەندەکان.

وێنە و ڕێوڕەسمە ئایینیەکانی زۆرن و جۆراوجۆرن، لەوانەش نوێژ و پێشباری کردن و جەژنە ئاینیەکان، هەندێکیان بۆ زانینی داهاتوو و زانینی دەرئەنجامی ئەو کارانەیە کە تاک و پاشاکان ئەنجامی دەدەن، ئەمەش ئەوەیە کە ئێمە پێی دەڵێین

---

[5] جێگای سەرنجە کە بەراوردێک لە نێوان بنەچەی وشەی عەرەبی "عەبد-بەندە " و هاوتاکەی لە زمانی عیبریدا لە ڕووی بێژەکردن و مانا و وشەی بابلی((دُلّو)) "دوللو" بکەین، یان ((دولو)) کە بۆ ئاماژەدان بە پەرستکاری - عیبادەت بەکاردێت، بە واتای کار، خزمەت، ملکەچبوون (لە هەمان بابەتی وشەی (ذل) زەلیلکردنی عەرەبی).

پێوارزانی(العرافة) و پێشگۆکاری(الکهانة) و هەندێکیان بۆ دەرکردنی جنۆکەکان یان چاککردنەوەی نەخۆشەکان بەکاردەهێنرێن و ئەمەش دەکەوێتە ژێر بابەتی جادوو و دابەشبوون بە گشتی دەتوانین جۆرەکانی پەرستکاری و ڕێوشوێنە ئاینییەکان دابەش بکەین بۆ دوو بەش پۆلی گشتی لەلایەن تاکێکەوە ئەنجام دەدرێت بۆ گەیشتن بەو مەبەستەی کە مرۆڤ بۆی دروست بووە، کە بریتییە لە پەرستنی خوداوەندەکان ، پۆلێک بەندە کاتێک دەیەوێت هیوایەک یان پێویستییەک بەدی بهێنێت، نەخۆشییەک لاببات، مەترسی جنۆکەکان دوور بخاتەوە و ڕۆحەکان، یان بزانێت وندایی-غەیب چییان بۆ شاردۆتەوە.کاتێک بەندە لە حاڵەتی ئاساییدا بێت، واتە کاتێک دوور بوو لە نەخۆشی و بەڵا، لە پەرستنی خوداوەندەکان بێبەری نییە، ئەوا دەبێت لە خوداوەندەکان بترسێت، کە دروستیان کردووە.

پێشتر لە یەکەم لێکۆڵینەوەماندا تێبینیمان کردووە کە چۆن، . ئەگەر بابلییەکان بیانویستایە کەسێک بە ڕاستودروست و ئایینداروەسف بکەن ، ئەوا بە ترساو لە خوداوەندەکان وەسفیان دەکرد و ئەم ترسە لە جۆرەها پەرستشەکاندا دەردەبڕدرا، وەک نوێژ ([6])،



ئەم پاشا-پێشگۆیە و هاوڕێکەی خۆراک بە مەڕەکانی پەرسگە دەدەن. سەردەمی ئوروک، نزیکەی ۱۹۹۰. ۳۲۰۰ پێش زایین

و پێشکەشکردنی قوربانیدان ، دانیشتوانی کۆنی عێراق چەندین کۆمەڵە نزا و سروودی ئایینیان بەجێهێشتووە ، کە لە پەرستگاکانیاندا دەیانخوێندەوە، هەروەها ئامۆژگارییەکی زۆری پێویست و نزا و داوای لێبوردن لە خوداوەندەکان.

---

[6] وشەی بابلی بۆ نوێژ بریتییە لە ((سوللو)) و لێیەوە ناوی ((تسلیتو)) یان (سوللو) و لێیەوە ناوی (سولو) یان ( سلیتو).

((هەموو ڕۆژێک لە پەروەردگارت بناورێوە)).
((بە قوربانی و نوێژ و بخور))
((دڵ پاک بە لەبەردەم پەروەردگارت))
((ئەوەیە کە خوداوەندی تۆ خۆشی لێدێت))
((هەموو بەیانییەک نوێژ بکە و نزا بکە و بناورێوە ، خوداوەندەکەت گەنجینەکانت پێ دەبەخشێت))
سەرکەوتوو دەبیت بۆیە سوپاسی پەروەردگارت بکە.
((ئەم ئامۆژگارییە لەبەرچاو بگرە. ترس بەختەوەری دەهێنێت - و قوربانیدان تەمەنی درێژت پێدەبەخشێت)).
((نوێژ لە گوناهەکان ڕزگارت دەکات)) [7]



پێشگۆکان ڕێگا و شێوازەکانی پەرستنیان ڕێکخست و سروود و پاڕانەوەکانیان

---

[7] Paul Dhorme, La Religion assyro- Baby Ionienne, (1910), p. 21.

کۆدەکردەوە و ڕێوڕەسم و ڕێوشوێنە ئایینییەکانیان بەڕێسا دەکرد. نوێژ چەندین جۆری هەیە، لەوانە ئەوەی بەندە خۆی ئەنجامی دەدات، بەبێ نێوەندگیری پێشگۆ و هەر جۆرە نوێژێک ناو و شێواز و جوڵەی تایبەتی خۆی هەیە.

نوێژی دەست بەرزکردنەوەی (کڕمات-قنوت) هەیە (بە زمانی سامییەکان ناشی قاتی و لە سۆمەریشدا( شو-ئالا).

دەست بەرزکردنەوە و پاڕانەوە و نوێژی تۆبە و داوای لێبوردن (بە سامی ((شێکۆ)) و عەرەبییەکەی شەفیع و بە سۆمەری (ئەرشیمما)، چۆنەتی کاروبارەکانی ئەوەی بەندە دەیکات زانراون ، ئەویش ئەوەیە کە بەندە دەچێتە پەرسگا و لەبەردەم




خوداوەندەکەی خۆی دەردەخات و دەستەکانی بەرز دەکاتەوە (کڕمات) و لەپی دەستەکانی دەکاتەوە، یان لەپەکانی بڵاودەکاتەوە ( ڤیتۆ ((فتح)) شا ئۆفنا)) و سوژدە دەبات ، دەپاڕێتەوە، نزا دەکات، پێی بتی خوداوەندەکەی ماچ دەکات و دەست لە لێواری جلەکانی دەدات، ماچی دەکات و دەگری و داوای لێبوردن دەکات و لەو نێوەندەدا نوێژی دەخوێنێتەوە کە ڕەنگە دەنگی مۆسیقای لەگەڵدا بێت. پێگەی

نوێژخوێنەکان لە پەیکەر و بووکەڵەی گڵیندا وێنا دەکران، بۆ نموونە سامرییەکان دەستی ڕاستیان دەخستە سەر چەپیان و لەسەر سنگیان دایاناد‌ەنان.
لە سەردەمی کۆندا (لە سەردەمی شانشینی ئەکەدیەکان) سامییەکان دەستی ڕاستیان بەرز دەکردەوە لە کاتێکدا کە کراوە بوو (لەپی دەستیان کراوەبوو) و دەستی چەپیان بە داخراوەوە لەسەر سنگ دادەنا و ئەوەباری یەکەمیان بوو.پاشان دواتر دەستیان کرد بە شۆڕکردنەوەی دەستیان بۆ لایەک، ئاشوورییەکانی کۆن هاوشێوەی



پەرستکارانی سۆ ومەری و سامییەکانیان دەکرد، بەڵام لە سەدەی سێزدەهەمەوە پ.ز ئاشوورییەکان دەستی ڕاستیان شۆڕ دەکردەوە لەکاتێکدا دەستیان نوشتاندبوو(وەک مست)، بەڵام پەنجەی ئاماژە ئازادبوو، و دەستی چەپ بە درێژکراوەیی بەرز دەکرایەوە، و نوێژخوێنەکان لە هەندێک وێنەدا لە دۆخی چەمانەوە لەبەردەم خوداوەنددا نیشان دراون لەکاتێکدا دەستەکانیان بەرز دەکەنەوە بۆ پاڕانەوە.
لەنێو ڕێوڕەسمەکاندا ئەو کارانەی پێشگۆکان ئەنجامی دەدەن، وەک سەربڕینی قوربانییەکان و ئەو ڕسوماتانەی کە بەدوای ئەوەدا دێن، کتێبی بچووکیان بۆ بەجێهێشتووین کە باس لە جۆرەکانی قوربانی و سەرچاوەکانیان دەکات، لەوانەیە ئەمانە لە شێوەی خواردندا بن کە پێشکەش بە خوداوەندەکان بکرێت، لەگەڵیدا گیای بۆنخۆش سووتاندن، یان بە پێشکەشکردنی شلەمەنی لە شێوەی تێکردن وڕشتنی پیرۆزی مەی و خواردنەوە.

لێرەدا وەسفێکی پێشکەشییەکەی یەکێک لە پێشگۆکانی چینی (بارۆ) چینی (پێوارزانان-العرافین)دێنینەوە بۆ خوداوەند شەماشی کردووە لەبری پەرسکارێک:
((لە بەیانیدا، ئاگردانێک یان پشکۆدانێکی لەبەردەم هەریەک لە بتەکانی هەشت خوداوەندەکەدا دانا، شەمش، ئەداد، مەردوک، ئای (مێردی خوداوەند شەمش) و کوڕەکانی و کیتو و مێشارو ، و بۆ خوداوەندی کەسیی پارێزەر و لەسەر مێزێک لە پشتی پشکۆدانەکەوە چوار شووشە شەرابی کونجی و هەندێک نان و تێکەڵەیەک لە



هەنگوین و کەرە و خوێ.پاشان پێشگۆ قوربانیەکەی پێشەنگی کرد لەبەردەم پەیکەری خوداوەند شەمش، هەروەها لەگەڵیدا دەستی ئەو پەرستکارەی گرت کە نزیک بوو لە خۆی، پاشان دەستی کرد بە خوێندنەوە:
"فڵان کەس خزمەتکارەکەتە، ئایا ڕێگەی پێنادەیت ئەم بەیانییە قوربانییەکەی پێشکەشی تۆ بکات؟"

ئایا دەکرێت ئەویش خواردنەوەیەک پێشکەش بە شکۆمەندیتان  بکات؟ئایا شکۆمەندیتان دڵخۆش نابێت کە قوربانییەکی پاک و بێگەرد پێشکەش بکات؟ ([8]).

پاشان قوربانیەکە سەردەبڕدرێت و باشترین بەشەکانی پێشکەش بە خوداوەند دەکرێت، وەکو ڕانی ڕاستی و گورچیلە و بەشێکی! لە گۆشتی بێ ئێسک (نەرمک). ئەو قوربانییەی  سەردەبڕدرێت چییە بۆپەرستگاکە دەکاتە قوربانی ((بەران قوربانییە بۆ مرۆڤەکان)) و دەیانگوت: فلان بەرانی کردووە تە قوربانی بۆ ژیانی، و: سەری بەرانێکی کردووە تە قوربانی بۆ سەری، و ملی بەرانێکی قوربانی بۆ ئەستۆی ... هتد ([9]).

لە نێو پەرستنە گشتییەکاندا ئەو جەژنە ئاینییە گشتییانەی کە لە شارە جیاجیاکان بەڕێوە دەچوون، لەوانەش ئەو جەژنانەی کە ساڵانە لە سەرەتای هەموو ساڵێک بۆ ستایشکردنی خوداوەندی شارەکە بەڕێوە دەچوون، ئەم جەژنە ساڵانەیە لای بابلییەکان بە (ئاقیتو، یان ئاکیتو ناسرابوو،لە زمانی سۆمەری پێی دەوترا( زاگ-مێگ "زاکموک Zag m ug"،) وشەی ئاکیتۆ لەلایەن هەندێک لە سامییەکانەوە بە زمانی ئەکەدی "ئەخیتو".و دواتر عەرەبی بە "حیجتو" ناودەبرێت یان دەوترێتەوە، لە کاتێکدا لە زمانی ئارامی سریانیدا وشەی "حج" تا ئەمڕۆش بە مانای ئاهەنگگێڕان دێت.) و کاتێک کە پێگەی شاری بابل گەورە بوو لە سەردەمی یەکەم شانشینی بابلی، واتە شانشینی حەمورابی، جەژنی سەری ساڵ بۆ شکۆمەندکردنی خوداوەند مەردوک بوو، ،وەک  یەکێک لە ڕێوڕەسمە ئاینییە گرنگەکان  ، لە سەرەتای ساڵی بابلی لە مانگی نیساندا، خوداوەندەکانی بابل و پرۆسپا  (پرسی نەمرود) کۆدەکرێنەوە و بە کاروانێکی شکۆمەند بەسەر  شەقامێکدا تێدەپەڕن بەم هۆیەشەوە ناوی شەقامی کەژاوەیە و دەبرێتە پەرستگای مەردوک (ئیساکلا) بۆ سڵاوکردن و شکۆمەندکردنی خوداوەندەکە، ئەو خوداوەندەی چارەنووسی ساڵی نوێ دەخەملێنێت و بڕیار دەدات چی ڕوودەدات لە سەرەتای ساڵدا.

و باشترە شتێک لەبارەی ئەم جەژنە ئاینییە گرنگە بەکورتی باس بکەین ([10]).

ئەم جەژنە ڕەنگە لە دە تا یازدە ڕۆژ بخایەنێت، لە ڕۆژی دووەمی مانگی نیسانی

---

[8] Paul Dhorme, ibid, p. 107.

[9] Ibid, p. 274.

[10] بگەڕێوە بۆ
Thureau- Dangin, Rituels accadiens (1921).

بابلی (کە دەکەوێتە سەرەتای بەهار)، پێشگۆی باڵا بە ناوی (ئۆریگەڵلۆ) [11]،
لە پەرستگای مەردوک، دوو کاتژمێر پێش کۆتایی شەو جەستەی خۆی پاک دەکاتەوە بە ئاوی ڕووباری پیرۆز، پاشان جلێکی کەتان لەبەر دەکات، دەچێتە ناو پەرستگای مەردوک، نزاییێکی تایبەت دەخوێنێت، پاشان دەرگای پەرستگاکە دەکاتەوە بەجۆرێک کە پەسندبێژان و گۆرانیبێژانی سەر بە پەرستگاکە دەست بە کارەکانیان بکەن.
لە ڕۆژی سێیەمدا پێشگۆی باڵا کارگەلێکی هاوشێوەی ئەو کارانە ئەنجام دەدات کە لە ڕۆژی پێشوودا بە ئەنجام گەیشتووە، لەم ڕۆژەدا پیشەگەرە لێهاتووەکانی وەک دروومانکار و زێڕینگەر و پەیکەرتاش بانگ دەکرێن بۆ دروستکردنی بووکەڵە و وێنە و داپۆشینیان بە جل و بەرگی گرانبەها و ڕازاندنەوەی ئەوان بە بەردی گرانبەها، لە ڕۆژی چوارەمدا هەندێک لە پێشگۆ جۆرێک لە پەرستنی نهێنی ئەنجام دەدەن، لەوانەش نزا و سروودی تایبەت، بۆ ماوەی چوار کاتژمێر پێشی بەیانی و دوای خۆرهەڵاتن، پەرستگاکە پاک دەکرێتەوە و یەکێک لە پێشگۆکان زەویەکەی دەپرژێنێت لە ئاوی دوو حەوز، یەکێکیان ئاوی فورات و ئەوی دیکەیان ئاوی دیجلەی تێدایە.
پاشان مۆسیقاژەنەکان دەست دەکەن بە لێدانی تاسەکان(الصنوج)، لە کاتێکدا پێشگۆی باڵا دواتر خۆی لە هەیکەلی پیرۆز لە پەرستگای مەردوک دادەبێت، کە پەیکەری ئەو خوداوەندە لەوێ داندراوە، پاککەرەوە دەچێتە پەرستگای (نەبۆ) و دەرگاکان چەور دەکات و پاک دەکاتەوە و دیوارەکان بە پێستی بەرخێکی تازە سەربڕدراوەوە پاک دەکاتەوە، پاشان لەگەڵ ئەو شمشێرە هەڵگرەی کە سەر بەرانەکەیان بڕیوە ،دەچن سەری بەرانەکە و پێستی فڕێدەدەنە ناو ڕووباری فورات.
کاری ئەم دووانە کۆتایی دێت و ڕێگەیان پێنادرێت بە درێژایی ڕۆژانی ئاهەنگەکە بچنە ناو پەرستگاکە، دوای ئەوە، پێشگۆی باڵاکە بینیمان، لە پەرستگای مەردوکدا لەکرمات دایە و دەیپەرستێت، پێشگۆکانی پەرستگاکە بانگهێشت دەکات و خزمەتکارەکانی دیکەش ، هەندێک قوربانی پێشکەش دەکات، بە تایبەت کوشتی، دوای ئەوە مێزێکی زێڕین دەبرێت و لە نزیک ڕووبارەکە دادەنرێت بۆ ئەوەی خوداوەند(نەبو) بەکاری بهێنێت کاتێک لە شاری بورسەبا دێت بۆ بابل لە ڕۆژی شەشەمی جەژنەکەدا.

---

[11] ڕاستی ئەم پێشگۆیە لە پلەی یەکەمدا نازانرێت، بەڵام لە سەردەمی مێژووییدا بووەتە باڵاترین پێشگۆی باڵا و هەموو پەرستگایەکی گرنگ پێشگۆی باڵایەکی لەم جۆرەی هەبووە، جگە لە پێشگۆکانی دیکە.

لەم ڕۆژەدا شمشێر هەڵگرەکە سەری ئەو بووکەڵە یانەی کە داندراون دەبڕێت و فڕێی دەداتە ناو ئاگردانێکەوە.
پاشا لەم ڕۆژەدا دەگاتە پەرستگای مەردوک و بەتەنها لە حەوشەی پەرستگاکەدا بەجێدەهێڵرێت پاشان لەناکاو پێشگۆی باڵا لە هەیکەلی پەرستگاوە بۆی دەردەکەوێت و نیشانەی پاشایەتی و تاجەکەی و دارەکەی و شمشێرەکەی لێدەسەنێتەوە.
کۆیان دەکاتەوە و لەبەردەم پەیکەری خوداوەند دایاندەنێت پاشان دەگەڕێتەوە بۆ لای پاشا و شەقێکی لە ڕوومەتەکەی دەدات و بەرەو سەکۆی خوداوەندەکە دەیبات و گوێی ڕادەکێشێت و فەرمانی پێدەکات سوجدە ببات لەبەردەم خوداوەندەکەدا. پاشان پاشا دانپێدانانەکەی دەخوێنێتەوە: ((ئەی خوداوەندەکەم، هیچ گوناهم نەکردووە، ئەی پەروەردگاری وڵاتان، من کەمتەرخەم نەبووم بەرامبەر بە تۆ، نە بابلم وێران کردووە ونە بوومەتە هۆی بێهێزیوسووکایەتی، نە ئیساکلام وێران کردووە ، نە ڕێوڕەسمەکانیشم فەرامۆش کرد. من گرنگیم بە بابل دا و دیوارەکانیم وێران نەکرد”.
پاشان پێشگۆی باڵا کە وەڵامی دەداتەوە: مەترسە و دڵتەنگ مەبە - مەردوک بەرەکەتت پێدەبەخشێت و دوژمنەکانت پارچەپارچەدەکات و نەیارەکانت لەناو دەبات، دوای ئەوە نیشانەکان و دارەکەی دەگەڕێنێتەوە بۆ پاشا و پەرستگاکە بەجێدەهێڵێت دوای ئەوەی پێشگۆی باڵاکە جارێکی دیکە زللەیێکی لێ دەداتەوە، لێدانێک کە دەبێت فرمێسک لە چاوەکانیدا بڕژێت ، گەر وانەبێت بە نیشانەی خراپەکاری دادەنرێت (12)،خراپە.
هەر لەو ڕۆژەدا، پاش ماوەیەکی کەم لە خۆرئاوابوون، پێشگۆی باڵا دەسکێک لە چل داری زەل کە بە ڕیشاڵی دار خورما بەستراوەتەوە فڕێی دەداتە ناو چاڵێکەوە کە لە حەوشەی پەرستگاکەدا هەڵیدەکەنێت و بە هەنگوین و کەرە و ڕۆن تەڕیان دەکات ، گاییێکی سپی بۆ ئەم شوێنە دێنێت و سەردەبڕێت، ڕۆژی حەوتەم بە ئامادەکردنی کاروانی بتەکانی خوداوەندەکان بەسەر دەبات، لەگەڵ جل و بەرگی نایاب دەبەر

---

[12] گرنگی ئەوەی کە پێشگۆی باڵا بەرامبەر بە پاشا دەیکات، ئاماژەیە بۆ سەرچاوەی تیۆری مافی خودایی بۆ پاشایەتی لە نێو بابلییەکاندا ، خوداوەند وەک لە بەشی یەکەمی لێکۆڵینەوەکەماندا نیشانماندا، ئەو کەسەیە کە حوکمڕانی مرۆڤەکان دەکات، پاشا یان فەرمانڕەوا هیچ نییە جگە لە نوێنەری خۆی لە حوکمڕانی لەسەر زەویدا بۆ ئەوەی پاشا فریو نەدرێت وفیز وخۆ بەگەورەزانی نەبنە هۆی ئەوەی حەقیقەتەکەی و ئەرکی خۆی لەبیر بکات،
پاشا لە تایبەتمەندییەکانی دادەماڵدرێت، وەک خەڵکی تر دەبێت، پێشگۆی باڵا شەقێکی لێ دەدات ، سروشتی ڕاستەقینەی خۆی و ئەرکی بەرامبەر بە خوداوەندەکان بیردەخاتەوە.

مەردوک کردن، لەوێ خوداوەند پەرستگاکەی بەجێدەهێڵێت و پاشا بە دەستی خۆی دەبیات بۆشوێنی فێستیڤاڵی جەژنی ساڵانەی تێدا بەڕێوەدەچێت و پاشا بە کاروانێکی شکۆمەندانە بەردەوام دەبێت. پەیکەری خوداوەندەکان لە پشت مەردوکەوە هەڵدەگیرێن و لەم نێوەندەدا پێشگۆکان و خەڵک بەردەوامن لە نوێژکردن و خوێندنەوەی سروودی ئایینی.
دوای ئەوەی کاروانەکە سنوورەکانی پەرستگای ئیساکلا تێدەپەڕێنن، لەسەر شەقامی کاروان وکەژاوە، بەرەو باکوور بەرەو دەروازەی خوداوەندی ئیشتار، تا دەگاتە ڕووبارەکە، لەوێ بەلەمێکی بۆ ئامادە دەکرێت تا بیباتە شوێنی جەژنەکە، بۆ پەرستگایەک کە پێی دەوترێت پەرستگای نوێژ (بە سۆمەری ، ئی -زور). پەیکەری خوداوەندەکانی تێیدا دەمێننەوە تا یازدەهەمین ڕۆژی جەژن -  پێشگۆو خەڵک لە کۆتایی جەژندا هەندێ لە چیرۆکی ئافراندن دەخوێننەوە ، تایبەت بوو بە شکۆمەندکردنی مەردوک و ستایشکردنی قارەمانێتی و گەورەییەکەی و ئاماژەش هەیە کە پێشگۆکان چیرۆکی دروستکردنیان وەک خوێندنەوە، یان نواندن لە شێوەی چیرۆک گێڕانەوەدا دەکرد.
دوای ئەوە کاروانەکە بەهەمان شێوە دەگەڕێتەوە، لەوێ خوداوەند مەردوک دەگەڕێتەوە بۆ پەرستگاکەی و پەیکەری خوداوەندەکانی تر دەگەڕێنەوە بۆ مەزارگەکانیان و خوداوەند نەبو کوڕی مەردوک دەگەڕێتەوە بۆ پەرستگاکەی لە شاری بورسەبا.
جگە لەوەش ئاهەنگگەلێکی گشتی ساز دەکرا کە شێوازی  ئایینی بەسەردا زاڵ بوو، وەک ئاهەنگگێڕان بۆ سەرکەوتن،یا بە  دانانی پەیکەر، دامەزراندنی شار، هەڵکەندنی ڕووبار، یان تاج لەسەر دانانی پاشا، کە پێشگۆکان ژمارەیەکی زۆر سروود و ڕێوڕەسمی ئایینی جۆراوجۆریان ئەنجام دەدا .

## پێشگۆکان و پۆلەکەیان



دووپێشگۆی شاری
وەرکای ئی نزیکەی
٣٢٠٠ پ.ز ،یسەیری
چۆنەتی لەسەر یەک دانانی
هەردوو دەستی بکە

كاهنان من مدينة الوركاء، حوالي ٣٢٠٠ ق.م ووضعية اليدين فيهما متاثرة بوضعية الايدي التي رايناها في اقدم القطع النحتية

ناوی هەندێک پێشگۆ دووبارە بووەتەوە، بۆیە وەک ئامادەکارییەک بۆ ئەو پەرستن و ڕێوڕەسمە ئاینییانەی تر کە باسی دەکەین، باشترە بە کورتی شتێک دەربارەی پێشگۆ و جۆرەکانیان باس بکەین ، بە تایبەت کە ئەو پەرستنانەی کە باسیان دەکەین لەلایەن پێشگۆکانەوە مامەڵەی لەگەڵدا کراوە ، وەک پێشبینی و پێوارِوانی- العرافە- و جادوو و دەرکردنی گیانە خراپەکان و مەبەستی تر، کە تاک ناتوانێت بە تەنیا ئەنجامیان بدات.

ڕەنگە لەوە دڵنیا بین ئەگەر بڵێین لە سەردەمی کۆن کە پێش پێگەیشتنی شارستانیەتی

بابل، مرۆڤەکان خەریکی جێبەجێکردنی ئەو مەبەستە بوون، کە خوداوەندەکان بۆ ئەو مەبەستە دروستیان کردوون، کە بریتی بوو لە پەرستن و کارکردن بۆیان، بۆشەم مەبەستە لە ماڵەکانیاندا بتەکانی خوداوەندەکانیان دادەنا ، لە خواردنەکانیان خۆراکیان پێدەدان، خۆیان خزمەتیان دەکردن و خۆیان لێیان دەپرسین بەبێ ئەوەی شەفاعە-تکاکار یان ناوەندێک لە نێوان خۆیان و ئەواندا هەبێت. هەر ئەمەیە کە جولەکەکانیش لە سەردەمی کۆنیاندا کردوویانە ([13])، بەڵام لەگەڵ تێپەڕبوونی کاتدا کۆمەڵگای بابلی گەشەی کرد ولە ڕووی شارستانییەوە پێگەیشت و پێشکەوتن و شارە گەورەکان گەشەیان کرد و پەرسگاکانیان تێدا دامەزران و بوونە ماڵ بۆ خوداوەندەکانی تایبەتی خۆیان، ئەمەش پێویستی بە سەرهەڵدانی چینێکی تایبەتی خەڵک بوو کە تەرخان خۆیان بکەن بۆ خزمەتکردنی و بەرپرسی کاروباری پەرستنەکانی، ئەمەش چینی پێشگۆکان بوو و لە سەرەتاوە جیاوازییەکی ڕوون لە نێوان فەرمانبەرانی حکومی و فەرمانبەرانی ئایینیدا نەبوو، بۆ نموونە "ئیشاکو" (لە سۆمەریدا (ئیساک) ، و پێشتر بە ( باتیسی ) دەخوێندرایەوە) واتە پێشگۆی باڵا ، لە هەمان کاتدا فەرمانڕەوا یان شازادەی کاتی-دنیایی، پاشاکان خۆیان بە پێشگۆی خوداوەندەکان ناودەبرد و ئەمەش بەردەوام بووتا دوا سەردەمەکانیان گودەیا خۆی بە "پێشگۆی نەنگرسو" ناودەبرد و یەکێک لە نازناوە فەرمییەکانی پاشاکانی ئاشووریش بریتی بوو لە (پێشگۆکانی خوداوەند ئاشوور)، کوریگاڵزو، شای (عەقرقوف)، خۆی بە سەرۆک پێشگۆی ئێنلیل ناودەبرد، هەروەها فەرمانڕەواکان و شازادەکان و زۆرجار شازادەکان پۆستی پێشگۆی باڵای خوداوەندێکی دیاریکراویان دەگرتە ئەستۆ، سارگۆنی ئەکادی کچەکەی وەک پێشگۆی باڵا داناوە بۆ خوداوەند ننار لە شاری ئور و ئاشۆربانیپاڵ دوو براکەی وەک دوو پێشگۆدانا.

پەرەسەندنی ژیانی کۆمەڵایەتی و پێویستی ڕێکخستنی پەرسگاکان لەگەڵ کاروباری جۆراوجۆریان، هەروەها خەمخۆری ژیانی ئایینی، پێویستی بە دامەزراندنی چین و توێژی پێشگۆکان هەبوو ، هەریەکەیان کار و ئەرکی تایبەت بە خۆی هەبوو، زیاتر لە سی چینی پێشگۆ هەبوون ،وەک لە سەرچاوەی میخییەکانەوە هاتووە ،دەژمێردرێت ([14]) و وشەی ((سێنکا)) بەکاردێت ،یا((شنکا))ی سۆمەری (سامییەکانش وەریان

---

[13] نامەی یەهودا- **یهوذا** لە پەیمانی نوێدا ، 17**ودواتر**.

[14] **انظر:**

گرتووه) ئاماژەیه بۆ پێشگۆ بە گشتی و بە گەورەی پێشگۆکان ، یان سەرۆکی پێشگۆکان -کاهینیش پێی دەوترێت (شێنکا ماخ) پاشان وشەی (ئۆریکلۆ) بەکارهات بۆ ئاماژەکردن بە چینێکی تایبەتی پێشگۆی پلە باڵا بەکاردێت.ئێمە بینیومانە ئەم پێشگۆیە لە ڕۆژی سەری ساڵی بابلی لە بابل ئەرکێکی گرنگ ئەنجام دەدات و ئەم پێشگۆیە پۆلێک پێشگۆ بەدوای خۆیدا هێناوە کە لە ژێر دەسەڵاتی ئەودان و یارمەتی دەدەن ، بە تایبەت لە ئاهەنگی جەژنی ساڵانەدا.
لەنێو جۆرەکانی پێشگۆدا چینێک هەیە کە بابەتی پاگژکردنەوە یان پاککردنەوەی ئایینی لە ئەستۆدەگرێت (بە سۆمەری (سۆسور) و لە سامیدا( ڕێمکۆ) یان پێدەوترێت)





مێسانئنێپادا *Mesannepada* ، لوگال کیش-کی *Lugal Kish-ki* ، مێسانئنێپادا[Mesannepada]، پاشای کیش"، لەسەر مۆرێک کە لە گۆڕستانی شاهانە لە ئور دۆزرایەوە، دوا ستوونی کارەکتەرەکان، وا بیردەکرێتەوە کە ژنەکەی دام-نو-گیگ(*dam-nu-gig* ) " .بێت.."

کار و بنەچەیان دەگەڕێتەوە بۆ خوداوەندی ئیا و خوداوەندە تایبەتەکەیان ((چپاک)) ((تشباک))، لەنێو ئەواندا چینێک هەن کە خەریکی لێدانی زەیتی پیرۆزن لە پاشاکان ، هەروەها پاککردنەوەی کەرەستە و شوێنەجیاجیاکانی پەرسگاکە، و پێیان دەوترێت (باشیشو) وبەسۆمەری (کودا).
هەروەهانزاو نەزر و دابەشبکردن دەخوێننەوە و جگە لەوەش پێداویستییەکانی پەرستگاکە کۆدەکەنەوە و چاودێریی وێران نەبوونی دەکەن. ئەو پێشگۆیانەی زۆرترین بەرکەوتنیان لەگەڵ خەڵکدا هەبوو و دەستیان پێدەگا، چینی نووشتە و باڵابەژن نووسەکان (ئەشیبۆ یان میشماشو) بوون، پاشان چینی پێوار زانان(العرافین) بوون.

---

Meissner, Babylonien und Assyrien, II, 63, ff. Jastraw. The Civilization of Babylonia and Assyria, 272 ff.

 

لە هەمووی گرنگتر، نووشتە و باڵابەژن نووسەکان و جادووگەرەکان ئەرکی دەرکردنی شەیتانەکان و گیانە خراپەکانیان لە ئەستۆ دایە  لە ڕێگەی نووشتە و باڵابەژن نووسین و جادووەوە کە لە خوداوەندەکانەوە وەرگیراون، بە تایبەت خوداوەند ((ئایا)) و خزمەتکاری ئەون وچاکبوونەوەی نەخۆشەکان و لابردنی گوناە و خراپییەکانی کە بەهۆی شەیتاەکان، یانەفرەت، یان جادووەکان لەلایەن ئەوانی ترەوە دروست دەبێت ، ئەوان شەڕ لەگەڵ جنۆکەکانی شەو دەکەن و بەتایبەتی  پەری - جنۆکەی((لیلتو)).

سەبارەت بە چینی چینی پێوارزانان(العرافين) (بارو لە سۆمەریدا(ئازو)،ئەوانە هەواڵی وندایی ونەبینراو و شرۆڤەکردنی نیشانەکان بە چەندین شێواز ئەنجام دەدەن، کە هەندێکیان وەسف دەکەین، وەک پشکنینی جگەر و ڕیخۆڵەی گیاندارەکان، لێکدانەوەی خەون و ئاماژەکانی لە چاودێریکردنی ئاژەڵەکانەوە وەردەگیرێن ، لە نێو ئەمانەدا لقێکی تایبەت بە لێکدانەوەی خەونەکان هەیە، پێی دەوترێت (شائیلو).

لە نێوانیاندا چینی گۆرانیبێژان (کالۆ)هەن و ئەو مۆسیقا ئاینییەی کە لە پەرستگاکاندا بەدوایدا دێت، لە نێویاندا سەرکردەیەکی باڵا هەیە، کە بەرپرسیارە لە ڕێکخستنی نوێژی تۆبە، لە نێو ئەمانەشدا بۆریژەنەکان (زیمرو) - و جگە لە پێشگۆکان، هەر لە کۆنەوە پێشگۆی ژنیش هەبووە، و ئەوان چینێکی هاوشێوەی ئەوەی بوون کە باسمان کرد لە چینەکانی پێشگۆکان، ئەوان پێکەوە لە ماڵەکەی خۆیاندا دەژیان کە ناوی (کاکو)ە، کە بەزۆری لە نزیک پەرستگادایە (15).

[15] Meissner, Op Ct, II, 65 ff.



مۆری لوولە یی میزۆپۆتامیا ، کۆتایی سەدەی نۆیە م- سەرەتای سەدەی هەشتەمی پێش زایین، لە ڕێگەی مۆزەخانەی هونەری میترۆپۆلیتان، نیویۆرک

لە نێویاندا ئەو کەسانە بوون کە پێشتر ڕۆڵی لەشفرۆشی پیرۆزیان ئەنجام دەدا، بەتایبەتی لە وەرزی جەژندا لە شوێنێکی سەر بە پەرسگا (بەیت ئەشتامی)، ئەم داب و نەریتە لەلایەن هیرو دۆتۆس ([16])، گێڕدراوەتەوە.. ڕێگەیان پێدرابوو هاوسەرگیری بکەن و ئەرکەکانی پەرستگاکە ئەنجام بدەن ، بەڵام بەو مەرجەی منداڵیان نەبێت، هەریەکێکیان پێی دەگوترا ((قادشتو)).

پێشگۆی ژنیشیان ناو نابوو ((شانکیتو))، مێینەی ((شانکو))یە، کە بۆ ئاماژەکردن بۆ پێشگۆ بەکاردێت، پێشگۆی باڵا ناوی ((ئەنتوو))بوو، دواتر ناوی ((نتیتو)) بوو و زۆرجار لە شوێنێکی تایبەتدا بوون کە وابەستەی پەرستگاکە بوو، توانیویانە هاوسەرگیری بکەن ،بەڵام بەبێ ئەوەی منداڵیان ببێت، هەندێکیشیان وەک پێشگۆ کاری لێکدانەوەی خەونەکانیان ئەنجام دەدا و هەریەکێکیان بانگ دەکرا بە(شائیلتو، مێینەی شائیلو، کە پێشگۆیە).

[16] Meissner, Op Ct, II, 69 ff.







سەرچاوە:

- طه باقر ، ديانة البابليين و الاشوريين، **سومر،مجلة تبحث في آثار العراق القديمة،تصدرها مديرية الآثار القديمة العامة، بغداد– العراق،كانوون الثاني–** ١٩٤٦ – ج ١ – مجلد 2 . – ل ١ – ١٩ .

-طه باقر ، ديانة البابليين و الاشوريين، **سومر،مجلة تبحث في آثار العراق القديمة،تصدرها مديرية الآثار القديمة العامة، بغداد– العراق،تموز–** ١٩٤٦ – ج 2 – مجلد 2 . – ل 179 – 196 .

# هەندێک لە

# گوند و شارەکانی میسۆپۆتامیا






ثقافات الميزوليت( إبيباليوليت) في الشرق الأدنى

| العصر | الثقافة | تاريخها ق.م | اهم صفاتها |
|---|---|---|---|
| الميزوليت | الكبارية | 12000-18500 | المايكروليث ، البيوت الدائرية |
| | النطوفية | 9000-13000 | تدجين الحيوانات ، الأدوات العظمية والحجرية |
| | الزرزية | 8000 -12000 | الزراعة البرية والمستوطنات الاولى في زاوي جمي ، شمال وادي الرافدين . هياكل الموت في كويكلي تبه |
| النيوليت | جرمو | 6000-8000 | اكتشاف الزراعة ، أول قرية فلاحية ، عبادة الآلهة الأم ، الفخار |
| | الصوان | 5800-6000 | المزار الديني |
| | حسونه | 5100-5800 | الغزل والحياكة، أول رسم لوجه بشري |
| | سامراء | 4900-5100 | السواستيكا ، المندالا ، جطال حيوك وهياكل الثيران |



أسماء المواقع الأثرية القديمة والحديثة
الموصل
اربيل
كركوك
السليمانية
آشور
تكريت




الرمادي
الكوت
واسط
كربلاء
الاخيضر
الديوانية
الناصرية
المملكة العربية السعودية



تل حلف
شغر كبازار
براك
سنجا
فيشخابور
باقيان
شانداره
تيه كاور
اخور صياد
Nineveh
ROWANDUZ
Arpachiyah
يارم تيه
موصل
كري ريش
سوريا
الزاب الأعلى
Nimrud
الزاب الأسفل
حسونه
كريم شهر
سليمانيه
ام دباغية
كركوك
جرمو
نوزي
اشور
مطارة
Tigris
ماري
أبو كمال
عانه
نهر الفرات
سامراء
تل الصوان
مندلي
HIT
بغداد
خفاجه
تل اجرب
دور
تل حرقل
سيار
بابل
كربلاء
Bis Nimrud
العراق
نفر
كوفه
اوب
Isin
KUT
لكش
ناصريه
حاج محمد
العبيد
اريدو
كارون
الكرخة

# گوندی چەرموو











شـكل – ١

بيت شبه منتظم – ط ٥ جرمو ( المصدر : جاكيت و وولي )

## أول جرار الفخار



- لكن الأدوات الفخارية أصبحت أهم الاختراعات التقنية وكان بعضها بلون واحد وبعضها مخطط ومزين بالزخارف والحيوانات والنباتات. وكانت هذه الأدوات لخزن وحفظ الحبوب وصناعة الطعام وغير ذلك.
- أقدم جرة فخارية معروفة للنبيذ من ايران حوالي 5000 ق.م / حاجي فيروز تبه

## المزروعات الأولى




ويبدو أن هذا القمح انتشر من موطنه الأصلي في جنوب غرب آسيا على طول طريقين يتفرعان عند النهاية الشرقية لحوض البحر الأبيض المتوسط وقد أتجه أحد الطريقين نحو الجنوب إلى مصر والطريق الآخر إلى أوربا حيث زراعة الدانوبيين .وأقدم آثار الشعير التي عثر عليها وجدت أيضاً مثل القمح في جرمو، وكانت من نوع ذي الصفين وهو مثل قمح الإيمير تداخل بالتأكيد بين الأصل البري والنوع المزروع، **H. Spontannum**لشعير

١- (چەرموو ) (٨٠٠٠- ٦٠٠٠ پ.ز) (١١ كم ڕۆژهەڵاتی چەمچەماڵ,٣٥كم ڕۆژهەڵاتی كەركووک).

د.. تەقی دەباغ،لە شۆڕشی كشتوكاڵی و گوندەكانی بەرایی،دەنووسێت:
هەرچەندە زیاتر لە سی ساڵ بەسەر دەستپێكردنی هەڵكۆڵینەكانی گوندی چەرموو (بە ناوی قەڵای چەرمووی نوێ) تێپەڕیوە، بەڵام هێشتا شوێنەوارەكانی ئەم گوندە لە پێشینەی كارەكان دایە بەو پێیەی كۆنترین گوندی كشتوكاڵییە ، تا ئێستا دۆزراوەتەوە، قەڵای چەرموو لە ڕۆژهەڵاتی شارۆچكەی چەمچەماڵ هەڵكەوتووە ، نزیكەی یازدە كیلۆمەتر لێیەوە دوورە، لە دووری ٣٥ كیلۆمەتر لە ڕۆژهەڵاتی شاری كەركوک، وێرانەكانی ئەو گوندە كۆنەم بینی كە بە ڕووبەرێكی مامناوەندی ١٤٠٠ مەتر چوارگۆشە درێژ بووەتەوە و بەرز بووەتەوە سەرووی ئاستی دەشتی تەنیشتی بە نزیكەی ٢٣ پێ.
وێرانەكانی لەلایەن دامەزراوەی گشتیی شوێنەوار و كەلتوورەكانەوە دۆزرایەوە، پاشان نێردەیێک لە پەیمانگای ڕۆژهەڵاتی زانكۆی شیكاگۆ لە ساڵی ١٩٤٨ دەستی بە هەڵكەندنی تێدا كرد و تا ساڵی ١٩٥٥ بەردەوام بوو، هەڵكۆڵینەكان بووە هۆی دۆزینەوەی شازدە چینە شوێنەواریی یان خانووی نیشتەجێبوون لە چڵەداری تێكبەستراو یان قوڕو نارێک دروستكراوە، یانزە چینە كانی بەرایی كە لە خاكی بنەوە لە ژێرەوە دەست پێدەكەن، بێ سوالەت بوون لە ئامان، یان پارچەی گلینە، بۆیە ئەم قۆناغە گوندنشینییە كە پێشەنگەكانی دانیشتوانانی ئەم خولە كە لەم ماڵانەدا دەژیان، ناوی دەبرا بە قۆناغی پێش گلینەسازی، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی قۆناغێكی سەرەتایی بووە لە پلیكانەكانی گەشەسەندنی گوندەكاندا .(واتە تەنیا لە پێنج چینەكانی سەرەوە،دەفروئامانی گڵینە هەبووە،پێش ئەوە ئامانی بەردیی وشتی دیكەیان بەكارهێناوە-د.تقی الدباغ،الفخار فی العێور ما قبل التاریخ،حضارة العراق-ج ٣-١٩٥٨)




له هەڵکۆڵینەکاندا شوێنەواری هاوشێوەی ئەم سەردەمانە دەرکەوتووە لە چەندین شوێنی نیشتەجێبوونی کۆن لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی نزیکدا ، لەوانە گوندی ئەریحا لە فەلەستین و گوندی جاتل هۆ یوک لە ئاسیای بچووک، لە چەرموو تەنها لە پێنج چینەکەی سەرەوەیدا گلینەسازی دۆزرایەوە،

گلینەی چینی پێنجەم و چوارەم باشترین جۆر بووە کە لەم گوندەدا دەرکەوتووە، بەڵام گلینەکان بە گشتی ئاماژە بەوە دەکەن کە درشتن و دیواریان ئەستوورن و ناسکن، چونکە لە پلەی گەرمی کەمدا ئامادە کراون، گڵەکەان پاک نەبووین، تێکەڵ بە خڵتێکی زۆربووین، و نەشێلراون و نەڕازێنراوەتەوەونەنەخشێنراون ، بەڵام کەمێک لە گلینەی چینی پێنجەم و چوارەمەکە بە هێڵی یەکتربڕو بە ڕەنگی ڕەش یان سوور ڕازاونەتەوە

.

ئەم ئاستە لە بەرهەمهێنانی گڵینە لە گوندەکانی دیکەدا دۆزراوەتەوە، وەک گوندی شمشارە لە دەشتی ڕانیە، گوندێکە سەروەت و سامانەکەی هاوچاخە لەگەڵ پاشماوەی دانیشتوانی گوندی چەرموو ،هەروەها لە گوندێکی تر بە ناوی کورد عەلی




ئاغا دۆزراوەتەوە، کە دەکەوێتە کەناری چەپی ڕووباری زێی گەورە، دەکەوێتە حەفتا و پێنج کیلۆمەتر لە ڕۆژهەڵاتی نەینەوا.

گرنگتر لە گڵینە ،لەئەم گوندە هەندێک دانەوێڵەی خۆراکی کێوی دۆزرایەوە کە گونجاون بۆ چاندن، دوو جۆر گەنم دۆزرایەوە، دوور نەبوون لە بنەچەی کێوی کە بە شێوەیەکی سروشتی لە ناوچەکەدا دەڕوێت، هەروەها جۆرێک لە جۆ دۆزرایەوە، هەروەها نیسک و نۆک و بڕی ئەم جۆرە دانەوێڵە سووتاووبەخەڵووزبووانە دۆزرانەوە، لەهەمان کاتدا کۆکردنەوەی میوە بەردەوام بوو، هەندێک درەخت وەک دار بەڕوو و فستق هاوشێوەی ئەوەی وەکو ئاکۆرن و فستق، هاوشێوەی ئەوەی پێش دۆزینەوەی کشتوکاڵ ڕوویدا، وەک بەڵگەی بوونی نموونەیان لە وێرانەکاندا، سەبارەت بەو ئاژەڵانەی کە لەلایەن گوندنشینانی باکووری عێراقەوە ماڵی کرابوون، و پاشماوەی ئێسکەکانیان بوو لە گوندی چەرموودا دۆزرایەوە، بزن و مەڕ و بەراز بوون، پێدەچێت لەم کاتەدا چێڵ ماڵیکردنیان ڕووی نەدابێت، بەڵکو کەمێک دواکەوتووە، بڕێکی زۆر لە قاپۆ دۆزرایەوە، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە بەشێکی گرنگی خۆراکی خەڵکی گوندەکەی پێکهێناوە.

سەبارەت بەو ئامێر و کەرەستانەی ناوماڵ کە لە نێو داروپەردوو دەرهێندراون، ئاماژەن بۆ گەشەسەندن و پێشکەوتنی پیشەسازی
بۆ نموونە کەوچک و دەرزی دورین کە لە ئێسک دروستکراون دۆزراونەتەوە، گیرەی دەرگای بەرد و کەلوپەلی بەردیش دۆزراونەتەوە، لە لەپکەی تەشیی بەردەستێیی دەحوێندرێتەوە کەوا شارەزاییان هەبووە لە چنین، وەکو چنینی خوری و قەنەب،
سەبارەت بە ئامێرە بەردیینەکان، وردبوون لە بەردەستێ یان شووشەی گڕکانی دروستکرابوون و بڕدراون، لەنێویاندا پارچەی زۆر بچووک هەبوو، بە بەکارهێنانی داروقیرتوند دەکران، لە شێوەی داس و بۆ دروێنەکردن بەکاردەهێنران.
خەڵکی گوندەکە شووشەی گڕکانیان لە ناوچەی دەریاچەی وان لە تورکیای ئێستا هاوردە دەکرد، سەبارەت بە ئامێرە گەورەکان، لە بەردی گڕکان، بەردی لمین، یان بەردی کلسی دروستکرابوون، وەک بیور، دەستاڕ، بەرداش ، پێکوت، ئاون، کەلوپەلەکانی ماڵ ، و دەستاڕەکان کە لە وردکردنی دانەوێڵەدا بەکاردەهێنرێن ،هەروەها تەنوور دۆزرایەوە،کە بۆ دروستکردنی نان هاوشێوەی ئەو تەنوورانەی خەڵکی گوندەکان لەم ڕۆژانەدا بەکاریان دێنن.
لە نێو ئەو شتە گرانبەها و ڕازاوەییانەی دانیشتووانی گوندی چەرموو بەکاریان دەهێنا، گەردەنبەند بوون کە لە دەنکۆڵەی لە بەرد ، گڵ، توێکڵ، یان قەپووچکە دروستکرابوون، هەروەها بازنەکانی لە جۆرە بەردێکی باشی وەک روخام و مەڕمەڕ دروستکرابوون ،هەروەها ئەنگوستیلە وبە بەردەکانی بەشێوەیەکی تەخت دروستکرابوون بۆ وردکردنی بۆیەکان و ئامادەکردنی هەویرەی ڕەنگەکان لەسەریاندا.
لە قۆناغی پێش گڵێنەسازی لە چەرموو ، هەندێک لە دانیشتووان کۆمەڵێک بووکەڵەی گڵێنیان دروست دەکرد، بە شێوەیەکی بچووک کراوە لە شێوەی ژنانی قەڵەوی سکپڕو ڕووت ، هێمای پیت وفەڕو زۆربوون بوو بە خوداوەندی دایک ناسراوە،
بیناسازی پەرەی سەند،.دوای ئەوەی جووتیارەکان لە قۆناغەکانی پێشوودا لە کونجەکانی سەرەتایی و بازنەییدا دەژیان، فێری دروستکردنی خانووی چوارگۆشە بوون کە لە خشتی قوڕین دروستکرابوون، هەندێک خانوو لەسەر بناغەی بەردی سروشتی دروستکرابوون، دیوارەکان بە چینێکی بنگری گڵێنەی نەرم داپۆشرابوون.
زەویی خانووەکان بە چینێکی بنگر داپۆشرابوون لەسەر قامیش لقی دارەکان بۆ بانی خانووەکان، ناوەندی درێژیی ناوەندیی ژوورەکانی یەک خانوو لە نێوان پێنج یان

شەش پێدا بوو و هەر خانوویەک زیاتر لە ژوورێکی تێدابوو.
سەرۆکی تیمی هەڵکەندن، پرۆفیسۆر ڕۆبەرت برایدوود،




ژمارەی دانیشتوانی ئەم گوندەی بە نزیکەی سەد و پەنجا کەس خەمڵاند و مەزەندەی کرد کە گوندەکە بە شانزە چینەکەیەوە، بۆ ماوەی چوار سەدە بەردەوام بووە.
لە کۆتاییدا دەڵێین گوندی جەرمۆ کۆنترین گوندی کشتوکاڵییە و کاتێک دامەزرا کە کشتوکاڵ وماڵیکردنی ئاژەڵەکان بووە پایەی سەرەکی ژیانی مرۆڤەکان لە دوای هەڵگەڕانەوەی سەردەمی بەردینە نوێیەکانەوەلە هەزارەی هەشتەمی پێش زایین ، بەڵام ئەم گۆڕانکارییە لەو سەردەمەدا تایبەتمەند بووە بە خۆبژێوی، بەو مانایەی کە هەر خێزانێکی جووتیاران بە تەنیا بەرهەمیان هێناوە و ئامرازە سەرەتاییەکانی خۆیان بەرهەم هێناوە هێشتا تایبەتمەندی بوونی تەواو لە ژیانی مرۆڤدا دەرنەکەوتووە ،بەڵام ئەم گۆڕانکارییە ئابوورییە کۆرپەی ئەو پێشهاتانەی هەڵگرتبووە کە وردە وردە لەو گوندانەدا دەرکەوتن کە لەم سەردەمانەی دواتردا ڕوویانداوە.)
ژیان لەم قۆناخەدا، لە ناوچە شاخاوییەکاندا کۆببۆوە، وەک: ئەشکەوتی شانیدەرو هەزارمێردو سپیلک، براک، کیوان، وحجیە. دیارە هەڵبژاردنی ئەم ناوچانە بۆ خۆپارێزی بووە لە جانەوەرە دڕندەکان و پێداویستی مرۆ بۆ خۆراک و رووەک و ئاژەڵی کە ڕاویان دەکرد و دوورکەوتونە تەوە لە گیروگرفتەکانی لافاوی رووبارەکان، دواتر لە کۆمەڵە ئەشکەوتی دیکەی ناوچە بڵندەکان (دەرەوەی)

ئەشکەوتەکانیان بڵاوبووینەتەوە.

دیارە ئەو ئەشکەوتانەی هەڵبژاردوون روویان لە خوارووە، لە ڕووی جوگرافییەوە، لەبەر ژینگەو کەشوهەوای باشترو نزیک لە سەرچاوەکانی ئاو و زەوی بەپیت و فەڕ بۆ کشتوکاڵ.

ژیانی سەختی ئەو رۆژگاری ژیانی بەکۆمەڵی سەپاندووە بەسەریدا.

قۆناخی دووەم (پەیدابوونی گوندو چڕبوونەوەی نیشتەجێبوون تیایاندا):

ئەم قۆناخە لە کۆتایی چاخی بەردینی ناوەڕاست (Mesolithic) و چاخی بەردینی نوێ (Neolithic) (العصر الحجري الحديث )

(٨٠٠٠-٥٠٠٠ پ.ز) دەگرێتەوە، جێی نیشتەجێبوونی مرۆ لەو ماوەیەدا بڵاوبۆوە بۆناوچەکانی دوورتر لە ناوچەی ئەشکەوتەکان هەرچەندە لە چوارچێوەی ناوچە چیاییەکان و بەرزەکاندا دەمێنێتەوە، لە ناوچەکانی باکووری عێراق و لە چوارچێوەی ناوچەی دێمی و زەویە بە پیتەکانی نزیک سەرچاوەکانی ئاو وەک: ملفعات، زاوی چەمی، چەرموو.

زاوی چەمی-یا زەوی چەمی- یەکێکە لە نشینگەکانی بەرایی مرۆڤ، یەکەم شوێنی نیشتەجێ بوونە، لە عێراق، د. فوئاد سەفەر ئاماژەی خانوو و بنیاتی بازنەیی کردووە لە دێی زاوی چەمی، لەو باوەڕەدا بوو بانەکەی وەک گۆمبەت بووە لەو چەشنەی بە بنیاتی(بانی) قووچەکی (Tholoi) ناسراوە، لەوەشدا (سیتون لوید) پشتگیری کردووە، واتە ئەم ناوچەیە یەکەم شوێنە ئەم چەشنە بیناسازییەی بەکارهێناوە.





شكل ـ ١

بيت شبه منتظم ـ ط ٥ جرمو ( المصدر : جاكيت و وولي )

نشینگەی چەرموو، بە یەکەم گوندی کشتوکاڵی دەژمێردرێت، (دەکەوێتە ١١ کم دوور لە رۆژهەڵاتی چەمچەماڵ) رووبەرووی (١٦٠٠٠- ١٢٠٠٠) م٢، زیاتر لە (٣٠-٤٠) خانووی قوڕینی تیا دۆزراوەتەوە (بەشێوەی لاکێشەیی، نزیکەی ١٥٠- ٢٠٠ کەس تیا ژیاوە، واتە رێژەی دانیشتووان بۆ هەر خانووێک (Occupancey Rates) (٥ تاک/ خانوو).

لەم قۆناخەدا مرۆ ئاژەڵانیماڵی کردووەو بەکاری هێناوە بۆ گواستنەوەو جووڵە، لە دیاردە شوێنەوارییەکانی ئەم قۆناخە بوونی شووشەی گڕکانی (زجاج برکانی)یە، ئەو باوەڕە لە ئارادایە کەوا مرۆی ناوچەکە لە ئەرمینیای وڵاتی ئەنادۆڵ هێنابی.

لەم قۆناخەدا تایبەتمەندی و گرنگی خێزان دەردەکەوێت لە بواری کۆمەڵایەتی و خێزاندا. دیاردەی ئایینی ئەم قۆناخە لە دۆزینەوەی بووکەڵەی لە قوڕ دروستکراو دایە، کەوا لێکۆڵەران وایان لێکداوەتەوە لەم قۆناخە ئافرەت بە پیرۆز داندراوەو وەک خواوەندی پیت فەڕ سەیر کراوە (خواوەندی دایک- Mother Goddess) لێرەدا پەرستن باشتر لە قۆناخی پێشوو دەردەکەوێت، گۆڕیان لەژێر خانووەکانیاندا بووەو لە گۆڕەکاندا هەندێ پێداویستی مرۆیی وەک کەرەستەو ملوانکە بۆ رازاندنەوەی ئافرەتان دۆزراونەتەوە، بەوەش ئەم بۆچوونە دێتە ئاراوە، کەوا بڕوایان بە زیندووبوونەوە هەبووە.

(ئەم قۆناخە قۆناخی بیرکردنەوەی جادوویی بووە واتە هێشتا هۆو ئەنجام بە دروستی بەیەک نەگەیەندراون، بیرکردنەوەی جادوویی پیرۆزکردنی ئافرەتی تێدایە بە هێمای پیت و فەڕی زانیوەو بوو کەڵەکەی لە کێڵگەکان داناوە بۆ زێدەبوونی پیت و خەڕو ژیان نانەوە.)

لەم قۆناخەدا لە ڕووی ئابوورییەوە مرۆ بۆ یەکەم جار لە مێژوودا (شۆڕشێکی ئابووری ئەنجامدا) ، مرۆ گەنم و جۆو نیسکی چاندو ئاژەڵی ماڵی کرد وەک: بزن و مەڕ.

لە ڕووی پیشەی دەستی رستن و چنین، لە پیشە بەراییەکانیان بوو، لەنێو

شوێنەوارەکاندا (تەشی- پێڕێس (مغزی) یان دۆزیوەتەوە، سەرباری کەرەستەی ماڵەوەو کەرەستەی بەرهەمهێنی لە بەرد دروست کراو، وەک کەرەستەی رازاندنەوەو داتاشین و گاسنی کێڵان.

کەرەستەی بیناسازی، مرۆ لە قوڕو دارو خانووی خۆی دروست کرد، گواستنەوەی بەردی نایاب لە دەرەوەی ناوچەکە واتە بازرگانی هەبووەو پێک گۆڕینەوەی کاڵا هەبووەو زێدەی بەرهەم هەبووە لە دەرەوەی ماڵ دا کراوەو ئەمبار کراوە.

لەم قۆناخە مرۆ پانتایی خانوەکەی دابەشی سەر چەندان کەرت کردووە بۆ بەکارهێنانی جیاواز، وەک: شوێنی چێشتلێنان (تەندوور) و شوێنی هەڵگرتن و گوزەران و نووستن هەبووە.

بوونی ئاژەڵ لەگەڵ مرۆ لە خانووەکەیداو دیارکردنی شوێنی تایبەت بە ئەوان، سەبارەت بە بانی خانوو بانی لار لەبار بووە بۆ ناوچەی ساردو پڕبارانی تووند چی بۆ یەکلا یا هەردوولا Truss (وەک هەیکەلی جەمەلۆنەکانی یان).

بەمجۆرە دەرفەتی باشتری بۆ خۆی و خێزانەکەی لە پشوو و ئاسوودەیی و تایبەتمەندی دروست کردووە.

جووڵەی سادەو ژمارەی کەمی دانیشتووان وایکردووە ڕێگاو کۆڵانەکان ناڕێک بن.

بەمجۆرە لەم قۆناخەدا گوند سەریهەڵداو پێشکەوت بە ڕادەیەکی باش گەشەی ئابووری و کۆمەڵایەتی و ئاوەدانی هاتەئاراوە.

تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵایەتی و ئابووری و ئاوەدانی لە گوندا پەرەی سەند بەرەو سەرەتای دروست بوونی شار.

نشینگەی چەرموو، بە یەکەم گوندی کشتوکاڵی دەژمێردرێت، دەکەوێتە ١١ کم دوور لە رۆژهەڵاتی چەمچەماڵ) رووبەڕووی (١٦٠٠٠- ١٢٠٠٠) م٢، زیاتر لە (٣٠- ٤٠) خانووی قوڕینی تیا دۆزراوەتەوە (بەشێوەی لاکێشەیی، نزیکەی ١٥٠- ٢٠٠ کەس تیا ژیاوە، واتە ڕێژەی دانیشتووان بۆ هەر خانوویەک (Occupancey Rates) (٥ تاک/ خانوو).

لەم قۆناخەدا مرۆ ئاژەڵانیماڵی کردووەو بەکاری هێناوە بۆ گواستنەوەو جووڵە، لە دیاردە شوێنەوارییەکانی ئەم قۆناخە بوونی شووشەی گڕکانی (زجاج برکانی)یە، ئەو باوەڕە لە ئارادایە کەوا مرۆی ناوچەکە بە ئەرمینیای وڵاتی ئەنادۆڵ هێنابی.
لەم قۆناخەدا تایبەتمەندی و گرنگی خێزان دەردەکەوێت لە بواری کۆمەڵایەتی و خێزاندا. دیاردەی ئایینی ئەم قۆناخە لە دۆزینەوەی بووکەڵەی لە قوتی دروستکراو دایە، کەوا لێکۆڵەران وایان لێکداوەتەوە لەم قۆناخە ئافرەت بە پیرۆز داندراوەو وەک خواوەندی پیت فەڕ سەیر کراوە (خواوەندی دایک- Mother Goddess) لێرەدا پەرستن باشتر لە قۆناخی پێشوو دەردەکەوێت، گۆڕیان لەژێر خانووەکانیاندا بووەو لە گۆڕەکاندا هەندێ پێداویستی مرۆیی وەک کەرەستەو ملوانکە بۆ رازاندنەوەی ئافرەتان دۆزراونەتەوە ئەوەش ئەم بۆچوونە دێتە ئاراوە، کەوا بڕوایان لە زیندووبوونەوە هەبووە.
(ئەم قۆناخە قۆناخی بیرکردنەوەی جادوویی بووە واتە هێشتا هۆو ئەنجام بە دروستی بەیەک نەگەیەندراون، بیرکردنەوەی جادوویی پیرۆزکردنی ئافرەتی تێدایە بە هێمای پیت و خەڕی زانیوەو بوو کەڵەکەی لە کێڵگەکان داناوە بۆ زێدەبوونی پیت و خەڕو ژیان نانەوە.لەم قۆناخەدا لە ڕووی ئابوورییەوە مرۆ (شۆڕشێکی ئابووری ئەنجامدا) لە مێژوودا یەکەم جار، مرۆ گەنم و جۆو نیسکی چاندو ئاژەڵی ماڵی کرد وەک: بزن و مەڕ.
لە ڕووی پیشەی دەستی ڕشتن و چنین، لە پیشە بەراییەکانیان بوو، لەنێو شوێنەوارەکاندا (تەشی- پێڕێس (مغزی) یان دۆزیوەتەوە، سەرباری کەرەستەی ماڵەوەو کەرەستەی بەرهەمهێنی لە بەرد دروست کراوە، وەک کەرەستەی رازاندنەوەو داتاشین و گاسنی کێڵان.
کەرەستەی بیناسازی مرۆ لە قوڕو دارو خانووی خۆی دروست کرد، گواستنەوەی بەردی نایاب لە دەرەوەی ناوچەکە واتە بازرگانی هەبووەو پێک گۆڕینەوەی کاڵا هەبووەو زێدەی بەرهەم هەبووە لە دەرەوەی ماڵ دا کراوەو ئەمبار کراوە.
لەم قۆناخە مرۆ پانتایی خاوەکەی دابەشی سەر چەندان کەرت کردووە بۆ بەکارهێنانی جیاواز، وەک: شوێنی چێشتلێنان (تەندوور) و شوێنی هەڵگرتن و گوزەران و نووستن هەبووە.
بوونی ئاژەڵ لەگەڵ مرۆ لە خانووەکەیداو دیارکردنی شوێنی تایبەت بە ئەوان، سەبارەت بە بانی خانوو بانی لار لەبار بووە بۆ ناوچەی ساردو بڕبارانی توووند چی

بۆ لایەک یا هەردوو لا Truss (وەک هەیکەلی جەمەلۆنەکانی یان).
بەمجۆرە دەرفەتی باشتری بۆ خۆی و خێزانەکەی لە پشوو و ئاسوودەیی و تایبەتمەندی دروست کردووە.
جوولەی سادەو ژمارەی کەمی دانیشتووان وایکردووە ڕێگاو کۆڵانەکان نارێک بن.
بەمجۆرە لەم قۆناخەدا گوند سەریهەڵداو پێشکەوت بە ڕادەیەکی باش گەشەی ئابووری و کۆمەڵایەتی و ئاوەدانی.
تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵایەتی و ئابووری و ئاوەدانی لە گوندا پەرەی سەند بەرەو سەرەتای دروست بوونی شار.

د. تقی الدباغ ، الثورة الزراعية والقرى الأولى ، الانتقال من الكهوف الى القرى، الفصل الرابع ، حضارة العراق،ج 2،1985، ل 111-144.

# گوندی حەسونە









٢-( حەسوونە ) (٥٨٠٠ -٥١٠٠ پ.ز) (ناحیەی شورە,٣٥کم خوارووی مووسڵ)

سەرەتای سەرهەڵدانی شار
لەو ماوەی نێوان چاخی بەردینی نوێ و چاخی بەردینی کانزاییی، هەرچەندە هەندێ بەشێک لە توێژەران چاخی کانزاییی بە بەشێک لە چاخی نوێ دەزانن، لەبەرئەوەی کانزاسازی (التعدین) لە بەشی کۆتاییی دروست بوو.
ئەم قۆناخە نشینگەو دانیشتووانی خولەکانی خوارەوە دەگرێتەوە:
- حەسوونە (حسونە).
- حەلەف (حلف).
کە لەنێو بەشی باکووری چیاییی ڕوویداوە تا گەیشتۆتە بشی ناوەڕاستی پان و دەشتاییی.
لە ڕۆخ کەنارە ئاوەکانی ڕووبارەکان یا نزیک لەوان.
نشینگەی (مستوگنە) تەل سەوان (تل الیوان) کەوا (١١) کم لە خوارووی سارمەرایە

بە ڕووبەری (٢٢٠ * ١١٠م) لە هەموو ئەم نشینگانە بەرچاوترە.گۆڕانەکانی لە پێکهاتەی ئەم نشیمەنانە هاتۆتەدی نیشان دەدەن.دانیشتووانەکان درێژەپێدەری ڕەچەڵەکانی پێشوون هەتا هەندێ دەڵێن سۆمەرییەکان لە نیوەی دووەمی ئەم قۆناخە لێرە ژیاون.(- د. عدنان مکی البدراوی، المدینە الاولی، بین العصر الحجری المعدنی وعصر فی السلالات- ص٢٩٥- ٢٩٦.)

ئەم گوندە پێشهاتەکانی شۆڕشی کشتوکاڵی زیاتر لە گوندی چەرموو تێدا دەرکەوت، هەروەها ئاماژەیە بۆ بڵاوبوونەوەی گوندەکان لە دەشتەکانی باکور دوای دەستپێکردنی نیشتەجێبوونی کشتوکاڵی لە دامێنی چیاکان. تەل حەسونە کە دەکەوێتە ناحیەی شورای سەر بە پارێزگای نەینەوا، پاشماوەی گوندێکی سەرەتایی دێرین لەخۆدەگرێت کە دەکەوێتە سی و پێنج کیلۆمەتر لە باشووری شارۆچکەی موسڵ. بەرزی گردەکە نزیکەی حەوت مەتر لە سەرووی دەشتی تەنیشتەوەیە، لێکۆڵینەوە شوێنەوارییەکان لەوێ لەژێر بەڕێوەبردنی دامەزراوەی گشتی بۆ دێرین و میراتەکان لە ساڵانی ١٩٤٣-١٩٤٤ ئەنجامدرا،لێکۆڵینەوەکان بەردەوامی نیشتەجێبوونی نزیکەی دە نەوەی نیشتەجێ بوونی دانیشتووانی ئاشکرا کرد، کە پاشماوەکانیان لە شازدە چینە سەرەکییەکاندا دۆزراونەتەوە، کە لە بنی ئەو چینانەدا شوێنەواری نشینگەیێکی بەرایی کشتوکاڵی دەرکەوتووە، لە سەر ئەوەی کە شوێنەوارناسەکان پێی دەڵێن خاکی پاکیزە، وا دیارە دانیشتووانەکان لە نێو ڕەشماڵدا دەژیان، چونکە هیچ پاشماوەیەکی خانووی دروستکراو نەدۆزراوەتەوە، بەڵکو بڕێ گڵێنەی سەردەمی بەردینە نوێیەکاندۆزرانەوە.

دوای ئەو جووتیارانەی لە هەواری ڕەشمالێدا دەژیان، نەوەکانیان هاتن، کە شوێنەواری ئەوان لەم چینانەی خوارەوەدا دۆزرایەوە، ئەم کەسانە لە باوباپیرانیان زیاتر پێشڕەوییان کرد، بەو پێیەی دەستیان کرد بە دروستکردنی ماڵەکانیان لە گڵ، بەڵام زۆری نەخایاند فێری دروستکردنی خشت بوون لە گڵ.لەگوندەکەیان کە پێنج چینی خوارەوەی داگیرکردبوو، کۆگای دانەوێڵە لە شێوەی ئەستێر و گۆزەی گەورەیگڵی سوورنەکراوە هەبوو.

لە زەوی ماڵەکەدا تا لێوارەکانی دەنێژرا و دەمی بە خۆڵ و قیر دادەپۆشرا، لە فڕنێکی گڵین نانیان دەبرژاند و کەرستەی ماڵەکانیان لە بەرد و گڵ و دار دروست دەکرد، وەک ئاون، داسی لە بەردەستێ، گاسن، دەستاڕەکانی وردکردن، بیوری بەرد، خڕۆکەی تەونکاری و بووکەڵەی گڵین، کە ئاماژەن بۆ جۆرێک لە پەرستنی خوداوەندی دایک(ئەم بە پیرۆزگرتنە لە پەیوەندی دایکەوە بووە بە زۆربوون و

پیتوفەڕ،وەک ئاماژەیێک بۆ پەیوەندی یەکی جادوویی ).




لە هەندێک لە شتە کۆنەکانەوە دەرکەوتووە کە جووتیاران گەنم و جۆیان لە جۆرە کێوییەکان کە بە شێوەیەکی سروشتی لە ناوچەکەدا گەشەیان کردووە چاندووە، پشتیان بە بارانی دێمی و بەپیتی خاکەکە بەستووە، بۆ دروێنەکردنی دانەوێڵەکان داسیان بەکاردەهێنا، کە لە بەردەستێ یان شووشەی گڕکان بڕابوو، لە پارچەی بچووک پێکهاتبوو کە بە قیر لە هەڵگرێکی داردا جێگیرکراون، هەروەها هیربارى گڵێنەیان بەکارهێناوە ددانددار بۆ وردکردنی دانەوێڵەکان و جیاکردنەوەی توێکڵەکانیان و دەستاڕی بەردیان بەکارهێنا بۆ وردکردنیان، لە ئێسکی ئاژەڵەکانەوە دەردەکەوێت، کە مەڕ و بزنیان ماڵی کردووە، چەند جۆرێک لە گڵێنە لەم گوندەدا دەرکەوتوون.
کۆنەکەیان خراپ وسادە بوون لە شێوەدا، نەخشی ڕەنگاوڕەنگیان نەبوو،یا بە نەخشی ئەندازەیی یەک ڕەنگ ڕازێنرابووونەوە، ڕەش بوون، سەبارەت بە جۆری نموونەیی، بەنەخشی ئەندازەیی لەتدار ڕازێنراونەتەوە.یان ڕەنگی ڕەش، یان لەتدار و ڕەنگاوڕەنگ لە هەمان کاتدا ، جۆری پێشکەوتوو هەیە، کە هەندێک پێی دەڵێن گڵێنەی سامەرا،
خولێکی کولتووری دیاریکراوی بۆ تەرخان کراوە و هەرچییەک بێت، ئەم گڵێنە پێشکەوتووە یەکڕەنگە و لە هەمان کاتدا هەم نەخشی ڕەنگاوڕەنگ و هەم نەخشی بڕاو لەخۆدەگرێت، نەخشەکانی ئەندازەیین، هەندێکیان سروشتین، کە تێیدا باڵندە،

ماسی، دووشك , ئاسک و مانگا هەن، هەموو ئەم جۆرانە بە دەست دروست دەکران و پەیوەندی دەرەکی بە ئەوانی ترەوە لە کەرەستەکانەوە دەردەکەون کە لە ناوچەکەدا بوونیان نییە پارچە شووشەی گڕکانی لە تورکیا و ئەرمینیا هاوردە دەکرا بۆ دروستکردنی ئامێر بە تایبەت داس و سەر تیر و سەدەفی دەریایی لە ناوچەی کەنداوی عەرەبیەوە هاوردە دەکرا بۆ دروستکردنی خشلَ .
هەروەها قیر لە ناوچەی حەمام ئەلعەلیلەوە هاوردە دەکرا بۆ بۆیاخکردنی هیربار و کۆگاکانی دانەوێڵە ، ئەوەی ئاماژەیە بۆ پەیوەندییە دەرەکییەکان لة طةلَ دراوسێکانیان بڵاوبوونەوەی دەفرە کۆزەییەکانیان لە زۆرێک لە شوێنە گوندنشینەکان و لە وڵاتانی دراوسێی ڕۆژهەڵاتی نزیکدا. ئەم گوندە بە تاقیکردنەوەی تیشکدەرەوەی کاربۆنی ١٤ی ماددە ئۆرگانییەکان لە چینی پێنجەمەوە ناسرابوو، و مێژووەکەی٧٢٥١ ساڵ لەمەوبەر زیَدة یان کةمتر ٢٠٦ ساڵ بووبێت. لەوانەیە سەرەتای ئەم گوندە کۆنتر بووبێت، بەڵام نیشتەجێبوون لەویَ لە سەردەمەکانی دواتردا هەر بەردەوام بوو.

## گوندی ئەلسەوان




### سەرەتای سەرهەڵدانی شار

لەو ماوەی نێوان چاخی بەردینی نوێ (Neolithic) (العصر الحجري الحديث ) (٨٠٠٠-٥٠٠٠ پ.ز) و چاخی بەردینی مسین(کانزایی)(العصر الحجري النحاسي) (کالکولیت – Chalcolithic) (٥٦٠٠ – ٣١٠٠ پ.ز) ، هەرچەندە هەندێ بەشێک لە توێژەران چاخی کانزایی بە بەشێک لە چاخی نوێ دەزانن، لەبەرئەوەی کانزاسازی (التعدين) لە بەشی کۆتایی دروست بوو.

ئەم قۆناخە نشینگەو دانیشتووانی خولەکانی خوارەوە دەگرێتەوە:
- حەسوونە (حسونە).
- حەلەف (حلف).

کە لەنێو بەشی باکووری چیایی ڕوویداوە تا گەیشتۆتە بشی ناوەڕاستی پان و دەشتایی.
لە رۆخ کەنارە ئاوەکانی ڕووبارەکان یا نزیک لەوان.
نشینگەی (مستوطنە) تەل سەوان (تل الصوان) کەوا (١١) کم لە خوارووی سارمەرایە بە ڕووبەری (٢٢٠ * ١١٠م) لە هەموو ئەم نشینگانە بەرچاوترە.
گۆڕانەکانی لە پێکهاتەی ئەم نشیمەنانە هاتوتەدی نیشان دەدەن.
دانیشتووانەکان درێژەپێدەری ڕەچەڵەکانی پێشوون هەتا هەندێ دەڵێن سۆمەرییەکان لە نیوەی دووەمی ئەم قۆناخە لێرە ژیاون.

لە نێو ئەو شوێنەوارانەی کە شوێنەواری گوندە کشتوکاڵییەکانی تێدا دۆزرایەوە، ئەو شوێنەیە بە ناوی گردی ئەلسەوان کە دەکەوێتە کەناری ڕاستی دیجلە و نزیکەی یازدە کیلۆمەتر لە باشووری شارۆچکەی سامەڕا دوورە، گردێکی بچووکە کە نزیکەی سێ مەتر بەرزترە لە دەشتی دەوروبەری.
ئەم گردە لە ساڵی ١٩١٢ لەلایەن هەڵکەندنکاری ئەڵمانی هێرتزفێڵدەوە لە کاتی هەڵکەندنەکانیدا لە شاری سامارا لێکۆڵینەوەی لەسەر کراوە و گرنگییەکەی ڕوون بووەوە دوای ئەوەی لەلایەن پسپۆڕانی دامەزراوی گشتی بۆ شوێنەوار و کەلەپوور لێکۆڵینەوەی لەسەر کراوە، لەوێ دەرکەوت کە زۆربەی ئەو شوێنەوارانەی کە لە ڕووی گردەکەوە کۆکراونەتەوە گڵێنەی سەردەمی حەسۆنەی کۆن و پێشکەوتووی (سەردەمی سامەرا) بوون،بۆیە لە ساڵی ١٩٦٤ دەستکرا بە هەڵکەندنی ، و ئەو هەڵکۆڵینانە ئەنجامە گرنگەکان لە پێنج چینە سەرەکییەکاندا دەرکەوت، هەموویان لەوانە قۆناغێکی کشتوکاڵی پێشکەوتووتر لە چاو ئەو قۆناغەی کە لە ئەنجامی هەڵکەندنەکانی چەرمودا هاتە ئاراوە، لە چینی یەکەمدا پاشماوەی ئەو خانووانە دۆزرایەوە کە بە خشتی قوڕ دروستکراون، کە زۆر پێشکەوتوون بە بەراورد بە خانووەکانی پێشوو.هەروەها شوێنەواری کەندرێک دۆزرایەوە ، کە بە یەکەمین دادەنرێت لە جۆری خۆی لە عێراقدا، پانییەکەی ٢.٥ مەتر و قووڵیەکەی سێ مەتر، و شوێنەواری لە پێنج خاڵدا دۆزرایەوە، ئەم کەندرە ئاماژەیە بۆ بوونی گروپێکی سەقامگیر کە توانای بەرگری ڕێکخراوەیی هەیە.
خەڵکی چینی یەکەمی ئەم دانیشتووانە بۆ بژێوی ژیانیان پشتیان بە چاندنی گەنم و جۆ بەستبوو، چاندنی ئەم دوو جۆرە بەروبوومەش پەیوەست بوو بە ئاودێری، وەک ئەوەی ئێستا لە هەمان ناوچەدا هەیە.بەهۆی کەمی بارانبارین لە ناوەڕاستی عێراق، نموونەی دانەوێڵەی سووتاو لە لایەکی دیوی باکوری کەندڕی بەرگری دۆزرایەوە، لە

لێکۆڵینەوەی پسپۆڕان دەرکەوت کە دانەوێڵەی گەنم و جۆ و تۆوی کەتان و گەنم بوون، جگە لە کشتوکاڵ، خەڵکی گوندەکە خەریکی لەوەڕاندنی ئاژەڵەماڵیەکان و ڕاوکردنی ئاژەڵە کێوییەکان بوون، لێکۆڵینەوەیەکی ورد لە خاکدا لە سەرچاوەی جۆراوجۆرەوە بۆمان ڕوون بۆتەوە، بەشێک لە پاشماوە پێکهاتەییەکان بریتین لە کۆمەڵێک لە پاشماوەی ئێسکی ئاژەڵە ماڵی و کێوییەکان کە دانیشتووان گۆشتەکانیان خواردووە و سوودیان لە پاشماوەی دیکە وەرگرتووە، پسپۆڕان پشتڕاستیان کردەوە کە ئەم ئێسکانە هی مەڕن، هەروەها هی ئاسک و گا کێوییەکانن، لەنێو ئەو بینایانەی کە شایەنی باسە بینایەکی فراوانە کە لە قوڕ دروستکراوە و دیوارەکانی بە قوڕسواق دراوە، کە پێدەچێت تایبەتمەندییەکی گشتی یان ئایینی هەبێت، و ڕەنگە ئەوەش یەکێک بووبێت لە پەرسگەکان ، ئەم ئەگەرە پشتگیری دەکرێت بە بوونی پەیکەرە بچووکەکانی مەڕمەڕی لەو جۆرەی کە پێی دەوترێت پەیکەری خوداوەندی دایک، هەروەها لە چینە یەکەمەکانی ئەم گردەدا کۆمەڵێک گۆڕی گرنگ دۆزراونەتەوە ، کە ژمارەیان زیاتر لە سەد گۆڕە لەناویاندا، جگە لە ئێسکەپەیکەرەکان.کۆمەڵەیەکی بەنرخ لە کەلوپەلی بەرد و بووکەڵەی بچووک کە لە بەردی مەڕمەڕی مۆمی جوان نەخشێنراون.

هەروەها کۆمەڵێک خشڵ دۆزرایەوە کە هەندێکیان لە بەردی بەنرخی وەک ئاقیق و فیروزە و مرواری وزەبەردەج دروستکرابوون، ئەم گۆڕانە لەسەر زەوی چینی یەکەم هەڵکۆڵدرابوون، لە سەرووی زەوی بنجی و لە یەکێکیاندا ئێسکەپەیکەری ژنێک کە بە بۆیەی سوور ڕەنگکراوە ، لە گۆرەکەیدا ملوانکە و دەنکۆڵەی جۆراوجۆر لەگەڵیدا نێژرابوون، لەنێویاندا دەنکۆڵەی مسی خاو.

ئەوەی سەرنجی بۆ پاشماوەکانی ڕادەکێشێت ژمارەیەکی زۆر پەیکەر لەم گۆڕانەدا دۆزرایەوە، کە لە مەڕمەڕ داتاشراون، لە ژووری کۆگا و ژوورەکاندا ژمارەیەکی زۆر ئامێر و کەرەستە هەبوون کە لە بەرد دروستکرابوون، کە بۆ وردکردنی دانەوێڵە و ئامادەکردنی خۆراک و کێڵان و دروێنەکردن بەکاردەهێنران و لەنێویاندا دەستاڕ هەبوون کە هەندێکیان شێوەی زینی ئەسپیان بوون، کوتەکی خڕو درێژو ئاون وداسی لە بەردەستێ دروست کرابون هەبوون.

کەرەستەی تەونی دورین ودەپی بۆیە تێکەڵکردن وقورپی دەرگا،

و کۆمەڵێک ئامێری دورینی باش کە لە ئێسک دروستکراون، وەک دەرزی و درێشە، دۆزرایەوە، ئەوان بەڵگەی یەکلاکەرەوەن لەسەر ئەوەی دانیشتوانی ئەم نیشینگەیە جل و بەرگیان دوریوە لە چەرم، پەشم، یان موو، کە لەسەر تەشی وا دەڕستران

خڕۆکەی  دەخولێتەوە لە گڵینە یان بەرد دروستکرابوون، هەروەها دۆزینەوەی سەنگەکانی تەون لە بەرد یان گڵینە دروستکرابوون، باشترین بەڵگەیە بۆ چنینی قوماش و ئامادەکردنی بۆ جل و بەرگ و کەلوپەلی تر.
گڵینەی تەل ئەلسەوان ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە دانیشگەکە سنووری باشووری بڵاوبوونەوەی گوندنشینەکان دەنوێنێت لە سەردەمی حەسونە، لە چینەکانی خوارەوەدا گۆزە و پارچە گڵینەییەکانی جۆری حەسونەی کۆن دۆزرایەوە، پاشان نموونەیی، پاشان پێشکەوتووەکان لە دوو چینەکەی کۆتایی ، هەموو جۆرەکانی بەردەست بوون، وەکو دەفرە سادەکان کە بێ نەخش بوون ، شێلراو، ڕەنگاوڕەنگ و لەتکراو، هەروەها ڕەنگاوڕەنگ و لەتکراو لە هەمان کاتدا.
چینی خوارەوەی گوندی ئەلسەوان بەپێی هەڵبژاردنی کاربۆنی تیشکدەر-١٤ مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ نزیکەی ٧٤٥٦ ساڵ، لەگەڵ یان کەم ٧٣ ساڵ کۆنتر.









Nergal\Erra ,Son to Enlil and Ninlil
Lord of the Under World



شكل (50) رمز العالم الأسفل، رسم محمد علي آل تاجر

**هێمای** جیهانی ژێرزەوی کور



شـكل ـ ٣


شـكل ـ ٣
نماذج من الدمى الممثلة للالهة الام من موقع تـل الصوان


سامراء - حلف
ثقافتا سامراء وحلف وانتقال العصر من النيوليت الى الكالكوليت في حدود 5000 ق.م
Lago de Van
Mar Caspio
río Tigris
Lago de Urmia
Halaf
Cultura Halaf
Hassuna
Mar Mediterráneo
Cultura Hassuna-Samarra
Samarra
es-Sawwan
Río Jordán
río Éufrates
Mar Muerto
Golfo Pérsico


4.ثقافة سامراء
HTTP://WWW.EMIS.DE/MONOGRAPHS/JABLAN/CHAP22.HTM
(a)
(b)
(c)
(d)
(e)
(f)
(g)


ثقافة سامراء آخر ثقافة زراعية نيوليثية
كان أهم منجزاتها أنها  أنتجت الرموز

## گوندی مەتارە(قريه مطارة )

شوێنەواری سەرەتایی کشتوکاڵی لە گردی قەرە یەتاخ ( تل قره يگخ ) دۆزرایەوە کە نزیکەی چوار کیلۆمەتر لە شارۆچکەی مەتارە دوورە ،کە دەکەوێتە باشووری شاری کەرکوکەوە، شوێنەواری ئەم گردە لەلایەن نێردراوێکی ئەمریکی لە پەیمانگای ڕۆژهەڵاتی زانکۆی شیکاگۆ لە ساڵی ١٩٤٨ دۆزرایەوە ، لێکچوونێکی بەهێزی دۆزییەوە لە نێوان شوێنەوارەکانی و شوێنەواری تەل حەسونەدا ، بە تایبەت لە گڵێنەدا،

دەتوانرێت بڵێین گوندی مەتارە نوێنەرایەتی فرەچەشنییەکی باشووری ئەو گڵێنەی کۆن و تایبەت و پێشکەوتووانە دەکات کە لە گوندی حەسونەهەبوون، جگە لە ئامێر و کەرەستەی کشتوکاڵی، ئێسکی ئاژەڵەماڵیەکان، و پاشماوەی دانەوێڵەی کشتوکاڵی، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی دانیشتوانی گوندەکە پەیوەندییەکی نزیکیان لەگەڵ کشتوکاڵ و لەوەڕاندنی ئاژەڵەکاندا هەیە بۆ سوودە ئابووریەکانیان، مێژووی ئەم گوندە دەگەڕێتەوە بۆ تاقیکردنەوەی کاربۆنی تیشکدەر ١٤ دەگەڕێتەوە بۆ نزیکەی ٧٥٧٠ ساڵ، زۆرتر یان کەم ٢٥٠ ساڵ لەمەوبەر.

## گوندی ئوم ئەلدەباغیە(ام الدباغیە)

لە تەل ئوم ئەلدەباغیە ، کە دەکەوێتە سەر دەشتی جزیرە بە دووری بیست و شەش کیلۆمەتر لە ڕۆژئاوای شاری حەزەر- الحچر ، نێردەییکی ئینگلیز وێرانەکانی گوندێکی کشتوکاڵی دۆزیەوە ، کە لەسەر چاندنی گەنم و جۆ و نیسک و نۆک دەژیا ، لەسەر لەوەڕاندنی بزن و مەڕ و ئاژەڵ و بەراز دەژیا.ڕوون بووەوە ،کۆنترین بارەگای نیشتەجێبوون لەم گوندەدا بریتی بوون لە ئەوان بینای خڕ یان هێلکەیی ولە تەنیشت یەکتر ، و هەندێک بەشیان بۆ هەڵگرتن- کۆگاکردن بەکاردەهێنران.

هەندێک کۆگا هەن وا دەردەکەون کە بەکۆمەڵن و تایبەت نین بە یەک بنەماڵە، شایەنی باسە کە گڵێنەی ئەم گوندە زۆر لە گڵێنەی گوندەکانی حەسونە و مەتارە دەچێت، ئەمەش ئاماژەیە بۆ هاوکاتی ئەم سێ گوندە و جۆرێک لە پەیوەندی نێوانیان ، پاشماوەی ئەم قۆناغە شارستانییە دیاری کراوە لە ڕووی مێژووییەوە بە بەراورد لەگەڵ دوو شوێنی دیکە:گردەکانی سەلاسات-و گرستو-تل ستو،

یەکەم شوێن بە تاقیکردنەوەی کاربۆنی تیشکدەر-١٤ بۆ نزیکەی ٧٥٧٠ ساڵ دەگەڕێتەوە، زیاد یان کەم ١٢٠ ساڵ لەمەوبەر.

## گوندی نەینەوا(نینوی)

وێرانەکانی ئەم گوندە دێرینە دەکەوێتە شاری موسڵ، لە ژێر وێرانەکانی بینا ئاشوورییەکاندا، لە شوێنێک بە ناوی گردی قوینجاق.
نێردەیەکی ئینگلیزی لە مۆزەخانەی بەریتانییەوە لە ساڵانی ١٩٣١-١٩٣٢ لێکۆڵینەوەی ئەنجامدا بۆ ئەوەی بیرۆکەیەک لەبارەی ڕێکوپێکی و زنجیرەبەندیی سەردەمی پێش مێژوو لەم ناوچەیەدا بەدەستبهێنێت، پێنج چینە سەرەکییەکەی ئاشکرا کرد کە چەند پاشماوەیەکی تێدا دۆزرایەوە، شوێنەواری گوندێکی سەرەتایی لە چینی یەکەمدا دۆزرایەوە، کە لەسەر زەوی بنجی نیشتەجێ بوون و لە گەورەترین بەشی چینی دووەمدا، چینەکەی دواتر، کە هەندێک جۆری گڵێنەی حەسونەی تێدا دۆزرایەوە، ئەم گوندە لە سەردەمانی دواتردا بەردەوام دانیشتوانی تێدابووە، لە سەردەمانی حەلەف و عوبەید، بەرەبەیانی مێژوو و بەرەبەیانی بنەماڵەکاندا.

## گوندی یارم تەپە(قریە یارم تبە )

وێرانەکانی ئەم گوندە دێرینە دەکەوێتە دەشتی شەنگال و حەوت کیلۆمەتر لە باشووری ڕۆژئاوای شارۆچکەی تەلعەفەرەوە دوورە، لە شەش گرد پێکهاتووە کە لە هەردوو لا ڕووبارێکی بچوک بە ناوی ئاری درێژدەبێتەوە و سێ گردیان لە هەر  لایەکدایە.
هەڵکۆڵینەکان لەوێ لەلایەن نێردەیێکی شوێنەواری سۆڤیەتی ئەنجامدرا و شوێنەواری گوندێکی سەرەتایی لە گردی یەکەمدا دۆزیەوە بە دوازدە نهۆمی نیشتەجێبوونەوە، سەبارەت بە گردی دووەم، نیشتەجێبوون لە سەردەمێکی دواتردا دەستیپێکردووە، کە گڵینەی ڕەنگاوڕەنگ و بێ ڕەنگ و بینای بازنەیی کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی حەڵەف دۆزرایەوە.

## گوندی شمشاره(قرية شمشارة)

گردی شمشارە یەکێکە لەو شوێنەوارانەی لە دەشتی ڕانیەن کە لێکۆڵینەوە شوێنەوارییەکان لە ڕووی کشتوکاڵ و ژیانی سەرەتایی گوندەکانەوە ئەنجامێکی گرنگی لێکەوتووەتەوە. ئەم گردە دەکەوێتە کەناری ڕاستی ڕووباری زابی بچووک، نزیکەی هەشت کیلۆمەتر لە باشووری ڕۆژهەڵاتی شارۆچکەی ڕانیە. کاتێک لە ساڵی ١٩٥٦دا جێبەجێکردنی پرۆژەی بەنداوی دۆکان دەستپێکرد، ڕێکخراوی گشتی بۆ شوێنەوارو کولتوور لێکۆڵینەوەی شوێنەواریی لەو ناوچەیە ئەنجامدا، کە دواتر ئاوی ئەم بەنداوە دای پۆشی، چەندین تەپۆڵکەی شوێنەواری دۆزیەوە و دواتر گرنگەکانی هەڵبژارد بۆ ئەنجامدانی هەڵکەندنی ڕزگارکردنەکی شوێنەواریی، ئەنجامی ئەم بەدواداچوونانە تۆمارکردنی نزیکەی چل شوێنی شوێنەواری بوو لە ناوچەی لافاوەکاندا، هەڵکۆڵینەکان لە شوێنە زۆر گرنگەکاندا لە ساڵی ١٩٥٦ دەستیپێکرد، و کارەکان تا ساڵی ١٩٦٠ بەردەوام بوو، و بەنداوەکە لە ساڵی ١٩٥٨ دروستکرا.

ئەنجامی پشکنین و هەڵکۆڵینەکان دەریانخست کە ئەم دەشتە بەپیتە لە سەردەمی گوندە کشتوکاڵییە سەرەتاییەکاندا مرۆڤ تیایدا نیشتەجێ بووە، نیشتەجێبوون لە هەموو سەردەمەکانی پێش مێژوو و دواتر مێژووییدا بەردەوام بووە، لە گردی شمشارە کە نزیکەی نۆزدە مەتر بەرزترە لە دەشتی دەوروبەری، نێردەیێکی شوێنەواریی دانیمارکی لە ساڵی ١٩٩٩ دا هەڵکۆڵینی کرد ولە ١٩٥٧ و دوای وەستانی کاری ئەم نێردەیە لە ساڵی ١٩٥٨، دامەزراوی گشتی عێراقی بۆ شوێنەوار وکولتوور هەڵکۆڵینەکانی گرتە ئەستۆ،لە خەندەقی شوێنەوارییەکەدا لە لوتکەی گردەکەوە تا قووڵترین چینەکانی لە بنەکەیدا پاشماوەی دە چینی شوێنەواری ئاشکرا کرد ، هەشت چینە یەکەمەکان (١٦-٩) دەگەڕێنەوە بۆسەردەمی قۆناغی یەکەمی گوندە کشتوکاڵییەکان، سێ چینە یەکەمەکان (١٦-١٤)پاشماوەی گڵێنەیان تێدا نەبوو، پێدەچێت هاوچەرخ بووبن لەگەڵ گوندی چەرموو لە سەردەمی پێش ئەوەی گڵێنەلەوێ دروست بکرێت و کەرەستەی بەردینی کشتوکاڵی ورد دۆزراونتەوە، سەبارەت بەو گوندانەی کە چینەکانی تر (١٣-٩)،گڵێنەیان تێدا دەرکەوتووە ،کە بە توندی هاوشێوەی گڵێنەی حەسونە بووە، ئەمەش ئەوە دەردەخات کە ئەو دوو گوندە هاوکات بووین.

لە هەزارەی پێنجەمی پێش زایین گوندەکانی قۆناغی دووەم دامەزران، کە زیاتر لە

گوندەکانی پێش خۆی پێشکەوتووتر بوو و پێشکەوتنێکی شارستانی بەرچاو بوو کە لە سەرەتای هەزارەی چوارەمی پێش زایینداڕێگەی بۆ دامەزراندنی شارستانییەتی خۆش کرد، لەم قۆناغەدا گوندەکان زیادی کرد و ڕووبەرەکەیان فراوانتر بوو و هەندێکیان لە کۆتاییدا گەشەیان کرد و بوون بە شار،کشتوکاڵ گەشەی سەند ،کە پێشتر بە بۆخۆبەس بوون تایبەتمەند بوو، فراوان بوو لە ڕووی بەرهەمی کشتوکاڵییەوە، جووتیاران دەستیان کرد بە ئاڵوگۆڕی بەرهەمی زیادە و کاڵا و پێداویستییەکان کە تایبەتمەند بوون لە دروستکردنیان. بە واتایەکی تر دابەشبوونی کار و سەرەتاکانی تایبەتمەندبوون دەرکەوت، لەم کاتەدا ، کە نیشتەجێبوونی دەشتە کشتوکاڵییەکان و پاشان دەشتە نیشتەنییەکان لە بەشەکانی ناوەڕاست و باشووری وڵاتدادەستی پێکرد، چاندنی ئاودێری بە ڕووبار و چەمەکاندا دەرکەوت، و گڵینەی گوندەکان نایاب بوون ،بەهۆی ئەوەی لە جۆری ڕەنگاوڕەنگ و ڕازاوە بوون و هەندێک لە جۆرەکانی، لە جوانترین شتەکانن کە شارستانییەتە کۆنەکان بەرهەمیان هێناوە.

## گوندی ئەرپچیە(قریە الاربجیە)

گوندی ئەرپچیە، ناوەکەی لە وشەیێکی تورکییەوە هاتووە بەواتای (پیاوانی جۆ) ،بەهۆی گردی ئەرپچیە بەناوبانگ بووە،ئەرپچیە، لە ئێستادا پێی دەوترێت گردی ڕەشوە، بە دووری هەشت کیلۆمەتر لە باکووری ڕۆژهەڵاتی نەینەوا، پایتەختی ئاشووری دێرین، گردێکی بچووکە کە پێنج مەتر و نیو لە ئاستی خاکی دەوروبەری بەرز دەبێتەوە، ئەم شوێنە بووە لەساڵی ١٩٢٨ دۆزرایەوە، لەساڵی ١٩٣٣لە لایەن نێردەیێکی ئینگلیزی بەسەرۆکایەی پرۆفیسۆر (ملوان) هەڵکۆڵین لەم گردە کراوە، دەرکەوت ئەو گوندەی لە شوێنی ئەم دێیەبووە لە گوندە هەرەکۆنەکانە، دەگەڕێتەوەبۆ نزیکەی هەزارەی پێنجەمی پ.ز.( کورکیس عواد،تحقیقات بلدانیة-تاریخیة-اثریة،في شرقي الموصل، مجلة سومر-1961 ،ج1و2 ،1961 ،ل 43)

و لە ساڵی ١٩٧١ لە لایەن نێردەیێکی عێراقی هەڵکۆڵینی بۆکراوە.

ئەم گوندە بە گڵینە جوانەکانی بەناوبانگە ، بۆ یەکەمجار پێش جەنگی جیهانی یەکەم لە تەل حەلەف دۆزرایەوە، کە دەکەوێتە سەر ڕووباری خابور لە نزیک گوندی سەرێ کانی -ڕاس ئەلعەین لەسەر سنووری سوریا و تورکیا، بەو پێیەی گڵینە دۆزراوەکە سەرنجی هەڵکەندنکارانی لەو سەردەمەدا نە ورووژاند، گرنگی ئەو ڕۆڵە شارستانییەی کە ئەم گڵینانە هەیانە بە نادیاری مابوونەوە تا لە ساڵی ١٩٣١دا زانیاری دەربارەیان بڵاوکرایەوە،

لەو کاتەوە گرنگیدان دەستیپێکرد، بەتایبەتی دوای ئەوەی هەڵکەندن لە طوندة کۆنەکانی تردا ڕوویدا ، لە ڕاستیدا گرنگی ئەم گڵینەیانە و ئەوەی لەگەڵیان بووە بە وردی دوای ئەو هەڵکۆڵینانەی کە لەلایەن نێردەی بەریتانییەوە ئەنجامدرا لێرە لە گوندی ئەرپچیە زیاتر ڕوون بووەوە ، کە تێیدا دەکرا دوو طەقرِی سەرەکی جیا کرانەوە، یەکەمیان لە کەتندرِی تاقیکردنەوەیی ،

دەیەم و نۆیەم و هەشتەم، دووەم لە کەتندرِی تاقیکردنەوەی حەوتەم و شەشەم و پێنجەم.

هەروەها دەتوانرێت شوێنەواری دوو چینەکە جیا بکرێتەوە لەوەی کە لە لێوارەکانی گردەکەوە هەڵکەندراوە، هەروەها ئەم گوندە بە درێژایی سەردەمی عوبەیدی دواتر بەردەوام بووە، ئەوەی سەرسامی ئەم دەفرە گڵینەیانە زیاتر دەکات ئەوەیە کە بە دەست دروستکراون، وەک چۆن دەزگای گڵینەسازی هێشتا بەکارنەهاتووە، بەڵام گەورەیی

ئەم دەفرانە بریتییە لە ڕێکوپێکی شێوەی و جوانی ڕازاندنەوەکانی تا ئێستاش سەرسامی ورووژێنن، چەندین جۆری کەلوپەل دروست دەکرا، وەکو مەنجەڵ و ئامان و قاپ و کوپە و پەرداخ و گۆزە، سەبارەت بە ڕازاندنەوەکانیش شێوەی هاوسەنگیان هەیە، وەک ئەندازەیی و نەخشی گوڵ و نەخشی ئاژەڵ، وەک چیچەک و گەڵاکانی ڕووەک و دەوەن و باڵندە ومار و ئاسک و سەری گا سروشتیەکان، یان بە شێوەیەکی پێواری-ڕەمزی کێشراون، ئەم قاپانە لە گەڕی یەکەمدا وا باو بوو بە ڕەش ڕەنگ بکرێت، لە گەڕی دووەمیشدا بە دوو یان چەند ڕەنگێک، وەک سوور، پرتەقاڵی، زەرد، قاوەیی، و ڕەش.

توێژەران ناکۆک بوون لەسەر سەرچاوەی ئەم گڵێنەیانە و دیاریکردنی ئەو وڵاتەی کە سەرچاوەیەتی ، هەندێک پێیان وایە کە ئی سوریایە، هەندێکی تر پێیان وایە کە بە ئی یۆنانیە، ئەمەش بە بەڵگە دەهێننەوە، بیناگەلێکی بازنەیی کە لە باکوری عێراق دۆزراونەتەوە، هاوشێوەکانیان لە قوبرس و کریت و میسینی لە سەردەمێکی نوێترەوە دۆزراونەتەوە لە پێوەندی لەگەڵ مێژووی دێرینەکانی سەردەمی حەلەف لە عێراق، جگە لە بەکارهێنانی هەندێک بوکەڵە و هێما ئاینیەکان، وەک بوکەڵەی دایک ناسراو بە خوداوەندی دایک و کۆتر و بیوری دوو لێوار و سەری گا ،

ئەم جۆرە هێمایانە لە کریت دۆزراونەتەوە و بەو پێیەی کە گڵێنەی حەلەف چەند سەدەیەک لەم دێرینە کۆنترە، ئەوە دروست نییە بڵێین ئەم دەرکەوتە شارستانییە یۆنانییانە کاریگەرییەکی عێراقییان هەیە و ئەوەی کە بۆچوونی ئێمە زیاتر دەکات ئەوەیە کە ئەم گڵێنە بنجەکی ناوخۆیی هەیە لە باکووری عێراق،لە زۆرێک لە گوندە کۆنەکانی عێراقی نزیک لە یەکتر بە شێوەیەکی چینبەندی دروست دۆزرایەوە ، تیایدا پەرەسەندنی تەکنیکی بەرهەمهێنانی و شێوە و نووسراوەکانی لە جۆری سادە تا جۆرە ئاڵۆز و باڵاکان و بوونی لەگەڵ گڵێنەی سەردەمی حەسونەی پێشوو لە چینە ڕاگواستەییەکان لە چەند گوندێکی شوێنەواریدا، ئەمەش وامان لێدەکات باکوری عێراق وەک وڵاتی ئەو بناسین ، وادیارە ئەم پیشەسازییە گڵێنە سازییە لە ناوچەکانی ڕۆژئاوا بە ڕێگای کاروانە بازرگانییەکان لەڕێگەی فورات و جزیرەدا بڵاوبووەوە بۆ ناوچەی دەریای سپی ناوەڕاست و ئەنادۆڵ. لە ناوچەی خابور لە گوندی باراک و گوندی شاغەر بازاڕ و گوندی حەلەفیش، لە ڕێگەی ڕووباری ئەلبالغەوە بڵاوبووەتەوە، کە لە تەل ئەسوەد و تل زیدان دۆزراوەتەوە، هەروەها لە ڕێگەی کارکێمیشەوە ( جرابولوس) دۆزراوەتەوە بۆ ئۆغارتی کۆن (راس شامرا) لە کەنارەکانی دەریای ناوەڕاست، و بۆ تاڵکە تەپە لە سەردەریاچەی وان لە ئاسیای

بچووک.قەبارەی ئەو گوندە کە پاشماوەکانی لە گردی ئەرپچیە دۆزراونەتەوە، ئاماژەیە بۆ پێشکەوتنی گوندە جووتیارەکان لە ڕووی ڕێکخستن و شێوازی بیناسازییەوە، لە سایەی ئەمەوە ئەرپچیە نزیک بووەوە لە شارێکی بچووکەوە ، تێیدا بیناسازیی نیشتەجێبوون، خانوو و ڕێکخستنیان لە شەقامەکاندا کە بە بەردی سروشتی بەردرێژ کرابوون، هەرچەندە گڵ وەک مادەی باو لە دروستکردنی خانوودا مابووەوە، بەڵام بەکارهێنانی خشتیش دەرکەوت.لە کۆتایی سەردەمی حەلەفدا جۆرێکی سەیر و سەمەرەی بینا لەم گوندەدا دامەزرا، کە هاوشێوەیان لە قوبرس و کریت و میسینای یۆنان دۆزرایەوە.
لە ئەرپچیە دە باڵەخانە لەم جۆرە دۆزراونەتەوە، تیرەکەیان لە نێوان پێنج مەتر و نیو بۆ حەوت مەتر بووە، لە گڵ لەسەر بناغەی بەرد لە شێوەی شانە هەنگ دروستکراون، پێدەچێت بانیان کەوانەیی بووبێت، هەندێک لەئەوان دەروازەیەکی چوونە ژوورەوەیان لە پێشەوەی بیناکەدا هەبووە لە شێوەی ژوورێکی لاکێشەدا، بەڵام لە هیچ کامیاندا پاشماوەی ئێسک، نەدۆزراوەتەوە، بە پێچەوانەی بینا هاوشێوەکانی قوبرس و میسینی کە گۆڕ بووین، توێژەران هێشتا ڕوونکردنەوەیەکی ڕوونیان نییە بۆ بەکاربردنی ئەم خانوانە لە باکووری عێراق، هەندێک پێشنیاری ئەوە دەکەن کە گەورەکان وەک ئەو بینایەی کە دەکەوێتە ناوەندی گوندی ئەرپچیە ، جۆرێک لە پەرستگا یان مەزارگەی ئایینی یان دیوەخانە بووبن بۆ کۆمەڵگەی گوندەکە، هەندێکی تریش هەیانە بەجۆرێکی تایبەتی دەزانن لە ماڵی نیشتەجێبوون ئەم بۆچوونە پشتگیری دەکرێت لەلایەن جۆرە نوێیەکانەوە کە لە گوندی تارلۆ لە ئاسیا ی بچووک دۆزراونەتەوە، سەلمێنراوە کە خانووی نیشتەجێبوونن.
جگە لە گڵێنە و بینای نیشتەجێبوون، ئامێری کشتوکاڵی و کەرەستەی کشتوکاڵی و پاشماوەی ئاژەڵە ماڵیەکان لەم گوندەدا دۆزرایەوە، ئەمەش ئاماژەیە بۆ کشتوکاڵ کردن و لەوەڕاندن، هەروەها جۆری باشی ملوانکە وخڕۆکەی بچووکی بەردی بە هێڵی ڕاست یان یەکتربڕ ڕازێنرابووەوە دۆزرایەوە. لەوانەیە بۆ سەرەگڵێنییەکان بەکارهاتبن،بۆ سەری گۆزە کان،هەروەها سەرە دارە بەردەکان و پەنناگرییە بەردینەکان و بووکەڵەش دۆزرایەوە، بووکەڵەی ئاژەڵ و بووکەڵەی دایک ناسراو بە خوداوەندی دایک، لە شێوەی ژنێکی قەڵەو و دەستەکانی لەسەر مەمکەکانی و جەستەی داناوە، بە هێڵ و خاڵ ڕازاوەتەوە کە وا بیردەکرێتەوە جۆرێکە لە کوتان ، بەپێی تاقیکردنەوەی کاربۆنی تیشکدەر ١٤ گوندی ئەرپچیە مێژووەکەی ئەم دەگەڕێتەوە بۆ نزیکەی ٧٠٧٧ یان ٦٩٨٠ ساڵ لەمەوبەر.

## گوندی بانه هێلک (قريه بانا هلک )

گردی بانه هێلک دەکەوێتە ناوچەی ڕەواندوز، یەک کیلۆمەتر لە باشووری ڕۆژئاوای دیانا، گردێکی بچووکە و بەرزییەکەی لە ئاستی دەشتی تەنیشت زیاتر لە پێنج مەتر تێناپەڕێت. میسیۆنێکی ئەمریکی لە پەیمانگای ڕۆژهەڵاتی زانکۆی شیکاگۆ لە ساڵی ١٩٤٥ هەڵیاندا و گڵینەی حەلەفیان هەڵکەندەوە، بە ڕەنگی ڕەنگاوڕەنگ و نە بۆیاخ، نموونەکانیش لە گوندی ئەرباجییەش دەرکەوتن.جگە لە ئامانی گڵینە، کۆمەڵێک پاشماوەی شوێنەواری دۆزرایەوە، وەکو ئامان و کەرەستەی بەردین و شوێنەوارە لەئێسکدروستکراوەکان، تاقیکردنەوەی تیشکدەرەوەی کاربۆن-١٤ دەریدەخات کە ئەم گوندە پێش ساڵی ٦٩٠٤ ئاوەدان بووە، زیاتر یان کەمتر بە ٧٢ ساڵ ، هەروەها بەپێی تاقیکردنەوەیەکی دیکە ، پێش ساڵی ٦٨٠١، زیاد یان کەم ٨٥ ساڵ .

# گوندی بەگم( قرية بكم )

گردی بەگم دەکەوێتە دۆڵی شارەزوور. دامەزراوی گشتیی عێراقی بۆ دێرین و کولتوور لە ساڵی ١٩٦٠ بەدواداچوونیان بۆ کرد و بۆیان دەرکەوت ئەو گوندەجێ نیشتەجێبوونێکە لە سەردەمی حەڵەفەوە ، چەندین گڵینەی تێدا دۆزرایەوە، هەروەها بینای شێوە بازنەیی هاوشێوەی ئەو بینایانەی لە گوندی ئەرپچیە دۆزرایەوە.لە بوونی گڵینەی ترەوە دەردەکەوێت کە گوندەکە بەردەوام بووە لە ئاوەدان بووە و جوتیاری تیابووە لەدوو سەردەمی دواتری عوبەید و وەرکا.

## گوندی ئیبراهیم عەزۆ(قریه ابراهیم عزو)

وێرانەکانی ئەم گوندە لە حەڤدە کیلۆمەتری باکووری ڕۆژئاوای شاری موسڵ هەڵکەوتووە. لە ساڵی ١٩٨٢ ، دامەزراوەی گشتی بۆ شوێنەواروکولتوور هەڵیکەندوە و بینای شێوە بازنەیی ودەفری گڵینەی چەشنی خەلەفی دۆزیوەتەوە، هەروەها دەفری بەردین و کۆمەڵێک تەشی و ئامێری ئێسکین و بووکەڵەی گڵیشی لێ دەرهێنراون، وا دیارە دواترگوندەکە لە سەردەمی عوبەید و ئوروکیش بەردەوام ئاوەدان بووە .

# گوندی حەسەن(قریه حسن )

پاشماوەکانی ئەم گوندە دێرینە لە گردێکی ناسراو بەم ناوەدایە، دەکەوێتە نزیک کانیاوی ئەلخەشالات لە ناوچەی حەمرین، دامەزراوەی گشتی بۆ شوێنەواروکولتوور جێی نیشتەجێبوونێکی کۆنی تێدا دۆزیوەتەوە، کە پاشماوەی تەلارسازیی لێ ماوەتەوە بینایەکی شێوە بازنەیی و گڵێنەی فرەڕەنگی سەردەمی حەلەف، وا دیارە گوندەکە دواتر تا سەردەمی عوبەید بەردەوام بووە.

# گوندی کۆخا مامی(قریه جوخه مامی)

ئەم گوندە دێرینە بە چەند کیلۆمەترێک لە باکووری شارۆچکەی مەندەلی هەڵکەوتووە. هەڵکۆڵینەکان لەوێوە بە ئەرکێکی شوێنەواریی هاوبەش لە لایەن فێرگەی شوێنەواری بەریتانی لە بەغدا و پەیمانگای ڕۆژهەڵاتی زانکۆی شیکاگۆ لە ساڵی ١٩٦٧ دەستی پێکرد،

گڵێنەی سەردەمی حەلەف لە بیرێکی گوندەکە دەرهێنرا، ئەم گڵینانە فرەڕەنگ بوون و لە گڵێنەی گوندی عەربچییە دەچوون، مێژووەکەی بە تیشکدەرەوەی کاربۆن-١٤ دەگەڕێتەوە بۆ نزیکەی ٦٨٩٦ی ساڵ لەمەوبەر ، وا دیارە کە گوندەکە کۆتایی باشووری بڵاوبوونەوەی گوندەکانی سەردەمی حەلەف دەنوێنێت لە عێراق.

شوێنەوارەکان ئاماژەن بۆ بەردەوامبوونی نیشتەجێبوون لەم گوندەدا لە سەردەمی عوبەید و سەرهەڵدانی خانەدانەکان و سەردەمی ئەکەدیەکان.

سەبارەت بە گوندەکانی قۆناغی سێهەمیش، لە سەردەمی عوبەیددا لە سەرتاسەری عێراقدا بڵاوبوونەتەوە، لە کاتێکدا گوندەکانی پێشوو بە پلەی یەکەم لە ناوچەی باکور بڵاوبوونەتەوە و چەند گوندێکی کەمیان لە ناوەنددا دۆزراونەتەوە ولە باشوور هیچ شوێنەوارێکیان تێدا نەدۆزراوەتەوە.

پێش کۆتایی هاتنی سەردەمی حەلەف لە تەپە گەورە توخمە بەهێزەکانی شارستانیەتی عوبەید دەستیان کرد بە دەرکەوتن.

دەکرێ بڵێین لە ناوچەکانی ناوەڕاستی باشوور شارە مێژووییە بەناوبانگەکان لەسەر وێرانەکانی گوندەکانی عوبەید هەڵنراون، هەروەک لە لێکۆڵینەوەکاندا ئاماژەی پێکراوە، لە زۆرێک لە شارەکانی وەک ئور، ئەریدو، لاگاش، ئوروک و ئەوانی تر ئەنجامدرا و دەتوانرێت بوترێت، لە کۆتایی هەزارەی پێنجەمی پێش زایین، چەندان گوند لە سەردەمی عوبەید لەسەر چەمەکان بڵاوبوونەتەوە کە لقی زێیە گەورەکان بووین.

ئەم گوندە پێشکەوتووانە بە دیوار و زیادبوونی ژمارەی دانیشتووانیان جیا دەکرانەوە، ئەمەش بە بەڵگەی زیادبوونی ژمارەی خانووی نیشتەجێبوون و ژمارەیەکی زۆری گۆڕەکانە کە لە شێوەی گۆڕستانی گشتی لە دەرەوەی جێ نیشتەجێبوونەکان کۆکرابوونەوە.

لانیکەم هەزار گۆڕ لە شاری ئێریدو دۆزرایەوە، ئەم گۆڕانە ڕێکوپێک و لە خشت دروستکرابوون، پەرستگاکان لە ڕووی زیادبوونی ڕووبەرەکەیان و فرەیی دامەزراوەکانیان و پتەوییان لە دروستکردنیان و پەرەسەندنی شێوازی تەلارسازییان گەشەیان سەند .هەندێک پێشکەوتن لە کانسازیدا هەبوو، بەو پێیەی لە گوندی تەپە کۆرا بیوری مسین دۆزرایەوە لەگەڵ ئەو ئامێرانەی کە لە بەرد یان گڵینە دروستکرابوون، وەکو سەری ئەو گاسنانەی کە بە گا و کەرەوە ڕادەکێشران، هەروەها داسە گڵینەییەکان و خڕۆکەی چنین و بزمار و گیرەکان، سەبارەت بە دروستکردنی دەفری گڵینە ،ئاماژەن بۆ لاوازی لە ئاستی تەکنیکیدا کاتێک بەراورد دەکرێن بە قاپەکانی گڵینەی گوندەکانی پێشوو لە ڕووی تەکنیکی دروستکردن و ڕازاندنەوە و ڕەنگکردنەوە، وەک چۆن بە یەک ڕەنگ ڕەنگکراون، کە ڕەشە، و ئەم ڕەنگەش ، بۆ ڕووبەرێکی خاڵی لە بۆیە زیاد کراوە ، سەبارەت بە نەخشە ڕازاندنەوە ییەکان، شکۆمەندی و جوانیان کەمتر بوو.

# گوندی تەپە گەورە(قرية تبه كورا)

یەکێکە لە گوندەکانی قۆناغی سێیەم و لە ڕووی توانا و کوالیتی بیناکانی و پاشماوە پێشکەوتووەکانیەوە بە نموونەیی دادەنرێت. وێرانەکانی زیاتر لە بیست کیلۆمەتر لە باکووری شاری موسڵەوە دوورە، لێکۆڵینەوەکان کە لەلایەن نێردراوی زانکۆی ئەمریکی لە پێنسیلڤانیا ئەنجامدراون، لە ئەنجامدا بیست چینە شوێنەوارییە نیشتەجێییەکان لە سەردەمی حەلەفەوە دەست پێدەکات لە چینی خوارەوە و کۆتایی دێت بە سەردەمی ئاشووریی ناوەڕاست. زۆربەی ئەم چینانە سەردەمی عوبەید دەنوێنن، کە تیایدا ، بڕێکی زۆر گڵینەی ئەم سەردەمەی تێدا دۆزراونەتەوە ، خانووەکانی ئەم گوندەش وەک خانووەکانی دیکەی سەردەمی عوبەیدی باشوور، بە خشت دروستکراون، بەڵام هەندێکیان لە خانووەکان بە بەرد دروستکراون بەهۆی بەردەستبوونیان لە ناوچەکەدا، ئەو ئامێرانەی لە مس دروستکراون لە سەوان زیاتر لە گوندەکانی باشوور دۆزراونەتەوە، ئەگەری ئەوە هەیە کە ئامێرە مسییەکانی گوندەکانی باشوور دروستکرابوون.ئەوان کۆن بووبن بەهۆی زۆری خوێ لە خاکی دەشتی نیشتەنیدا ، جگە لە کانزای مس هەندێک شتە گرانبەهاکان دۆزرایەوە، وەکو دەنکۆڵە کە لە زێڕ دروستکرابوون، پاشماوەی سێ پەرستگا لە تەپە گەورە دۆزرایەوە ،هاوتاو بەراورد دەکرێن بە ئێریدو پەرستگاکانی هەمان سەردەم لە ڕووی توندی بیناسازی و وردبینی نەخشەکەیەوە، جگە لەوەش لەچینی سێزدەهەمیندا ، دوو بینای بازنەیی دۆزرایەوە لەو جۆرەی کە لە سەردەمی پێشوودا لە گوندی عەرەپچییە باو بوون، کە ئاماژەیە بۆ بەردەوامبوونی هەندێک نەریتی تەلارسازی لەم سەردەمەدا، هەمان شت لەبارەی بووکەڵە گڵینەکانیش دەگوترێ کە خوداوەندی دایک دەنوێنێت لەباری دانیشتندا، بە پێچەوانەی ئەو گۆڕستانەی کە لە ئێریدو دۆزرایەوە، کە بە خشتی قوڕ لە دەرەوەی گوندەکە دروستکرابوو، لە تەپەگەورە ، چاڵی ناشتنی ئاسایین لە نزیک پەرستگاکان هەن، لە کاتێکدا منداڵان لەناو گۆزەی گەورەی گڵینەدا دەنێژران.

لە گوندەکانی دوا قۆناغەکانی سەردەمی پێش مێژوودا، پێشکەوتنی شارستانی بە ڕوونی لە چەند بوارێکدا بەردەوام بوو، جۆرە نوێیەکانی گڵینە دۆزرانەوە، کە تێیدا بۆ یەکەمجار چەرخی گڵینەسازی بەکارهێنرا.

جارێکی تر دەفری گڵێنەی فرەڕەنگ بە نەخشی ئەندازەیی یان سروشتی دەرکەوتەوە، بۆ یەکەمجار مۆری لوولەیی دروستکرا و تایەی گالیسکە بۆ گواستنەوە بەکارهات.

کانزاکان بەکارهێنان و شێوازەکانی کشتوکاڵ و ئاودێری لە ڕووی فراوانی و ڕێکوپێکییەوە پێشکەوت و پارچە هونەرییە نایابەکانی داتاشینی درشت و پەیکەری تەندار دروستکرا ، وەکو بەردەنووسی ڕاوکردنی شێر و دەفری نەزر و سەری ژنێک لە مەڕمەڕ.

## گوندی ئەلعەقیر(قریه العقیر )




خارطة رقم ١

وێرانەکانی ئەم گوندە دێرینە لە حەفتا و پێنج کیلۆمەتر لە باشووری شاری بەغدا هەڵکەوتوون و نیشتەجێبوونێکی سەرەتایی دەشتی نیشتەنی دەنوێنێت، دامەزراوەی شوێنەوارو کولتوور لە کاتی هەڵکۆڵینەکانیدا لە ساڵی ١٩٤٠ خانووی دەرخستووە کە لە خشتی قوڕ دروستکراون و لە هەردوو لای کۆڵان و ڕێگای بەرد ڕێژکراو دروستکراون، هەر خانوویەک چەند ژوورێکی تێدایە بە شێوازێکی باش داڕێژراون

،لەم خانووانەدا ئاگردانی وەک ئەوەی ئێستا هەیە دۆزراوەتەوە، جووتیارانی ئەم گوندە داس و ئامرازە کشتوکاڵییەکانی لە گڵێنەی ڕەقی کە لە پلەی گەرمی بەرزدا ئامادە دەکراوە بەکاردەهێنا.هەروەها بەردی سروشتییان بەکاردەهێنا بۆ دروستکردنی ئامرازە کشتوکاڵییەسنووردارەکانیان بەکاردەهێنا ، وەکو گاسنەکان، هەروەها گاسنی کانزایی گەورە لە مس دروست نەدەکرا، بەکارهێنانی بەربڵاو بوو سەرەڕای هێنانە ناوەوەی مس بۆ جیهانی پیشەسازی بە قەبارەیەکی زۆر بچووک بوو.
هەروەها دەرزی ئێسک و خڕۆکەبۆ تەون دۆزرایەوە، ئەمەش ئاماژەیە بۆ پێشکەوتن لە دورین و چنین، سەبارەت بەو گڵێنانەی کە خەڵکی ئەم نشینگانە دروستیان دەکرد ، لە جۆری دروستکردنی سەردەمی عوبەیددایە کە بە یەک ڕەنگی تایبەتمەندە ، کە زۆربەیان ڕەشن، وا دیارە گوندی عەقیر لە سەردەمی دواتردا نیشتەجێبوون تیایدابەردەوام بووە ، کە سەردەمی وەرکا بووە.
پەرستگاکان گۆڕان و فرەوان بوون و توانا و ڕەنگینیی و ڕازاندنەوەیان زیاد بوون، پەرستگا بەرزەکان یان زیگورات (الزقورات)دەرکەوتن.پەرستگای گوندی ئەلئوقەیر یە بە یەکێک لە یەکەم پەرستگا بەرزەکان دادەنرێت.
پەرستگای گوندی ئەلعەقیر بە یەکێک لە یەکەمین پەرستگا بەرزەکان دادەنرێت لەسەر سەکۆیێک دروستکرابێت ، کە بەرزییەکەی دەگەیشتە نزیکەی چوار مەتر، دیوارەکانیشی بە دیوارەوێنەی ڕەنگاوڕەنگە جوانەکانی مرۆڤ و ئاژەڵ ڕازاوەتەوە،لەنێوان ئەماندا دوو وێنەی دوو شێری ڕاساو هەن، ئەمە بە کۆنترین وێنەی دیواری دادەنرێت کە تا ئێستا دۆزراونەتەوە، هەریەکەیان بە جووت دروستکراون،دەشێ بۆ پەرستنی جووتێک خوداوەند بووبێت.
یەکێک لە پەرستگاکان بە نەخشاندنێک ڕازێنرابووەوە کە پێکهاتبوو لە گڵی برژاو، سەریان بە ڕەنگی ڕەش و سوور و سپی ڕەنگی کرابوون، هەروەها لە وەرکا پەرستگای خوداوەندی ئانو هەبوو، کە پەرەی پێدرابوو بۆ زیگوراتێک ، بەرزییەکەی پەنجا پێ بوو، هەروەها پەرستگایەک لە سەروویەوە دروستکرابوو بە ناوی پەرستگەی سپی، شوێنەواری پەرستگا پێشکەوتووەکان لە کاتی هەڵکۆڵینەکاندا لە گوندی جەمدەت ناسر لە نزیک کیش و گوندی نەفەر نزیک ئافاک-عفک دۆزرایەوە. گوندی خەفاجی لە ناوچەی دیالە گوندی و گوندی تەپە گەورە، و گوندی باراک لەسەر خابور، گومانی تێدا نییە کە دیارترین بەرهەمی ئەم قۆناغە داهێنانی نووسین بووە بۆ یەکەمجار لە مێژووی شارستانیەتدا، و یەکەم مۆدێلی نووسینی وێنەیی بووە.

## گوندی حاجی محەمەد(قريه حاج محمد)

لە قەڵای حاجی محەمەد ،کە دەکەوێتە کەناری ڕووباری فورات بە دووری نزیکەی هەژدە کیلۆمەتر لە باشووری ڕۆژئاوای وەرکاء، نێردراوییەکی شوێنەواری ئەڵمانی لە ساڵانی ١٩٣٥-١٩٣٧ لێکۆڵینەوەکانی ئەنجامدا، نێردراوییەکە دەفری گڵینە و پارچەی گڵینەی لە ژێر چینێکی ئەستووری نیشتووی لیتەیی (الغرينيه) نزیکەی دە پێ ئەستووردا دۆزیەوە ،لە کاتی پاشەکشەی ئاوەکانی فورات لەسەر کەناری ڕووبارەکە بە ڕوونی دیار بوون ، هەندێک پێیان وابوو کە شوێنی ئەم دۆزینەوە شوێنەواری نشینگەیەکی سەردەمی پێش سەردەمی عوبەید بووە، بەڵام ئاستی بەرزی زەوی بەهۆی نیشتووی لیتەیی وایکردووە لە ژێر ڕووی زەویدا بنێژرێت، لە ڕاستیدا دوای لێکۆڵینەوەی ورد لە دۆزینەوەکان، دەرکەوت کە دۆزراوەکان سەر بە گوندی عوبەیدییە.

## تەل عەقر (شارى دۆر ئەيلۆ)تل العقر ( مدينة دور ايلو)








خارطة رقم ١

شوێنەکە:

ئەم شوێنەوارە دەکەوێتە ناحیەی بەدرە و نزیکەی 2 کم لە سەنتەری قەزاکە دوورە لە

چوارچێوەی زەوییەکانی دوو پارچەی ژمارە (24 و 25) کەرتی (3) نهیر و قیراوی بەپێی نەخشەی کادسترۆ (1). شوێنەکە یەکێکە لە شوێنەوارە گرنگەکانی پارێزگاکە و نزیکەی ١٠٠ میل لە باکووری ڕۆژهەڵاتی شاری بابل و ٦٥ میل لە ڕۆژهەڵاتی گردی ئەسمەر (شانشینی ئەشنوننا) دوورە، نزیکەی ٧٠ کم لە ناوەندی پارێزگای واستەوە دوورە، لە ڕۆژنامەی فەرمی (( الوقائع العراقية)) بە ژمارە 1465 لە 1935/17/10 شوێنەواربەتەنی بلاَوکرایەوة، فایلێکی لە دەستەی گشتی شوێنەوار و کولتوور پارێزراوە و لە لیستی شوێنەوارەکانی عێراق بۆ ساڵی 1970 تۆمارکراوە.
باشترین شوێنی شوێنەوارییە بۆ ئەنجامدانی هەڵکۆڵین، بەو پێیەی دەکەوێتە نزیک ناوەندی قەزاکە و هەموو پێداویستیەکانی کارکردن لە ناوچەکەدا دابین دەکریَت شوێنەکە گردێکی فراوانە کە درێژییەکەی نزیکەی کیلۆمەتر و نیوێکە و بەرزییەکەی زیاتر لە ٢٠ مەتر دەبێت .
پرۆفیسۆر فوئاد سەفەر، لە وتارەکەیدا کە لە (گۆڤاری سۆمەر، بەشی یەکەم و دووەم، بەرگی حەوت)دا بڵاوکراوەتەوە، باسی ئەو کەلوپەلە کۆنانە دەکات کە لەم شوێنەدا گەیشتوونەتە مۆزەخانەی عێراق، بەو پێیەی کە یەکێکیان مۆری سەر خشتێکی مۆرکراوی پاشای کاسییەکان کوریکالزو بووە، هەروەها مۆرەکانی لوولەیی سەردەمی پێش مێژوو و لە سەردەمی شانشینی یەکەمی بابل، و دوو مۆری تەخت لە سەردەمی ساسانی و نووسار ێکی سەردەمی هەخامەنییەکان، ودوودراوی سەردەمی سێلۆکیدییەکان.

ناونانی:-
تەل عەقر(تل العقر) ناوێکی ناوخۆییە وێرانە دێرینەکانی شاری بەدرە یە، کە لە سەردەمی سۆمەری و بابلیدا پێی دەگوترا (دەیر) و بە دوو نیشانەی مێخی (BAD.AN) نووسراوە و وەرگێڕانەکەی (دور-ئێل)ە. یان دەیر، کە بە زمانی ئەکەدی (قەڵا یان شارۆچکە) یان شوێنی قەڵاداردەگەیەنێت، بە واتای ناوی بەدرە لە کورتکراوەی وشەی ئارامیی بەیت و لە ناوی کۆنی شارەکە پێکهاتووە کە (دەیر)ە، هەروەک چۆن لە ناوی بیکسایا و بیسمایە هەیە، ئەو شارانەی کە ئارامییەکان نیشتەجێ بوون تیایاندا ،یان لە گەشتەکانیاندا دەیانناسی،
بۆیە وشەی بەیتیان خستە ناو ناوە کۆنەکانیانەوە، هەروەک چۆن ناوی شارەکە لە ئاماژە عەرەبییە کۆنەکاندا ئاماژەی پێکراوە، لەنێویاندا فەرهەنگی وڵاتان لە نووسینی یاقوتی حەمەوی ناوی لێنابوو (بادرایا) . هەندێکی تر پێیان وایە ناوی بەدرە لە (بەیرە) وەرگیراوە، لە خێڵی کوردی ناسراوە بە (بەیرە ی)، لە کاتێکدا دانیشتووانی غەیرە کورد شێواندوویانە بۆ بەدرە.
هەندێکی تر دەڵێن ئەو ناوە دەگەڕێتەوە بۆ (بەگ زایا) واتە نەوەی شازادەکان لە کتێبی اللور و لورستان لەلایەن نووسەرەکەیەوە (عەلی سیدۆ گورانی) هاتووە کە

ناوەکە بە ناوی میری  بەناوبانگی لورستانەوە ناونراوە (بەدرەدین مەسعوود)، کە یەکێک بوو لەو شازادانەی خورشیدی کە بۆ ماوەیەکی زۆر حوکمڕانی میرنشینی لورستانی دەکرد، مێژوونووسی گەورەی عێراقی عەبد الرزاق ئەلحەسەنی دەڵێ، ناوی بەدرە ناوێکی فارسییە کە لە وشەی (بد) و(را) بە واتای ڕێگایەکی خراپ هاتووە.
هەروەها شوێنی شوێنەواری گرنگ لە قەزای بەدرەدا هەیە، لەوانە (گردی  ماریس) کە کۆنترین شوێنی پارێزگای واسیتە، دەکەوێتە باکووری ڕۆژهەڵاتی شاری ئەلدێر و ٣٥ کم لێیەوە دوورە، لەسەر سنووری جیاکەرەوە پارێزگای واست و دیالە.ئەو شوێنەوارەی سەرەوە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ئوبەید، ئوروک، جەمدەت نەسر، و چاخەکانی  گزنگی بنەماڵەکان .
شوێنی شوێنەواری تریش لە قەزاکەدا هەیە، کە ژمارەیان زیاتر لە ٦٠ شوێنی شوێنەوارییە، کە لە نێوان یەکە ئیدارییەکانی قەزاکەدا دابەشبوون قۆناغە مێژووییەکانی نوێنەرایەتی هەموو ئەو قۆناغە مێژووییانە دەکەن کە بەسەر عێراقی کۆندا هاتوون.
شاری بەدرە سەرەڕای دووریيەکەی لە ناوەندە گرنگەکانی بابل، لە شارستانیەتی خۆیدا شارێکی بابلی بووە و خوداوەندەکانیشی بۆ بابلییە کۆنەکان پیرۆز بوون و سەرۆکی خوداوەندەکانیشی (سەتران) (   S A T A R A N  A   )بووە (٦) بە هێماکانی
E- D IM  G A L-) نووسراوە،  پەرسگایەکی گەورەی هەبوو بە ناوی (K A -D I  )
K A LA M  M) بە واتای پەرسگای کۆڵگەکانی زەوی، لەلایەن پاشای کاسی کوریکالزۆ نۆژەنکرایەوە، و پەرسگایەکی گرنگی دیکەش لە شارەکەدا هەبوو بۆ خوداوەندی ئاسمان خوداوەند (ئانو) (A n u) ، هەروەها پەرستگایەک بۆ خوداوەند (سیرو) (S iru) هەبوو و خوداوەندەکانی دیکەش.

# فەرهەنگۆک

**ئاداب :** Adab or Udab (شارێکی سۆمەریی کۆنە لەنێوان تەللو ونیپورە )،شوێنە نوێکەی ئەلبسمایە لە پارێزگای واسیتی عێراقە.

**ئاداپا** A dapa : کوڕی خوداوەندی دانایی و حیکمەت ئینکی -"ئەیا"یە و خوداوەندی شاری (ئەریدۆ)ی سۆمریەکانە، بە گوێرەی ئەفسانەی سۆمەری، ئاداپا کاتێک لە کەنار دەریا خەریکی راوە ماسی بوو، باڵندەی گەردەلوول هێرشی دەکاتە سەر، بەڵام ئاداپا توانی باڵی باڵندەکە بشکێنێت، ئەمش بووە هۆی توڕەیی و ناڕەزایی خوداوەندان، بۆیە "ئەیا" لە دوای ئاداپای نارد و بۆ ئەوەی رق و توڕەیی (ئانۆ)ی خوداوەندی ئاسمانی پێ رابگەیەنێت، هەروەها پێش چونی ئادابا بۆ جیهانی ژێرەوە، ئامۆژگاری کرد و پێیگوت: خوداوەندان خواردن و خواردنەوەی مردنت دەدەنێ، نەکەی وەریبگری. بەڵام کە دەچێتە ئەوێ، خوداوەندی ئاسمان "ئانۆ" نان و ئاوی ژیانت پێشکەش دەکا، کەچی (ئاداپا) لەسەر قسەی باوکی وەریان ناگریت و نایخوات، گەڕاوە سەر زەوی و نەمری دۆڕاند و لە دەستی دا. ئەم ئەفسانەیە سەرچاوە و بنەرەتی کەوتنی مرۆڤ و چیرۆکی (ئادەم و حەوا) پێک دێنێت تێبینی لەیەکچونی هەردوو ناوی (ئاداپا-----ئادەم) بکە.

**ئادەم :**ادم،لەتەورات,لەسۆمەری(ئەلولم),یا(ئەبولم),بولیم,لە بابلیدا لولو lullu=مرۆ.

**ئاسالوهی- ئاسالوحی** ( Asalluhi (god) : کوڕی ئێنکی/ئێیا Enki/Ea و خوداوەندی جادوو و سیحرە، هەندێک جار لەگەڵ مەردوک تێکەڵ بووە. ئیتیمۆلۆژیا و مانای ناوەکەی ڕوون نییە.

**ئاگێگی:** اجیجي (کۆمەڵە خوداوەندەکان) زاراوەی "ئەگیگی" بۆ یەکەمجار لە سەردەمی بابلی کۆن (نزیکەی ١٨٣٠ پێش زایین - ١٥٣١ پێش زایین) بەبەڵگەکراوە ، ئەم زاراوەیە بەزۆری ئاماژەیە بۆ خوداوەندە سەرەکییەکان ، کە دەسەڵاتی گەورەیان هەیە، بەڵام دواتر ئاماژەبوو بۆ هەموو خوداوەندەکانی ئاسمان بەگشتی لە هەندێک حاڵەتدا، زاراوەی "ئەنونناکی" و "ئەگیگی" بە هاوواتای یەکدی

بەکارهێنراون.

**ئامرازی بەردی :(** Pebble Tools)

**ئامرازە وردەکان:** Micro lithic

ئان ،( An/Anu (god) : خوداوەندی ئاسمانی میزۆپۆتامیا، یەکێک لە خوداوەندە باڵاکان؛ بە سۆمەری بە ئان و لە ئەکەدیدا بە ئانو ناسراوە.

**ئان An: (ئانۆ Anu)**لە ئەفسانەی سۆمەریدا یەکەم پانسیۆنی خوداوەندی نێرینە بە سەرۆکایەتی خوداوەندی ئاسمان(ئان) دامەزرێنرا، کە زۆربەی خەسڵەتەکانی یەکەمین دایکی خوڵقێنەری خستە پاڵ خۆی. ناوی ئەم خوداوەندە بە نووسینی بزماری لە شێوەی ئەستێرەی هەشت ئاراستە(ڕووو) دەنوسرێت. ئەو ئەستێرەیەش هێمایە بۆ خوداوەند و بۆ ئاسمان لە یەک کاتدا. بۆیە ئان(ئانۆ) خوداوەندی ئاسمانە لە ئەفسانەی سۆمەریدا و بە گەورەترین خوداوەندی سۆمەریەکان دانراوە، چونکە خوداوەندی هەموو خوداوەندەکانە. ئانۆ باوکی زۆربەی خوداوەندەکانە، وەک خوداوەندی با "ئانلیل" و خوداوەندی ئاوهەوا "ئاشکور" و خوداوەندی ئەڤین و ژیان (ئینانا). هەروەها باوکی خواچەخوداوەند (پاپا)شە، کە خوداوەندی شاری (لەکش)ە و ژنی خوداوەند (نەنگرسۆ)یە، هەروەها باوکی خوداوەند (نەسابا)یە، کە خوداوەندی دانەوێڵەیە. لە هەمان کاتدا ئان(ئانۆ) باوکی هەندێک دێو و ئەژدیهای شەڕانی و و گیانە بەدەکانیش بوە، لەوانە حەوت دڕنجەکان کە بە (سیبیتۆ)ناسراون. جگە لە مە، ئانۆ خوداوەندی نەخۆشیە و مردنی بۆ مرۆڤ داناوە. بۆیە سۆمەریەکان بڕوایان وابوو کە ئان سەرچاوەی خێر و شەڕە و هۆکاری ئەو کارەساتانەیە کە بەسەر مرۆڤدا دێت واتە هەڵوێستی لە بەرامبەر مرۆڤ خراپە. شاری "ئۆرۆک" مەڵبەندی پەرستنی ئەم خوداوەندە و (ئینانا)ی کچی بووە. دروشمی ئەم خوداوەندە بریتی بوو لە: تاجی شاخدار کە لە سەر بەرزایی(دکە)یەک دادەنرا. ئەفسانەیەکی سۆمەری بۆمان باس دەکات، کە خوداوەند ئانۆ گەنم و جۆی لە ئاسمانەوە بۆ زەوی هێناوە و "ئەنلیل"یش هەڵساوە بە کۆکردنەوەیان و لە وڵاتی چیاکاندا دایناوە و چیاکانی داخستوە، هەر وەک چۆن دەرگایەک دادەخرێت. پێویستە ئاماژە بەوە بکەین کە سۆمەریەکان ئەستێرەی هەشت ئاراستەیان لە پێش ناوی خوداوەندەکان داناوە، کە ئاماژەیە بۆ هەموو ئاراستەکانی جیهان.

**ئاهورامەزدا:**لە دوو وشەی (ئاهوورا)+(مەزدا) پێک هاتووە، وشەی (ئاهوورا) واتە:بوون بەخش،وشەی(مەزدا) لە دوو وشەی (مەز) واتە گەورە ووشەی(دا)واتە دانا،بەگشتی واتە(دانای گەورەی بوون بەخش)،واتە هێزێکی گشتی بوون بەخشە،کەوا ئاوێتەی هەمووشتێک بووە،واتە هەمووشتێک بەشێکی لەوی تێدایە وئاوێتەی ئەو بووە،هەمووبەشەکان بەیەکەوە ئەون.دوترێت ستایش دەکرێت.پەرستن لە پاراستنەوەویە.

**ئوتو ناپشتم:** ut napishti واتە ئوتو هەیەتی ,ناپشتم ژیان , نەمری.

**ئوتوکۆ Utukku:** ناوی گروپێکە لە دێو و ئەهریمەنەکان، لە ئەفسانەی بابلی و ئاشووریدا، بابلیەکان بڕوایان وابوو کە گیانەبەدەکان لە ناو هەموو بوونەوەر و شتێکدا هەن و خۆیان مەڵاسداوە بۆ هێرش کردنە سەر مرۆڤ. هەر دێوێک لە مانە ناوی تایبەت و ڕۆڵێکی دیاریکراوی هەبووە، وەک: لیلیتۆ کە گیانێکی ئەهریمەنیە و لە شەودا کارەکانی ئەنجامدەدات و "ئیکی" کە ئەمەش دێوێکە لە ناو گۆڕستانەکاندایە و هێرش دەکاتە سەر ڕێبواران. هەروەها"رابیۆ و لاباتۆ"ش دوو ئەهریمەنی دیکەن کە ئازاری کەسە نووستوەکان دەدەن.

**ئور Ur :**(دەکەوێتە شوێنی تەل المقیر ی تازە لە باشووری عێراق، پارێزگاری زیقار) - نانا NANNA– مانگ، سەکورەی هەیە ، لەبەر ئەوەی قیری زۆر تیا بەکار هاتووە لە قوڕ دروستکراوە بە ئاجور و قیر سواق دراوە ، ناوچەکە بە (تل المقیر- مگیر) ناسراوە ،چاخی عوبیدی تیایە ،پاشماوەی لافاوی تیایە لە ٤٠٠٠ پ.ز ڕووی داوە ، گۆڕستانی شاهانەی تیایە . خەنجەری زێڕ و قیسارە و پیاڵەی زێڕ و ملوانکەی مووروو و بەردی بەنرخ ....

**ئوروک Uruk :**دەکەوێتە دووری ٣٠ کم ی ڕۆژهەڵاتی (السماوە- لە پارێزگای (المثنی))) ئینانا INANNA - آن Anu -الزهره، السماء)

**ئوما Umma :** تل جۆخا Jokha (لە پارێزگای زیقار)- شارا- جەنگ.

**ئۆتۆ Uttu :** خوداوەندی (خۆر) ە ، بە پێی بیروباوەڕی سۆمەرییەکان، ئۆتۆ لە شەودا نوقمی دەریاکان دەبێت و بەیانیانیش لە نێوان چیاکانەوە هەڵدێت. ئەکەدییەکان ئەم خوداوەندەیان بە (شمش) ناوبردووە. بە گوێرەی دەقە مێخیەکان ئۆتۆ کوڕی

خوداوەندی مانگە. ئەو هێما بزماریەی بۆ ئەم خواوەندە بەکارهاتووە، لە هەمان کاتدا بۆ وشەی رۆژ بەکارهاتووە. (ئینکی= ئەیا) ژنی خوداوەندی رۆژ(ئۆتۆ)یە. ئۆتۆ بە خوداوەندی داد و حەق داندراوە، چونکە بە هۆی تیشک و رووناکیەکەی هەموو شوێنە تاریکەکان دەبینێت و رووناکدەکاتەوە، هەروەها ئۆتۆ بە خوداوەندی پێشبینیکردن و پێوارزانی -عرافە داندراوە. بە گوێرەی باوەڕی سۆمەریەکان هەڵوێست و رەفتاری خوداوەند (ئۆتۆ=شمش) بەرامبەر مرۆڤەکان باش بووە و نیازی پاکی بەامبەر مرۆڤ هەبووە، هەروەک لە داستانی گلگامیشدا دەردەکەوێت، کە لە پرۆسەی کوشتنی (خەمبابا)ی دێو، یارمەتی گلگامیش و ئەنکیدۆی داوە.

**ئۆرکاجینا :** اورکاجینا،پاشای سۆمەری ئۆرکاجینا لە (٢٣٥٥ پ.ز)فەرمانڕەوابووە,بۆ یەکەم جار بوو,رێگری کرد ژن زیاتر لە یەک پیاوی هەبێت.

**ئێرا (خودا)** Erra (god): خودای شەڕ و بەڵاکان، کە دواتر پەیوەندییەکی نزیکی لەگەڵ خوداوەندی جیهانی ژێرزەوی نێرگال Nergal دا دروستکرد

**ئیرش - کی گال (مێخوداوەند** :(Ereškigal (goddess**):** ناوی (ئیرش - کی گال) لە زمانی سۆمەریدا واتە (شاژنی جیهانی ژێرەوە)یان (خودانی زەوی گەورە). لە ئەفسانەی سۆمەریدا، خواچەی جیهانی ژێرەوەبووە، هەروەها خوشکی خواچە ئینانایە، لەگەڵ خوداوەند نرگال ژن و مێردن. (ئیرش - کی گال) خۆی و لەگەڵ چەندان دەست و پێوەند و شەیتانەکان لەوێ(ژێر زەوی) لە کۆشکێکدا دەژین، کە لە بەردی (لازوەرد) بنیات نراوە و سۆمەریەکان پێی دەلێن(ای- گال- کی- نا) واتە (کۆشکی داد). لە ئەفسانەیەکی کۆنی سۆمەریدا هاتووە، کە (ئیرش - کی گال) لەلایەن (کور) خوداوەندی جیهانی ژێرەوە ڕفێندراوە و کردی بە ژنی خۆی و شاژنی جیهانی مردوان، هەروەک لە دەقی ئەفسانەکەدا هاتووە: "پاش ئەوەی ئاسمان لە زەوی دوورخرایەوە.

**ئیسین Isin:** شوێنێکی شوێنەوارییە لە پارێزگای دیوانیە لە عێراق.

**ئیشکور\ ئاداد : (خوداوەند)Iškur/Adad ( إشكور / اداد) )** خوداوەندی زریانی میزۆپۆتامیا، پەیوەستە بە هەردوو تایبەتمەندی ژیانبەخشی و وێرانکەری باران و لافاو،خوداوەندی کەشو هەوایە لە ئەفسانەی سۆمەریدا، هاوتای خوداوەند(حدد)-ە، لە

ئەفسانەی ئەکەدیدا، ئیشکۆرخوداوەندی باران و بروسکەیە و بە برای خوداوەندی خۆر داندراوە. لای ئەکەدیەکان ئەم خوداوەندە نمایندەی هێزی سروشت بووە، بە خێر و شەڕەوە. توانای هەیە رووەکەکان سەوز بکات. ئیراخنە(Erachne): کیژێکی جوانە، لە بواری تەشی رێسیدا دەکەوێتە رکابەری ئاتنە و ئاتنە غەزەبی لێ دەگرێ و دەیکات بە جاڵجاڵۆکە.

**ئیمیز Emes:** خوداوەندی گەشەکردنی رووەکە لە ئەفسانەی سۆمەریدا، خوداوەند "ئینلیل" ئەو خوداوەندەی خەلقکردوە، بۆ ئەوەی ئەرک و کاروباری دارستان و کێڵگە و لەوەرگاکان ئەنجامبدات. ئیمیز پەیوەست کراوە بە پیت و فەڕی زەوی.

**ئینانا Inana /ئیشتار Ištar (مێخوداوەند) :ئینانا** (سۆمەری)/ئیشتار - عشتار (ئەکادی) لە گرنگترین خوداوەندەکانە و گرنگترین خوداوەندە لە کۆڕی خواوەندانی میزۆپۆتامیادا. ئەو بە پلەی یەکەم بە خوداوەندی خۆشەویستی سێکسی ناسراوە بەڵام بە هەمان شێوە وەک خوداوەندی شەڕ دیارە. لە لایەنی ئەستێرەیی خۆیدا، ئینانا/ئیشتار هەسارەی ڤینۆس و ئەستێرەی بەیانی و ئێوارەیە.،سۆمەریەکان وای بۆچوون، کەوا ئینانا لەبەر مردنی ساڵانەی (دوموزی) دەبوا بۆ جیهانی مردووان، کۆچ بکات و لەبەر ئەمە دەبوایە سەرێکی لە خوشکی خۆی (ئیرش کیگال) خوداوەندی مردووان بدات. لەگەڵ داهاتنی چەرخی مێژوویدا (٣٥٠٠ پ. ز) خوداوەندی نێری ئاسمان (ئان) وەک نیشانەی سیستەمی کۆمەڵی باوکانەی دەسەڵاتدار پەیدا دەبێت، بەڵام سروود و نزاکانی خەڵکی سادە لە پەرستگاکاندا هێشتا بەرامبەر خوداوەندی دایک (ئینانا) هەروەک خۆی مابۆوە و هیچ خوداوەندێکیش نەدەگەیشتە پلەی ئەو. هەر وەک لە نوێژە پاڕانەوەیەکی بەرزکراوە بۆ (ئینانا)ی مێخوداوەندی سروشت و بە پیتی زەوی وسوڕی کشتوکاڵ و زاوزێکردن، دەردەکەوێت، کە تیایدا هاتووە: " ئەی خودانی یاسا گەردوونیەکان، ئەی رووناکی پڕشنگدار، هۆ ژیانبەخش و خۆشەویستی مرۆڤ، تۆ لە (ئان)ی سەرۆکی خوداوەندان گەورەتری. ئەی شاژنی دانا و زانای وڵات، هۆ زۆرکەری بوونەوەرەکان". ناوی ئینانا لە وڵاتی کورداندا، بەم ناوانەی خوارەوە دەناسرا: یەکەم، بە "نینەnina یان نەنەnana " کە لە ناوچەی دێر و مەندەلی و سۆبارتودا پەرستگەی تایبەتی بۆ دروستکرابوو، بەڵام مەزنترین پەرستگەی ئەم خوداوەندە پێش چاخی ئاشووری لە شاری (نینەوا)دا، دروستکرابوو. دووەم: لە (نوزی) لە نزیک لەیلاندا. لە کەرکوک و هەولێردا ئەم خوداوەندە بە

شاووشکا ناوبانگی دەرکردبوو. سۆمەریەکان وێنەی درەختی چاکە و خراپەیان لە نێوان ئینانا و هاوەڵەکەیدا جێگیردەکرد و مارێکیش بە راوستاوی لە پشت ئەم خوداوەندەدا دەوەستا. لە داستانی "شۆڕبوونەوەی ئینانا بۆ جیهانی بن زەوی"دا هاتووە، کاتێک خوداوەند"ئینانا" بە خۆرازاندنەوەی تەواوەوە لە دەرگاکانی جیهانی خوارەوە نزیک دەبێتەوە. (نیتی) پاسەوان دەیوەستێنێت، دوای ئەوەی پارچەیەک لە جلوبەرگ و پارچە خشڵێکی لێ وەردەگرێت، رێی دەدات لە دەرگای یەکەمەوە بچێتە ژوورەوە. لە دەرگای دووەم و دەرگاکانی تریشا هەمان رووداوی بەسەردا دێت، کە دەشگاتە حەوشەی ناوەڕاست (ئیرش کیگال)ی خوشکی دەبینێت حەوت شەیتان دەوریان داوە. (ئیرش کیگال) چاوی کوشندەی تێ دەبڕێت و دەیکاتە لاشەیەکی بێ گیان. پاشان رێورەسمەکانی دیکەی ئەفسانەکە ئاوا دەروات: خوداوەند(ننشوبر)ی شاڵیاری خوداوەند ئینانا، بە جلوبەرگی سواڵکەرێکەوە و بەشین و گریانەوە دەچێتە پەرستگەی خوداوەند(ئینلیل)ی خوداوەندی هەوا لێی دەپارێتەوە، تا ئینانا رزگار بکات و نەهێڵێت بمرێت، بەڵام کە خوداوەند(ئینلیل) بە هانای خوداوەند ئیناناوە نایەت، ننشوبر دەچێتە لای خوداوەند (ننار)ی خوداوەندی مانگ، ئەویش بە هاواری خوداوەند ئیناناوە نایەت، بۆیە هانا دەباتە بەر خوداوەند (ئینکی) خوداوەندی ئاو زەوی و حیکمەت، ئەو خوداوەندەی بە باشی نهێنی خواردنی ژیان و ئاوی ژیان دەزانێت. کە(ئینکی) هەواڵەکەی پێ گەیشت، بڕیاریدا یارمەتی بدات و دوو ئافەریدەی دروستکرد، کە رەگەزیان دیار نییە و ناوی نان "کورکارو" و "کالاتور" بە هەردوکیشیانی گوت گوێ لە رێنماییەکانم بگرن. جا کە خوداوەند (ئینکی) رێنماییەکانی تەواوکرد، هەر دوو ئافەریدەکە بۆ جیهانی خوارەوە شۆڕبوونەوە و بە پێی رێنماییەکانی جولانەوە. بەم جۆرە گەیشتنە لای لاشەی خوداوەند ئینانا . کاتێکیش "کورکارو" رووەکی ژیان و و "کالاتور" ئاوی ژیانیان پێدا پرژاند، ئینانا رۆحی بە بەردا هاتەوە و ئامادەبوو بۆ گەڕانەوە بۆ جیهانی سەرەوە، ئەگەر چی ئینانا ژیایەوە، بەڵام گرفتەکانی تەواو نەبون، چونکە بە گوێرەی یاسای جیهانی خوارەوە هەر کەسێک لە دەرگایەوە بچێتە ژوورەوە، ئەگەر یەکێک لە جێی خۆی دانەنێت، ئەوا ناتوانێت بۆ جیهانی سەرەوە بگەرێتەوە، بۆیە کاتێک رێی پێدرا بگەرێتەوە جیهانی سەرەوە، کۆمەلێک شەیتانی لە گەڵ نێردرا تا ئەگەر نەیتوانی کەسێک بدۆزێتەوە لەوێ جێیبگرێتەوە، ئەوا شەیتانەکان بۆ جیهانی خوارەوەی بگەڕێننەوە. ئینانا لە رێگادا تووشی چەندان خوداوەند بوو، کە شەیتانەکان دەیانەویست بیکەنە جێگرەوەی خوداوەند ئینانا، بەڵام ئەو نەیدەهێشت تا لە دواییدا دەگەنە شاری (ئورۆک= وەرکا).

لێرەدا ئینانا دەبینێ کە خوداوەند "دۆمۆزی"ی مێردی نە بۆی دەگری و نە جلی تازیەی بۆ پۆشیەوە. بۆیە ئینانا زۆر لێی تورە دەبێت بە شەیتانەکان دەڵێت: " ئەمەیە جێگرەوەکەم، بۆ جیهانی خوارەوە پەل کێشی بکەن".. لەو دەرفەتەدا دۆمۆزی بۆ شوێنێکی نادیار رادەکات، کاتێکیش جێی خۆ شارنەوەی خوداوەند دۆمۆزی دەدۆزنەوە و دوبارە ئینانا چاوی بە دۆمۆزی دەکەوێتەوە، بە زەیی پێدا دێتەوە و پێی دەڵێت: " سزای کەمتەرخەمی و بایەخ نەدانت، دەبێت نیو ساڵ لە جیهانی خوارەوە بمێنیەوە، نیوەکەی تریش (گیشتن ئانا)ی خوشکت لە جیهانی خوارەوە جێت بگرێتەوە". ئەمە پوختەی ئەفسانەکەیە.

**ئینشنان:** خوداوەندی دانەوێڵە و خەرمانەکان بووە، لە ئەفسانەی سۆمەریدا.

**ئێنکی(ئیا (خودا) ئێنکیEnki/Ea (god):** خودای ئاو، حیکمەت، هونەر، پیشە، توانای پیاوەتی، و جادوو، کە لە زەریای ژێر زەویدا دەژی.

**ئینکی(ئەیا- Aya):** خوداوەندی زەوی و ئاوەکانی ژێر زەوی بووە، هەروەها خوداوەندی حیکمەت و دانایی بووە. پلەی شکۆیی نزمتر بوە لە خوداوەند (ئینلیل). لای ئەکەدییەکان ئەم خوداوەندە بە (ئەیا)ناوبراوە. یەکێک لە نازناوەکانی ئانکی (شەرری)یە، ئەم وشەیەش لە وشەی (شەروو)ی ئەکەدی هاتوە کە بە مانای (مەلیک)دێت. ئانکی وەک خوداوەندی ئافرێنەر باس کراوە. راهیب و زێوانەکانی ئەم خوداوەندە لە کاتی ئەنجامدانی سروتی ئایینی تایبەت بە پاکبونەوە، جلوبەرگێکیان لەبەر کردوە کە لە شێوەی ماسی بووە. کە ئەمەش هێمایە بۆ توانای ئانکی بۆ پاکبوونەوە. ئەم خوداوەندە پەرستگایەکی تایبەتی هەبووە لە شاری ئاشوور. لای سۆمەریەکان ئانکی بە مەلیکی ئاوی سازگاری ژێر زەوی (ئەبزۆ)لەقەڵەم درابوو و خوداوەندی شاری ئەریدۆ بووە. خوداوەندانی دیکە پرس و ڕاوێژیان بە ئانکی کردوە و داوای ئامۆژگاری و یارمەتیان لێ کردوە. دیارترین نمونە بۆ ئەم پرس و یارمەتیە، ئەفسانەی چونی (ئینانا)یە بۆ جیهانی ژێرەوە.. کە داوای یامەتی لەم خوداوەندە کردووە بۆ گەڕانەوە بۆ سەر زەوی. خوداوەند (ئینکی ) بە پێچەوانەی هەردوو خوداوەند (ئان و ئەنلیل)، بەرامبەر بە مرۆڤ نیازی باش بووە. لە کاتی روودانی تۆفانە گەورەکەدا، ئەم خوداوەندە رێنوێنی مرۆڤی کردوە، کە گەمیەک دروست بکەن و لە هەر زیندەوەرێک نێر و مێیەک هەڵبگرن، تاوەکو رزگاریان ببێت. جگە لەمەش ئەفسانەکانی ئافراندن رۆڵێکی کارایان بەم خوداوەندە داوە لە مەڕ کرداری ئافراندنی

مرۆڤ. ئینکی باوکی خوداوەند ئاسارلوخی(مەردۆک)ە. کە ئەمەیان یارمەتی باوکی دەدات لە سروتی دەرکردنی گیانە بەدەکان لە جەستەی مرۆڤە نەخۆشەکاندا بۆ ئەوەی مرۆڤەکان لە خۆشی و شادیدا بژین. دروشمی ئەم خوداوەندە پێکهاتبوو لە بوونەوەرێکی ئاوێتە لە (بزن وماسی) بزن بەشی پێشەوەی بونەوەرەکە و ماسیش بەشی دواوەی پێکدەهێنا. ژنەکەی ئینکی ناوی "دمکینا"یە، هێمای ئەو خوداوەندە بریتیە لە: ماسی. بزن. تاجێکی شاخدار. دەفرێکی پڕئاو. ئینکی "ئەیا" هەندێک جار لە بیچمێکی مرۆییدا و هەندێک جاری تر لە بیچمی بزندا کە پەڕی ماسی پێوەیە دەردەکەوێت. ئینکی خولقێنەر و پارێزەری مرۆڤە و گەورەی هەموو کار و پرۆسە "التعزیمیە"کانە، کە مەبەست لەو رێورەسمە و سرووتانەیە کە ئەنجامدەدرێت بۆ دوورخستنەوی خراپەکاری لە ژیانی مرۆڤەکان. هەروەها ئانکی پیرۆزی هەبوو لەلای دانیشتوانی مەملەکەتی میتانی.

**ئینلیل (Enlil) (Ellil (god**: خوداوەندی (هەوا وبا)یە، بە پلەی دووەم دێت، لە دوای ئانۆوە. : یەکێک بوو لە خوداوەندە باڵاکانی میزۆپۆتامیابوو. چارەنووسەکانی دەرکرد، فەرمانەکەی نەدەکرا دەستکاری بکرێت و ئەو خوداوەندە بوو کە پاشایەتی بەخشی. پەرستگاکەی بەناوی é-kur، "ماڵی چیا "، دەکەوێتە شاری نیپور Nippur ، ناوەندی ئایینی میزۆپۆتامیا تا هەزارەی دووەمی پێش زایین،ئەم خوداوەندە چەندان ناو و نازناوی هەیە، وەک لە دەقە سۆمەریەکاندا هاتووە، کە بە باوکی خوداوەندان و وداوەندی هەموو شارەکان و بڕیاردەری چارەنووسی مرۆڤ و خودانی چیای مەزن و خودانی دوو چاوی گەش و گەورە، ناسراوە و ناوبراوە. لە ئەفسانەی خەلقکردنی سۆمەریدا هاتووە، کەخوداوەند ئینلیل ئاسمان و زەوی لێکترجیاکردۆتەوە. هەر ئەم خوداوەندە (داس)ی داهێناوە. لە ئەفسانەی سۆمەریدا لە گەڵ (ئانۆ و ئایا) سێینەیان پێکهێناوە و پارێزەری شاری "نیپۆر" بووە، پەرستگای ئەم خوداوەندە بە (ئی- کۆر) ناودەبرا کە بە مانای (ماڵی چیا= پەرستگەی چیا)دێت. هەڵوێستی ئینلیل بەرامبەر بە مرۆڤ سلبی و خراپ بووە، چونکە، وەک لە ئەفسانەکاندا دیارە، کە ئینلیل بڕیاری ئەو لافاو(تۆفان)-ە،یدا کە بووە هۆی لەناوبردنی هەموو مرۆڤەکان، جگە لەوانەی کە (ئۆتۆناپشتم) بە هۆی کەشتیەکەی رزگاریکردن. ئینلیل لە ئەفسانەی سۆمەریدا، کوڕی خوداوەند "ئانۆ" بووە، پلەی شکۆداری لە دوای پلەی باوکیەوە بووە. ناسرابوو بە فەرمانڕەوای ئاسمان و زەوی. بە گوێرەی ئەفسانەی سۆمەری فرمانی پاراستنی ئەو رووتەختە(اللوح المحفوز)-ە، بووە کە کۆمەڵێک زانیاری و یاسای لەسەر

بەڕێوەبردنی بونەوەر تێدا نوسراوەتەوە، چونکە پێویستە ئەم رووتەختە دور لە دەستی وێرانخوازی و خراپە بێت، لەبەر ئەوەی ئەگەر بکەوێتە دەستی وێرانخوازان بونەوەر تێکدەچێت. ئەم خوداوەندە ئاسمانی لە زەوی جیاکردەوە، تەوری دروست کرد وەک هۆیەک بۆ کارکردن. هەروەها بارانی باراندوە، تۆفانی گەورە کە لە ئەفسانەی سۆمەریدا باسی هاتووە، بە هۆی خوداوەند(ئینلیل)ەوە بوە. ئینلیل سەرۆکی نەوەی بچوکی خوداوەندانی سۆمەری ئەکەدییە. "مولیلتۆ" ژنی ئەم خوداوەندەیە، و "نینورتا" کوڕی ئەم خوداوەندەیە. نازناوی ئەم خواوەندە (شای زەوییە بەراوەکانە). وشەی ئینلیل بە زمانی سۆمەری واتە"گەورەی کەش و هەوا".

**ئینوما ئیلیش** Enūma eliš: ئەفسانەی -چیرۆکی دروستکردن،یا ئافراندنی بابلی .

**ئەبکالۆ:** بوونەوەری ئاوین لە ئاودا دەژین پێناوی نێوان خواوەند ومرۆن,ژمارەیان حەوتن ,حەوت پەندزانەکەن,وەک جبریل.

**ئەتراحسیس:** بە زمانی بابلی واتە (ئەو پەڕی دانایی) یان (دانایەکی لە رادەبەدەر)، ئەمە ناوێکی دیکەی پاڵەوانی تۆفانە. هەروەها نازناوێکی رێز و شکۆمەندییە و خراوەتە پاڵ ئۆتۆنابشتم. ئەم نازناوە تایبەت بوو بە خوداوەند "ئینکی " وەلێ دواتر ئەمە بووە نازناوی ئەو پاڵەوانەی کە مرۆڤەکانی لە تۆفان رزگارکرد.
ئەفسانەیەکی بابلی هەیە سەبارەت بە تۆفان کە پاڵەوانەکەی بە (ئەتراحسیس)ناوبراوە، تیایدا هاتووە: خوداوەندان مەبەستیان بوو سزای مرۆڤ بدەن و لە ناویان ببەن، بە هۆی چەندان دەرد و کارەسات، وەک قاتوقڕی و نەخۆشی و پاشانیش تۆفان.
هەروەها ئەفسانەی ئەتراحسیس ئەفسانەیەکی بابلیە. ئەم ئەفسانەیە لە بنەڕەتدا ئەفسانەیەکی سۆمەریە کە بە ناوی زیۆسیدرا(زیۆسیدرا وشەیەکی سۆمەریە بە واتای-پیاوە تەمەن درێژەکە –دێت)ناسراوە، ئەم ئەفسانەیە باس لە چیرۆکی لافاوەکە دەکات.

**ئەرالۆ: Aralu** ماڵی مردووان، یان ماڵی تارماییەکان و دۆزەخ لە ئەفسانەی بابلیدا، ئەوە ئەو جێگایەیە کە "ئیرش-کیگال" تیایدا حوکم و فەرمانڕەوایی دەکات. ئەرالۆ جیهانێکی تاریک و خامۆشە، کەس ناتوانێت بیگاتێ، چونکە کەوتۆتە بن چیایەکی گەورە و بە حەوت شورا دەوردراوە و پاسەوانیەکی توند وتۆڵی هەیە، هیچ کەس لە بوونەوەرە زیندوەکان ناتوانن لەو جیهانە نزیک ببنەوە و ئەگەر توانیان بێنە ناو جیهانی مردوان، ئەوا ناتوانن جارێکی دیکە لێی دەربچن. ژیانی مردوان لەو جیهانەدا، ژیانێکی خامۆش و کپ و تاریکە، خەڵکی ئەو جیهانە جلوبەرگیان لە

شێوەی باڵی باڵندەکانە, خوداوەندی خۆر لە گەشتی شەوانەیدا، ڕوناکی و خۆراک و خواردنەوە دەبات بۆ ئەو مردووانە، بۆ ئەوەی هەندێک مەینەتی و ئازاریان کەمببێتەوە. جیهانی مردوان لە ئەفسانەی بابلیدا، ناوی دیکەشی هەیە، وەک: ئیکۆر(Ekur) واتە "نیشتمانی چیا"، و شالۆ(Shalu)،..

**ئەرۆرۆ:** Arurru مێخوداوەندێکی خاڵقە، لە ئەفسانەی بابلی و ئاشووریدا. لەگەڵ خوداوەند مەرۆدک بەشدار بووە لە ئەفراندنی مرۆڤ. ئەم مێخوداوەندە "ئینکیدۆ"ی هاورێی گەلگامشی خەلقکردبوو. هەروەها لە داستانی ئافراندندا، ئەرۆرۆ، مرۆڤی خەڵقکردووە.

**ئەریبو:** اريبو(الغراب) aribu ئەریبو,قەلەڕەش

**ئەریدۆ** Eridu: –تەل ئەبو شەهرین –ئینکی - ئاو (پەندزانی -حیکمەت)
اريدو،ئەریدۆ(٢٤کم خوارووی رۆژئاوای ( ئوور)سەرەتای نیشتەجێبوون لە کونج-کوخ-داژیاوت ,دواترخانوویان لە قوڕدروست کردووە,دوای ئەویش لە خشت,پەرشتگەی لە ژوورێکی چوارگۆشەوسەکۆیێک بۆ قوربانی لەسەردان,سەربڕگەی تیابووە.

**ئەزاگ** : ازاك(a-zag) (جۆرێن لەگیانی پیس وشەیتان نەخۆشی بڵاودەکەنەوە)

**ئەساکو :**اسكو(asakku) : (نەخۆشی –نەزۆکی

**ئەشنان:** (Asnan) مێخوداوەندی دانەوێڵە.

**ئەفسانە:** ئەفسانە چییە؟ لە زمانی یۆنانیدا بە زاراوەی میتۆس(Mythos) هاتووە، کە واتای چیرۆک و گێرانەوەی سەر زاری بەخشیوە، دەربارەی خوداوەند و پاڵەوانەکانەوە. هەر لەم زاراوەیە وشەی میتۆلۆژیا(Mythoslogy) وەرگیراوە، کە واتای (زانستی ئەفسانەکان) دەگەیەنێت. گشتی ترین پێناسە، کە زۆرترین ڕەهەندی جیاجیا لە خۆبگرێ، ئەوەیە (ئەفسانە، چیرۆکێکی پیرۆزی خوداوەندانە ، واتایەکی قوڵی هەیە، هەوڵدەدات پەیوەندی نێوان بوون و گەردوون و ژیانی مرۆڤ ئاشکرا بکات .

**ئەکاد** Akkad یا Agade :اكد

**ئەنتو:** ژنی خوداوەند "ئانۆ"یە، و دایکی عەشتارە، هەندێک جار بە "ئەنونیتۆ"ناوی هاتووە، بە تایبەتی لە شاری سیبار.

**ئەنشار Anshar:** خوداوەندێکی کۆنی سۆمەریەکانە. باوکی "ئانۆ"یە، ئەنشار بەواتای (ئاسمانی تەواو)دێت. لە هەندێک دەقی کۆنی سۆمەریدا، ئەنشار بە یەکەم خوداوەندی ئاسمان داندراوە. لە سەرەتادا کاتێک تەنیا ئەبسو(ئاوی شیرین) وتیامەت (ئاوی سوێر) لەدنیادا هەبوون دواتر لە ئاکامی یەکگرتنی ئەم دووانە، یەکەمین ژن و مێرد (لاخمو لاخامو) لەدایک بووە ولەم دووانەش (ئەنشار و کیشار) لەدایک بوون لەیەکگرتنی و هاوسەرگیری ئەمانەشدا (ئانۆ وئەیا) پەیدابوون،ئەنشار و کیشار Anšar and Kišar (god and goddess) جووتێک مێخوداوەند ی سەرەتایین کە لە ئینوما ئیلیش

**ئەنۆناکی Annunaki:** انوناکی (کۆمەڵە خوداوەندەکان) ،زاراوەی گشتگیری (ئەنونناکی) بۆ یەکەمجار لە سەردەمی پاشا گودیا ٢١٤٤ - ٢١٢٤ پێش زایین بەبەڵگەکراوە. نزیکەی) و شانشینی سێیەمی ئور، ئەم زاراوەیە بەزۆری ئاماژەیە بۆ خوداوەندە سەرەکییەکانی ئاسمان و زەوی، کە دەسەڵاتی گەورەیان هەیە، کە پێیان وایە "بڕیار لەسەر چارەنووسی مرۆڤایەتی دەدەن، پاشا گودیا بە (لامما) وەسفی کردووە "خوداوەندی پارێزەری هەموو وڵاتەکان".ناوێکی گشتییە بۆ خوداوەندانی جیهانی ژێرەوە، کە بە دادوەر و یا قازی جیهانی ژێرەوە دادەنرێن. هەروەها ئەنوناکی واتە نەوەی شازادەی خوداوەندان. ئەنۆناکی خوداوەندانی جیهانی ژێرەوەن لە ئەفسانەی سۆمەری و ئەکەدیدا، ئەوانە گروپێک خواوەند یا رۆحی جیهانی ژێرەوەن. بە گوێرەی گەشتەکەی ئیتانا بۆ جیهانی ژێرەوە، ئەوانە حەوت دادوەری جیهانی ژێرەوەن.

**ئەهریمەنەکان**:الشیاطین

**ئەوانس :**اوانس (ئزئەنس oannes ئەژدیهای شێوە مرۆی بەپۆشاکی ماسی(یونس)

**بابا (مێخوداوەند ):** Baba (goddess) ،مێخوداوەند ی پارێزەری گیرسو Girsu و شار-دەوڵەتی لاگاش Lagaš. لە هەزارەی دووەمی پێش زایینەوە وەک خوداوەندێکی

چارەسەرکەر ناسرا.

**بادتێپیرا Bad-tibira :** بات تپیرا(شاری مسین) تەل مەدینە،لەتێوان (الشطرة)و (تل السنكرة،لارسای کۆن)- دموزی DUMUZID - لەوەڕگەی وپیت وفەڕ).

**بت:** النُّصب

بۆیەی قاوەیی:المغرة

**پێش گوندنشینی:** ماقبل القرية (٦٠٠٠٠- ٩٥٠٠ پ. ز)

**پێشبینییەزارەکییەکان:** التصريحات التنبؤية oracular pronouncements

**پێشگۆکان:** الكهنة

**پێشگۆیینامە**: تقارير عن العرافة reports on divination

**پەرسگە:** معبد

**پەیکەر**: تمثال،هيكل

تابو:تابو(دەست لێنەدان,ڕێپێنەدان)

**ترس:** الرَّهبة

تلو : لەدووری ٢٢کم لە شاری (الشطره)، ننخرسو Ningirsu- باهۆز.

توخمە تیشكدەرەكان: العناصر المشعة Radio-Active

تۆفان: (flood)تۆفان لە ئەفسانەکانی سۆمەری و بابیلەکاندا سزایەکە لە خوداوەندەوە، لەبەر ئەوەی مرۆڤەکان خراپەیان کردووە. ئەم سزایە لە زۆربەی ئەفسانەکانی گەلاندا هەیە. سۆمەری و بابیلەکان بۆچونیان لە بارەی تۆفان لە کلاورۆژنەی ئایینی و ئاکاری و ئەفسانەیەوە لێکدادوەتەوە و لەو بڕوایەدابوون کە ئەم تۆفانە لە ئەنجامی زۆرداری، خاپەکاری، بێ ئایینی و سەرپێچی خەڵکەکە بەرامبەر خوداوەندان، پەیدابوون و رویداوە، واتە خوداوەندان لە رێگەی تۆفان سزای گەورەی گوناهبارنیان

داوه و رق و قینەی بەرامبەریان رشتوە. بە گوێرەی ئەفسانەی تۆفانی سۆمەری، رۆژێک لە رۆژان لە ناکاو کۆمەڵە پەڵە هەورێکی رەشی ترسناک ئاسمانی شینی وڵاتی سۆمەری داپۆشی..حەوت شەو و حەوت رۆژ، وەکو لە "داستانی گلگامشی"ی سۆمەریدا هاتووە، کە باران بە گرمەی هەور تریشقە و چەخماخەوە زەوی دائەگرێ، بەو رەنگە ئاسمان تاو هێرشی ناهەمواری بردە سەر زەوی.. زەوی خۆی پێ ڕانەگیرا و ئاو لە هەموو کون و قوژبنێکەوە بە لێزمە و بە لێشاو هەڵدەقوڵی و شەپۆلی هەڵچوی رووباری دیجلە و فوراتیش سەری لە ئاسمان توند کرد، لەوە دەچوو کە ئاسمان بێ بەزەییانە کۆنە قینی داخی تورەیی بە زەوی بێ تاوان و ئەو خەڵکە تاوانبارە داڕشت.. تا تۆڵەی بێ ئایینی و سەرپێچیان لێبکاتەوە. بۆیە لەبەردەمی شەپۆلی لافاوی کاولکەردا شار و لادێ و مەڕ و ماڵات دەکەونە ژێر ئاو یان سەر ئاو کەوت، بێگومان کارەساتی تۆفان بە قووڵی ڕیشە و جێگای تایبەتمەندی لە دڵ و دەرونی دانیشتوانی ناوچەکە بە تایبەتی و گێتی ئەو سەردەم و رۆژە داکوتاوە، هەروەها ڕایەڵەی باسو خواسی لە داستانی سۆمەری و بابلی و ئەکەدی و حیسی و یۆنانیدا رەنگی داوەتەوە و خۆی دەنوێنێ، کە دواتریش گەلالەی لە دوو توێی تەورات و قورئاندا بە وردی دەبینرێ. چیرۆک و ئەفسانەی تۆفان لە میتۆلۆژیای ئێزدیەکانیشدا هەیە و بەرچاو دەکەوێت و کاریگەری چیرۆکەکەی تەورات و قورئان بەسەر چیرۆکی تۆفان لای ئێزدیەکانەوە دیارە. تۆفان لای ئێزدیەکان بە (ئاوی رەش)ناوبراوە و لە بەشێکی ئەفسانەکەدا هاتووە: " رۆژا خودێ حەز کری پشتی بۆرینا چل سالا، بوکا نوحی نان دپات، هندی دار و چیلک کرنە دتەنورێدا، تەنوور گەرم نەبوو، بوکا وی تنگژی، چریسەتێ سەرێ وێ گرت و ژ کەرب و کین بستکا خۆ ل داویا تەنورێدا و گوت: ئاڤا ڕەش دێ رابە، دێ چ قەومە؟ ئاڤا ڕەش ژ تەندوورا وێ دەرکەفت ل باژارێ ئێسڤنێ و بلاڤەبوو و گەشتا بەلەما نوحی دەستپێکر، بەلەم گها چیایێ شنگارێ، چیای سەرێ خۆ بلند کر و بەلەم کون بوو، ئاڤ هاتە دبەلەمێدا، نوح پێغەمبەری گۆت، ئەوێ بۆ من ڤی کونی بگریتـ ئەز دێ مەرەما وی بجە ئینم. ماری گۆت: ئەز دکارم و ئەزێ وێ بگرم ب مەرجەکی چ تشت ل نیایێ خۆش بیت تو دێ دەیە من، نوح پێغەمبەری گۆت، سۆز بیت. ماری خۆ لێک ئالاند و خۆ کرە سەوک و کونەکەی گرت...".

**تۆڤان:** الرَّهبة (بولوتو)

**تەخت**: صندل ،قەبارەیان گەورە بوو، بەزۆری لەناو پەرسگاکانیاندا هەڵدەگیران، بۆ گواستنەوەی پەیکەرە ئاینییەکانیان بەدرێژایی ڕێڕەوی ئاوییەکان بەکاردەهێنران.

**تەندار**: مُجسَّم

**تەندار**: مجسمة، (بە قەبارە و هێزێکی جەستەیی زۆرەوە وێنا کراوە. ئەم خوداوەندانە شتێکیان لەبەردا بوو کە پێی دەوترێت میلام ، کە مادەیەکی نهێنی و درەوشاوە و ڕووناکە.

**تەوتم :**طوطم(تەوتم(totem) (هیندییەسوورەکان بە پەرستراوەکەیان دەوت, تەوتەم,بوونەوەرێکی زینوو,یانازیندووە,ئاژەڵ,یا رووەک,نازیندووی کەمە,هۆزهەیە تەوتەمەکەی کەروێشکە,داپیرەی پێشووی ئەم هۆزە کەمندالّی بووە,بەجۆرێک کەروێشک بوونی هەبووە,بۆیە بە باپیرەی ئەم هۆزە دانراوە,رێ بە کوشتنی نادرێت,تەنیا لە بۆنەی ئاینی نەبێت بۆ دابەشکردنی پیرۆ زیەکە بەسەر هەمووان. گۆشت وموی پیرۆزن,هەندێ نیشانەیان هەن بەپیرۆزیان دادەنێن,وەک چورنجا,بۆ پاراستن لە چاوی پیس. رێنادرێت ژن لە خزمان بێنن.کۆنترین شێوازی بیرکردنەوەی جادووییە.

جۆری مرۆی نوێ: (Neoanthropic)

جۆرە مرۆییە کۆنەکان: (Pala coathropic)

چاخ :العصر

**چاخ:** عصر،age

چاخی بەردینی – کانزایی :( Chalcolithic )

چاخی بەردینی کۆن: Palaeolithic ٦٠٠ ٠٠٠ تا ١٠ ٠٠٠ پ .ز)

**چاخی بەردینی کۆن**: العصر الحجري القديم:(Poleolithic)

چاخی بەردینی کۆنی باڵا: Vpper Palaeolithic

چاخی بەردینی کۆنی باڵا: (Upper Palaeolithic)

چاخی بەردینی کۆنی ناوەڕاست: Middle Palaeolithic

چاخی بەردینی کۆنی نزیک: Lower Palaeolithic

چاخی بەردینی ناوەڕاست Mesolithic

**چاخی بەردینی ناوەڕاست**: العصر الحجري المتوسط(Mesolithic)

**چاخی بەردینی ناوەند:** العصر الحجري الوسيط (Mesolithic)

چاخی بەردینی نوێ: ( Neolithic)

**چاخی بەردینی نوێ**: العصر الحجري الحديث (Neolithic)

چاخی بەردینی ئایولیتی :،Eolithic

چاخی شێوە نووسینەکی (یاشێوە مێژوویی): Proto Historic Proto Literate ) ( ٣٥٠٠ – ٢٨٠٠ پ.ز)

چاخی ئەیولیس: (الایولیثي) (Eolithic) چاخی ئامرازە چەوییەکان (الادوات الحێویە)Pebble Tools

چیای نیسیر : جبل نیسیر nisir(ئارارات,پیرەمەگروون)(ئە وچیایەی گوایە کەشتی نووحی لەسەرنیشتۆتەوە )

چەشن : الطور

چەو: الحصو

حواء:لەسۆمەری (نن-تی),نن=خانم,تی= ١- ئەوەی دەژیێنێتەوە٢- پەراسوو

خماز :غماس Hamazi یا Khamazi حەمازی یان خەمازی (بە سۆمەری ha-ma-ziki، یان Ḫa-ma-: شانشینی یان شار-دەوڵەتێکی کۆن بووە کە لە سەردەمی سەرەتای خانەدانەکاندا دیار بووە. شوێنی وردی نادیارە.

**خواوەندی دایک**:(Mother Goddess ) إلاهة الام

**خوداوەندە گەورەکان**: الالهة الكبار، ،ساموێل نوح کرامر لە ساڵی ۱۹۶۳دا نووسیویەتی کە لە سەرانسەری هەموو سەردەمەکاندا، سێ گرنگترین خوداوەند لە پانتێۆنی میزۆپۆتامیادا بریتین لە ئان، ئێنلیل و ئێنکی. بەڵام لێکۆڵینەوەکانی ئەم دواییە دەریانخستووە کە پلەبەندی بەشی سەرەوەی پانتێۆنی خوداوەندەکان پەیوەستە بە کات و شوێن وسەردەمەوە.هەروەها ئینانا گرنگترین خوداوەندی ئوروک و ژمارەیەک ناوەندی سیاسی دیکەی سەردەمی ئوروک بووە.شا گودیە ،نینهورساگی بە سێیەم خوداوەندی دیار و گرنگ دەزانی نەک ئێنکی .سەرچاوەیەکی کۆنی بابلی نەریتێکی پاراست کە تێیدا خوداوەند نانا بە پاشا یان سەرکردەی خوداوەندەکان دادەنرا و ئێنلیل و ئێنکی تەنها ڕاوێژکاری ئەو بوون، ئەمەش بۆچوونێک کە پێدەچێت لەلایەن قەشەکانەوە لە ئور و دواتر لە حەران پەسندبووبێت. ناوێکی کۆنی بابلی هەیە ، ئاماژە بە شمش دەکات بە "ئێنلیلی خوداوەندەکان)وەسفی دەکات، ئەمەش ئەوە دەردەخات کە باوەڕێکی هاوشێوەی پەیوەست بەوەوە هەبووە کە لە نێو قەشەکانیدا باوبووە، بە پێچەوانەی باوەڕی باڵادەستیی خوداوەندی مانگ،باوەڕی باڵادەستیی خوداوەندی مانگ، کەنەبونائید- نبۆنیدۆس قبوڵی دەکرد ئەم باوەڕە هەرگیز هیچ پشتیوانی و ڕەزامەندییەکی گشتی نەبووە. سەبارەت بە "زابان یان زەبان"، شارێک کە دەکەوێتە باکووری ڕۆژهەڵاتی بابل، خوداوەندی هەداد یان حەداد لە سەرووی پانتێۆنی خوداوەندەکانەوە بوو.لە هەزارەی یەکەمی پێش زایین، مەردوک بووە خوداوەندی باڵا لە بابل و هەندێک سەرچاوەی دواتر بە تەواوی ئانو و ئێنلیلیان لابردووە و باس لەوە دەکەن کە "ئیا" پێگەی خۆی لە مەردوک وەرگرتووە. لە هەندێک نووسراوی بابلی نوێدا، پێگەی نابو یەکسان بوو بە پێگەی مەردوک.لە ئاشووردا خوداوەندی ئاشور بە خودای باڵا دادەنرا.

گیرا : خودای ئاگر و ڕووناکی، گیرا یاوەری خەڵکی میزۆپۆتامیا بوو لە ژیانی ڕۆژانەیاندا. ئەو وەک خوداوەندێکی سۆمەری سەریهەڵدا بەڵام پەرستنەکەی کاتی تێپەڕاندووە. بە درێژایی مێژووی میزۆپۆتامیا تا سەردەمی سێلجۆقییەکان Seleucid دەپەرسترا.

**خول** : دور ، epoch

خولی پێش گڵێنە: (دور ماقبل الفخار) ( Prepottery Neolitic)

خولی لیڤالۆزین : Levallosian

خولی ئاچولی :(Achealian ) ئامرازی بەردینی ئەم چاخە لە باکووری عیراق لە (پردە پەلکە) ی نزیک چەمچەماڵ دۆزراوەتەوە .

**خۆشیی ئاسمانی:** النعيم السماوي

داگان (خوداوەند) Dagan (god):خوداوەندێکی نێر کە ڕەنگە بە ڕەچەڵەک سامی ڕۆژئاوایی بێت و گرنگی بە فوراتی ناوەڕاست و سەرەوە دەدات، زۆرترین جار لە میزۆپۆتامیا لە کۆتایی هەزارەکانی سێیەم و سەرەتای هەزارەی دووەمی پێش زایین زانراوە.

دامو (Damu (god) (خوداوەند): دامو کوڕی مێخوداوەند ی شیفا گوڵە /نینکارا goddess Gula/Ninkarrak، خۆی خوداوەندی شیفادەرە.

**درەوشاوە** : نيرة(میلام)، (ئەم خوداوەندانە شتێکیان لەبەردا بوو کە پێی دەوترێت میلام) "داپۆشیبوون و شکۆمەندییەکی شکۆمەندی پێبەخشیون. میلام لەلایەن پاڵەوان و پاشا و زەبەلاح و تەنانەت دێوەکانیشەوە دەبەر دەکرا.

الدور: خول

**ڕۆژ گار:** الدهر، eon

**رەزمی ئایینی:** المهرجانات الدينية

ڕەندە :المقشط ( المقاشط) (End-of-blade Scrapers) (ڕەندەکان)

**ڕەوۆک :** عجلة، قطار

**ڕەوۆکی جەنگی:** عجلات حربية

زاگ، مۆک Zag-muk: جەژنی سەری ساڵی نوێیە لە ئاین و ئەفسانەی سۆمەری و بابلیدا، کە لە بەهاراندا لە سەر شەرەفی خوداوەند مەردۆک سازدەکرێت، چونکە ئەم خوداوەندە لەو کاتەدا چارەنوسی مرۆڤی بۆ ساڵی ئایندە دەستنیشانکردووە.

**الزبرجد: زەبەرجەد**

**زو(ئەنزو) Zo:** لە میتۆلۆژیای سۆمەریدا، زو خوداوەندێکی جیهانی ژێرەوەیە، لە وچە یا نەوەی مێخوداوەند تیامەتە، زو دوژمنی خوداوەندە گەورەکانە و بەردەوام لە جەنگ و ململانێدایە لەگەڵ خوداوەندەکانی ئاسمان. لە ئەفسانەیەکی سۆمەریدا هاتووە، کە (زو) هەوڵدەدات تابلۆی چارەنووسی(الالواح القدر) بدزێت، کە لای خوداوەند (ئەنلیل)-ە، چونکە تابلۆی چارەنووسی لای کێ بێت، ئەوا دەسەڵاتێکی رەهای دەبێت بەسەر خوداوەندەکان و دنیا و مرۆڤدا، بۆیە زو ئارەزووی ئەوەدەکات ئەو ئەلواحە بەدەست خۆی بێنێت، دواجار توانی بیدزێت و ببیات، بۆیە خوداوەندەکان تۆقین و ترس دایانیگرت لە مەڕ چارەنوسی گەردون و خۆیان، بەڵام (ننورنا)ی خوداوەند توانی ئەلواحەکە بگەڕێنێتەوە و بەسەر (زو)دا، زاڵ ببێت. ئەفسانەی زو(ئەنزو) لە گەڵ ئەفسانەی خەڵقکردنی بابلی یەکدەگرنەوە، چونکە بیرۆکەی سەرەکی هەردوو ئەفسانەکە بریتیە لە جەنگ و ململانێی نێوان خێر و شەڕ. زو لەسەر مۆرەکاندا لە شێوەی باڵندە وێنا کراوە.

زیخ :حصوناعم

**زیکۆرتۆ:** سەکورە (زەکوورە Ziggurat سکبورە (زقورة) سکپورە(لە٢٠١٢ – ٢٠٠٤ پ.ز بنەماڵەی ئوری سێیەم دروستیان کردووە) پەرسگە پەیژەییەکانیان - قۆناخێکی پێشکەوتووی پەرسگە کانی چاخی وەرکا (الورکاء) یە (٣٨٠٠ پ.ز) ، کەوا لەسەر سەکۆیێک یا دوان یا زیاتر دروست دەکران (وەک ئەوەی (العقیر)) .

**زیۆسەدرا( ziusodra):** یەکەمین تێکست دەربارەی لافاو (تۆفان) بە زمانی سۆمەری نووسراوەتەوە پاڵەوانەکەی تێیدا ناوی زیۆسەدرا( ziusodra)یە، ئەو لافاوەی کە تەواوی زەمینی گرتوتەوە و بە پێی تێکستی دووەم تەختە گلی یازدەیەمە لە ئەفسانەی گلگامش کە پاڵەوانەکەی ناوی (ئۆتۆناپشتم--utnapishtm) بووە و هەڵساوە بە بە دروستکردنی کەشتیەکی گەورەو تێیدا بە پێی توانا خەڵک و ئاژەڵ و مەل و ئازوقەی تێدا کۆکردۆتەوە، سێیەمین تێکستی لافاوەکە کە لە هەمویان درێژترە پاڵەوانەکە(ئەتراحاسیس--atrahasis)-ە، کە بە هەمان رۆڵی زیۆسیدراو ئۆتۆناپشتم هەڵدەستێت، کەواتە سۆمەرییەکان، یەکەمین کەس بوون کە چیرۆکی لافاوەکەیان تۆمارکردووە، واتە پاڵەوانی لافاوەکە لە دەقی یەکەمدا ناوەکەی سۆمەری بووە کە

(زیۆسەدرا)یە، پەرستگای بەرز یاخود بورج لە سۆمەری و بابلیدا پێی گوتراوە (زیکۆرتۆ) کە ئەم وشەیە مانای بەرز و بڵندی گەیاندووە یان (گردی ئاسمان).
زەکوورە هەر لە هەزارەی سێیەمی بەر لە زایین لەنێو سۆمەریەکاندا باوو بووە. لە زۆربەی شارە سۆمەرییەکان زەکوورە هەبووە کە هەر یەکەیان، پەرستگای خوداوەندێک بووە. زەکوورە شوێنێکی زۆر پیرۆز بوە لای سۆمەریەکان، لەبەر ئەوەی پەیکەری خوداوەندەکانی تیادا بووە، ئەمە جگە لەوەی کە جێگەی نزرگەی کاهین و زەیوانی مەزنیش بووە، کە ئەمەیان بە نوێنەر یان یاوەری خوداوەندی خوداوەندەکان ناسراوە و شوێنی نزا و پاڕانەوەی کۆمەڵانی خەڵکی سۆمەری بووە، تیایدا قوربانیەکانی خۆیان پێشکەشی خوداوەندان کردووە، هەروەها سۆمەریەکان وانەی ئاینی و خواپەستیان لە ناو ئەم زەکوورانە ئەنجامداوە. ئەم زەکورانە لە سێ یان حەفت نهۆم پێکهاتبوون، کە هەر نهۆمێک تایبەت بوو بە کارێکی دیاریکراوە.
بەشێکی گرنگی زەکوورە بە سۆمەری پێی گوتراوە (ئەی کور- e- kur ) کە واتای (چیای پەرستگا) دەگەیەنێت.

**ژمارە حەوت:** الرقم سبعة،ژمارە حەوت لە گەردوونناسی کۆنی میزۆپۆتامیادا گرنگییەکی بێهاوتای هەبوو. لە ئایینی سۆمەریدا، هەندێکجار بە بەهێزترین و گرنگترین خوداوەندەکانی ناو پانتیۆن ناودەبران "حەوت خوداوەندی دادوەری": ئان، ئێنلیل، ئێنکی، نینهورساگ، نانا، ئوتو و ئینانا.

**سپار** Zimbir (**Sippar**): ئەبو حەببیە(تل ابو حبیبە-یوسفیە-بغداد)- ئۆتۆUTU – خۆر.

**سڕبوون:** الخدران («نِی )بەسۆمەری، کاریگەری بینینی خەمۆکی خوداوەند لەسەر مرۆڤ بە "نیی وەسف دەکرێت، وشەیەک بە واتای "سڕبوون یان سەرلێشێواوی هەستەکان."

**سروودەکان:** تراتیل hymns

**سریدا \ئایای مێخوداوەند** (Šerida/Aya (goddess : مێخوداوەند ی ڕووناکی و هاوسەری ئوتو/شاماش Utu/Šamaš کە لە شارەکانی سیپار و لارسا دەپەرسترا Sippar and Larsa.

سوماتو(الحمامه)summstu: سوماتو (کۆتر)

سینونتو sinuntu(السنونو): سینونتو,پەڕەسێلکە

**سەردەم:** فترة، period

**سەردەمی بەردینی نوێ:** العصر الحجري الحديث

**ماڵی ئینکی :** شا ئور نانشی Ur – Nanshe (٢٦٠٠ پ.ز) ، لە (لگش)ەوە سەردانی کردووە . لە لگش (ئی – ننا) (E – Ninna) ی دروست کرد واتە (ماڵی خانم) . پادشاییکی دیکە (ئنتمینا Entemena) لە ئەریدۆ حەوزێکی گەورەی ئاوی دروست کرد بۆ پاکڕاگرتن بۆ سەردانی کارانی ماڵی ئینکی .

شاری (ئیما) :ی ئەمڕۆ بە (تل جوخه) ناسراوە ٥٠ کم لە (قلعه سکر) دوورە ، بۆ لای خوارووی رۆژئاوای .

شاری لگش : ی سۆمەری ، ئێستا بە (تلو) ناسراوە ، بەرانبەر (الشطره) ، لەنێوان واست وناسرییە.

شروپاک Shuruppak : فارە- ئینکی ENKI- ئاو .

**شرۆڤە رۆشنبیرییەکان** : تعلیق ثقافي a cultic commentary

**شوێنپێهەڵگرتن:** التتبع

شێواز: الطور

الطوفان:بەسۆمەری ئە ما ئور a-ma-uru, لەبابلیدا ئەبوبو abubu , لافاو

عدن: لەسۆمەری (ئەدەنو),باخچە وبیستان

**العقیق**: ئەقیق

فلامینگۆ: الغرانیقFlamingo لە عیراق هەبوو لە (لە (شامیە)) هەبووە

**الفیروز**: فیروزە

فەرهەنگی هەندێ زاراوەی سۆمەری

**قۆچانی گا :** قرون الثور،زۆرجار خوداوەندەکانی میزۆپۆتامیا بە کڵاوی قۆچدارەوە وێنا دەکران، کە تا حەوت جووت قۆچ پێکهاتبوون.تەریب و بە ڕێکوپێکی لەسەر یەکتر کۆکراونەتەوە و لە قۆچەکانی گایەکەوەن.

**کات:** زمن، Time

کوسی : کوثی (گردی ئیبراهیم ،شاری کوت - نرگال NERGAL- جیهانی ژێرزەوی.)

**کونە مەتەرێز:** مزغل

**کۆڕی خوداوەندان:** مجلس الآلهة ، کە خوداوەندەکان لە ڕێگەیەوە هەموو بڕیارەکانیان دەدەن. ئەم ئەنجومەنە بەکۆمەڵە وەک هاوتایەکی خوداوەندی بۆ سیستەمی یاسادانانی نیمچە دیموکراسی سەیر دەکرا، کە لە سەردەمی شانشینی سێیەمی ئوردا هەبووە (نزیکەی ٢١١٢ پێش زایین - ٢٠٠٤ پێش زایین) بوونی هەبووە. پانتێۆنی سەرەکی خوداوەندەکانی میزۆپۆتامیا بەدرێژایی سەدەکان پەرەی سەندووە و گۆڕاوە. بەگشتی دەتوانرێت مێژووی ئایینی میزۆپۆتامیا بەسەر چوار قۆناغدا دابەش بکرێت. لە قۆناغی یەکەمدا کە لە هەزارەی چوارەمی پێش زایین دەستی پێکرد، نیگەرانییەکانی خوداوەندەکان بە شێوەیەکی سەرەکی لەسەر ئەو پێداویستییە سەرەتاییانە بوو کە بژێوی ژیان و مانەوەی مرۆڤ مسۆگەر دەکەن. لە قۆناغی دووەمدا کە لە هەزارەی سێیەمی پێش زایین دەستی پێکرد، پلەبەندی خودایی زیاتر ڕێکخراو بوو و پاشا بەخوداوەنددانراوەکان دەستیان کرد بە پەیوەستبوون بە پانتێۆنی خوداوەندەکانەوە. لە قۆناغی سێیەمدا، لە هەزارەی دووەمی پێش زایین، ئەو خوداوەندانەی کە تاک و ئەو خوداوەندانەی کە پەیوەندییان بە خەڵکەوە هەیە، زیاتر بڵاوبوونەوە. لە قۆناغی چوارەم و کۆتاییدا، لە هەزارەی یەکەمی پێش زایین، خوداوەندەکان پەیوەندییەکی نزیکیان بە ئیمپراتۆریەتی و فەرمانڕەوا مرۆییە تایبەتەکانەوە هەبوو. ناوی زیاتر لە ٣ هەزار خوداوەندی میزۆپۆتامیایی لە دەقە میخییەکانەوە وەرگیراوە. زۆربەی ناوی ئەم خوداوەندانە لە لیستە درێژەکاندا تۆمارکراون کە لەلایەن نووسەرانی کۆن و کۆنی میزۆپۆتامیا کۆکراونەتەوە. درێژترینی ئەم لیستانە دەقێکە بە ناوی [«An = Enum ،d]”، کە بەرهەمێکی سیستماتیکی بابلییە و ناوی زیاتر لە ٢٠٠٠ خوداوەندی تێدایە. ئەم لیستانە هەندێک

جار بە هەڵە سەیر کراون کاتێک تەنها بە لیستی ناوی خوداوەندە سۆمەرییەکان و هاوتا ئەکەدییەکانیان دادەنران، لە کاتێکدا مەبەست لە پشت ئەم لیستانەوە زانیارییە سەبارەت بە پەیوەندییەکانی نێوان تاکەتاکی خوداوەندەکانە، و بۆڕوونکردنەوەیەکی کورت لەسەر ئەو ئەرکانە بدەن کە ئەم خوداوەندانە ئەنجامی دەدەن. جگە لە هاوسەر و منداڵی خوداوەندەکان، ناوی خزمەتکارەکانیان لە لیستەکاندا هاتووە.

کۆلا Kulla: خوداوەندی بیناسازەکانە لە ئەفسانەی سۆمەری و بابلیدا، ئەو خوداوەندە خشتی داهێناوە.

کۆندێرەکان: (المزارف) ( Burins)

کی: Ki خوداوەندی زەوییە و هاوتای مێینەی ئان خوداوەندی ئاسمان بووە، کی Ki وشەیێکی سۆمەرییە بەواتای زەوی، وەک ڕەنگە بتوانیت بزانیت بابەتێک هەیە کە خوداوەند و خوداوەندەکان ناویان لێنراوە بەناوی ئەوەی کە خودا بوون یان... خوداوەندی... لە ئەفسانەی سۆمەریدا، ئان و کی کۆمەڵێک ڕووەکی زۆریان لەسەر زەوی ڕواندووە. لە بنەڕەتدا کی , Ki و ئان, An یەکگرتوو بوون کاتێک لە مێخوداوەند یناممو Nammu لەدایک بوون. دوای ئەوەی کوڕەکەیان ئێنلیل پەروەردە کرد جیابوونەوە، ئان بوو بە فەرمانڕەوای ئاسمان و کی بوو بە فەرمانڕەوای زەوی.

کێردی یەک دەو: ( نێل مپلوم ( ژات الحد الواحد) ( Backed blades )

کیش Kish : گردی ئیحیمەر- ننخرساگ NINHURSAG(خانمی زەوی)(کی-KI)- زەوی (خوداوەندی دایک).

گا: گا هێما و ڕەمزی خوداوەندانە. لە زۆربەی ئەفسانەکاندا (گا) هێمای هێزە و نیشانەی پیاوەتی و پیتداری بووە و هەندێک جاریش کوشتنی (گا) لە ئەفسانەکاندا بە مانای ئافراندن لێکدراوەتەوە. گای یەکەم لای سۆمەریەکان گیاندارێکی پیرۆز بووە، لەبەر ئەوەی یەکەمین گیاندارە کە لە پێش مرۆڤ پەیدابووە. وشەی (گا) کە واتای کۆنی لە داستانی (گلگامش= گای گەورە)ی سۆمەریدا هەیە. لە کۆمەڵگەی شوانکاریدا (گا) بایەخ و گرنگی خۆی هەبووە و پەرستنی خوداوەندی ئاسمانی نێر سەریهەڵداوە کە (گا)هێمایەکەیتی و لە هەزارەی چوارەمی پ. ز خوداوەندی ئاسمان لە شێوەی گا وێناکراوە. لە نەخش و نیگارەکانی (چاتال هیۆک)دا، لە ئەنادۆڵ وێنەی

مەلیکی(حیسی)یەکان بەرچاو دەکەوێت کە سرووت و رێو رەسمی ئاینی جێ بەجێدەکات بۆ خوداوەندی ئاسمان کە لە شێوەی (گا)دایە. خودای جولەکەکانیش لە (سفر القچات)ی تەوراتدا بە (هاش- شور) ناوبراوە کە بە مانای (گا)دێت، هەروەها بە گوێرەی باوەڕی جولەکەکان (گا) یەکەمین گیانلەبەرە کە لە سەر زەوی پەیدابووە. هەروەها لای ئاشوریەکانیش گا هێمای خوداوەند بووە. لە ئاینی هیندۆسیدا بە (ئیندرا) گوتراوە (گای جیهان). لە میتۆلۆژیای یۆنانیدا، باسی ئەوە کراوە کە چۆن خوداوەندی گەورە (زیۆس) خۆی گۆڕی و لە شێوەی (گا) دەرکەوت و و چووە ناو گاڕانی ئەگینۆر و توانی (ئەوروپا)ی کچی ئەگینۆر شەیدا بکات و فریوی بدات و بیبات بۆ (کریت) و لەوێ لەگەڵیدا جوتبوو و (مینووس)ی مەلیکی(کریت)ی لێ پەیدابوو، (مینۆس)یش (پاسیڤانە)ی هێنا و (مینۆتۆر)یان لێ پەیدابوو کە بە واتای (مرۆڤی گا)دێت،دەبینین لە سەردەمی زەردەشتیشدا (گا) دەور و پیرۆزی خۆی ون ناکات، کاتێ مرۆڤ دەستی بە مردوو دەکەوێ دەبێ خۆی بە (میزی گا)بشواتەوە،هەروەها (گا) ڕۆڵێکی بەرز و گرنگی هەیە لە رێورەسمی سروتی (گورگا گای) ئێزدییەکان، لە رۆژی ئەنجامانی ئەم سرووتەدا، کە جوتیاران ئێوارە لە زەوی کێلاندا دەگەڕێنەوە ماڵەوە، کابانی ماڵ ئاگرێک هەڵدەکا لە درەختێک کە زوو گڕ بگرێت، ئینجا جووتیارەکە (گا)یەکە بەسەر ئاگرەکەدا دەبات. هەروەها گا رۆلی لە رێورەسمی سرووتی (گابۆغ)یشدا هەیە. لە هەندێک وێنەدا گالیسکەس خوای مانگ (گا) رایدەکێشێت.

گالا Galla: لە ئەفسانەی سۆمەریدا، ئەمانە گیان لە بەرەکانی جیهانی خوارەوە(بن دنیا)ن، سیفاتەکانیان ئەوەیە کە خۆراک ناخۆن و ئاو ناخۆنەوە. ئەوانە دەست و پێوەندەکانی مێخوداوەندی جیهانی ژێرەوە" ئیرش کیگال"ن.

گر عوبێد :(تل العبید) لە خۆرئاوای ئوور بە دووری (١٢) کم ، پەرسگە ی تیایە ، وێنەی ئاژەڵ لە مس -نحاس دروستکراوی لەسەر بووە . نووساری بەردین (رقیم حجری) ناوی پادشا (ئی – ئانی – پادا E – anni padda ) ی بنەماڵەی یەکەمی ئوری تیایە .

گوڵە : Gula /نینکاراک Ninkarrak (مێخوداوەند ) ، مێخوداوەند ێکی چارەسەرکەرە کە بە نینسیناNinisinna ناسراوە، "خانمی ئیسین Isin ".

گیرا(خوداوەند)  (Girra (god  :

گیرسو: Girsu  (دەکەوێتە ٢٥ کم (١٦ میل) لە باکووری ڕۆژئاوای لگاش، لە شوێنی تەل تەڵوەی مۆدێرن، پارێزگای دی قەر- ژی قار ، عێراق.)

گێستین ئانا:   بێلێت سێری   Geštinanna/Belet-ṣeri (goddess (مێخوداوەند )،گێستینانا مێخوداوەند ێکی سەرەتاییە و خەڵکی باشووری میزۆپۆتامیایە. خوشکی دوموزییەDumuzi  و پێدەچێت پەیوەندی بە نووسین و جیهانی ژێرزەویەوە هەبێت.

گیشتن ئانا Gestn-ana: واتە دارمێوی ئاسمان، مێخوداوەندێکە لە ئەفسانەی سۆمەریدا، خوشکی دۆمۆزییە. بە گوێرەی پانسیۆنی خوداوەندانی شاری لکش، گیشتن ئانا ژنی خوداوەند "نینگزیدا"یە، هەندێک جار ئەم مێخوداوەندە بە میوەی مەی ئاسمانی ناوبراوە. گیشتن ئانا پارێزگاری لە برایەکەی کردووە. لە کۆتاییدا بوەتە مێخوداوەندێکی جیهانی ژێرەوە.

گەڕی کلاکتونیك:  Clactonian

گەڕی ئەبیظیلی : Abbevillian

گەڕە شارستانیەکان: (الادوار الحضاریە )

لاراک ( Larak (or Larag : ئارک –(  پابیل -سانگ   Pabilsag +ننسینا - جیهانی ژێرزەوی      + شیفا.

لارسا   Larsa : سانکارا -ئۆتۆ –خۆر. ( سنکرە) دەکەوێتە دووری ٢٥ کم ی ڕۆژهەڵاتی  (ڕوروک) لە پارێزگای زیقار).

لاهار Lahar: مێخوداوەندی مێگەل و مەڕوماڵاتە لە ئەفسانەی سۆمەریدا. وشەی (لاهار) بە زمانی سۆمەری واتە "بەرخ"، لە ئەفسانەیەکدا هاتووە: خوداوەندان ئەنلیل و ئینکی  (لاهار)یان ناردە سەر زەوی بۆ ئەوەی شان بە شانی مێخوداوەندی دانەوێڵە ئەشنان(Asnan) کاربکات. ئەفسانەکە باس لە دەمەقاڵێ و شەڕە قسە دەکات لە نێوان هەردووکیان، هەریەکەیان شانازی بە سیفەتەکانی خۆی دەکات. لە میانی ئەفسانەکەدا، بۆمان دەردەکەوێت کە لاهار و ئەشنان لەگەڵ خوداوەندان دەژین و پێداویستیەکانی ژیان، وەک، بەرهەمی ئاژەڵی و بەری دارەکان بۆ خوداوەندان ئامادە و دابین دەکەن.

لوگاليرا و مێسلامتايا: Lugalirra and Meslamtaea (جووتێک خوداوەند) خوداوەندەکانی جیهانی (Lugalirra and Meslamtaea (a pair of gods ژێرزەوی کە زۆرجار پێکەوە دەبن، کە پێیان دەوترێت 'دوانە خوداوەندییەکان'. پەیوەستن بە خوداوەندی ژێرزەوی نێرگالەوە Nergal . نەریتەکانی دواتر وەک پاسەوانێک بۆ چوونە ژوورەوەی جیهانی ژێرزەوی دەردەکەون.

لیلیت Lilith: مێخوداوەندی تێکدان و وێرانکاریە لە ئەفسانەی سۆمەریدا، کە لە شوێنە کاول و کەلاوەکاندا دەژی. لە شێوەی بوونەوەرێکی شەیتانی لە داستانی گلگامیشدا دەردەکەوێت، کاتێک گلگامیش هێرشی کردە سەری، لیلیت بۆ چۆل و بیابان ڕایکرد. ئەهریمەنێکی مێیە لە ئەفسانەی جولەکەکاندا، گوایە لیلیت ژنی یەکەمی باوە ئادەم بووە، پێش ئەوەی حەوا ئافەریدە بکرێت. ئەوەبوو ئادەم وازی لێهێنا، چونکە ئافرەتێکی گوێڕایەڵ نەبوو، هەروەها خۆی بە هاوشانی ئادەم دادەنا، بۆیە لە بەهشت دەرکرا. لیلیت ژنی ئیبلیس و دایکی هەموو گیانە بەد و شەڕخوازەکانە.

لەکش Lagash:( الهيبه)ی لە پارێزگای زیقار (ژیقار)

ماری Mari : ماری

**ماڵیکردن**: التدجين

مامی(mamu):مامو

مامیتۆ Mamitu: مێخوداوەندی سوێند خواردن و پەیمان بەستنە لە ئاین و ئەفسانەی ئەکەدی و بابلی و ئاشووریدا، یەکێکە لە ژنەکانی خوداوەند نەرگال. لە گێڕانەوەی دیکەدا، مامیتۆ چارەنووسی منداڵە تازە لە دایکبوو دیاردەکات. لە هەندێک شوێندا بە مێخوداوەندێکی جیهانی ژێرەوە داندراوە. مامیتۆ لە وێنەکاندا سەری بزن و دەست و پێی مرۆڤی هەبووە.

**ماوە**: حقبه ، era

ماوەی گڵێنە: (فخار) ( Pottery Neolithic

مرۆڤی نیاندرتال: Neanderthal ، نموونەی لە عیراق لە ئەشکەوتی ( شانەدەر)

چینی (D) دۆرزاوەتەوە .

مرۆڤی هۆشمەند :( الانسان العاقل ) Homo sapiens

مرۆی هۆشمەند: ( الانسان العاقل) (Homo Sapiens)

مستیری: Mousterian

مقه: المقه (لمق=لمع-سیده-الزهره): مقه,خواوەندی یەمەنیان(درەوشاوە,ئەستێرەی ڤینۆس)

مێخوداوەندی دایک: إلهه الأمMother Goddess (نینمه، نینتود/ر، بێلێت-ئیلی) (Mother Goddess (Ninmah, Nintud/r, Belet-ili) خوداوەندی دایکی میزۆپۆتامیا بە چەندین ناو ناسراوە، دیارترینیان ناوی سۆمەری نینتود/نینتورە Ninmah, Nintud. ناوە بەردەوامەکانی دیکە بریتین لە نینمە و بێلێت-ئیلی Belet-ili. ئەو بەرپرسی دووگیانی و لەدایکبوون بووە و بە تایبەتی لە قۆناغەکانی پێشووتردا وەک دروستکەری مرۆڤ دەردەکەوێت.

مەردوک لە هەزارەی سێیەمی پێش زایین لە خوداوەندێکی نادیارەوە سەریهەڵدا و بوو بە یەکێک لە خوداوەندە گرنگەکان و سەرۆکی کۆڕی خواوەندانی میزۆپۆتامیا لە هەزارەی یەکەمدا. ئەو خوداوەندی پارێزەری شاری بابل بوو، کە تاوەری پەرستگاکەی لێبوو، زیگورات ziggurat ئیتێمێنانکی Etemenanki ((واتە ئەو ) "پەرستگایەی بناغەی ئاسمانەکان و زەوی" یە) لە هەزارەی یەکەمدا زۆرجار بە بێل Bel ناودەبرا، کە وشەیەکی ئەکەدییە بەواتای "پەروەردگار". Lord

مەردوک: (خودا( - مردوخ- Marduk Marduk (god) :

ناسیرات نابشتم: (nasirat napishtim)ناسیرات ناپشتم(ناوی کەشتیی لافاوەمەزنەکەبوو,بەواتای ژیان ڕزگارکەر )

ناما : Namma (خوداوەندی ژن)نعمە(مێخوداوەند ناما لە ئێریدۆوەیەEridu. بە دایکی خوداوەند ئێنکی/ئیا Enki/Ea ناسراوە هەروەها بە خوداوەندی دایک the mother goddess کە گەردوون و هەموو خوداوەندەکانی پەیدا کردووە. وەک

کوڕەکەی ئێنکی/ئیا Enki/Ea ئەویش پەیوەندی بە جادووەوە هەیە. لە سەردەمی دواتردا ڕۆڵی ئەو لەلایەن تیاماتەوە Tiamatدەگیرێتە ئەستۆ.

نانا: سوێن/سین Nanna/Suen/Sin خوداوەندی مانگی میزۆپۆتامیا، بە سۆمەری پێی دەگوترا نانا Nanna ، بە زمانی ئەکەدییش بە سوعین Suen یان سین Sin ناودەبرا. سەرەتاییترین نووسینەکانی لەبارەی هەردووکیان بە نزیکەیی هاوچەرخن، و بە شێوەیەکی ئاڵوگۆڕ ڕوودەدەن. ناوێکی زیادە کە تەنیا لە دەقە ئەدەبییەکاندا هاتووە ، بریتییە لە دیلیمبابار Dilimbabbar. ئیتیمۆلۆژیای ڕاستەقینەی هەردوو نانا و سوین تا ئێستا ڕوون نییە .

نانشی(Nanshe): مێخوداوەندێکی (داد)-ە، لە ئەفسانەی سۆمەریدا، کچی خوداوەند"ئینکی "یە و خوشکی نینگرسۆ و ژنی"ئۆرشنابی"یە، مێخوداوەندی شاری لەکش بووە، ناوی نانشی پەیوەستە بە پێشبینیکردن و لێکدانەوەی نهێنی و خەونەکان. وەک نێردراوی سیستەمی ئاکار وەسفکراوە.

نبوناهید:نبوناهید(پاشای بابلی)(٥٥٦-٥٣٩ پ.ز)

نسکۆ Nusko: لە ئەفسانەی سۆمەریەکاندا نسکۆ خوداوەندی ئاگر و رووناکی بووە و ناوی لەو نووشتانەدا هاتووە کە دژی سیحری رەش کراوە. کوڕی خوداوەند"ئەنلیل"-ە، چرا و مەشخەڵ هێمای ئەم خوداوەندەن. وەزیری خوداوەندان(ئانۆ و ئەنلیل)-ە، (بەیانی)هێمای ئەم خوداوەندەیە.

**نشینگە:** مستوطنة

**نشینگە، شوێنی نیشتەجێبوون** : الموطن

نفریم(عبری):نەفرەتی ( ئەوفریشتانەی گوایە لە ئاسمانەوەکەوتوونەتەسەرزەوی و لەگەڵ کچانی مرۆبونەتەهاوەڵژینیان ونەوەیان هەیە)

**نووسینە تۆمارییەکان** : ادخالات السجلات chronicles entries

نیپور Nippur :نوففر(نوففەری تازە لە شاری عەفج) دیوانیە- ئینلیل- هەوا .

نیتی(Neti): خوداوەندێکی جیهانی ژێرەوەیە لە ئەفسانەی سۆمەری و ئەکەدیدا،

ئەرکی ئەم خوداوەندە پاراستنی دەرگاکانی جیهانی ژێرەوەیە و خزمەتکردنی مێخوداوەند "ئیرش- کیگال"-ە، کاتێک مێخوداوەند ئینانا شۆربۆوە بۆ جیهانی ژێرەوە، نیتی بەرەو رووی بویەوە و لێی پرسی، بۆچی هاتویتە جیهانی ژێرەوە؟

نیرپوس Nerthus: مێخوداوەندێکە بە شێوەیەکی بەرفراوان لە دانیمارک و ئەڵمانیادا پەرستراوە، ئەم مێخوداوەندە نمایندەی زەوی دایک(تیراماتیر) دەکات، و توانای هەیە دەست لە کاروباری مرۆڤەکان وربدات. نیرتوس بە گالیسکەیەک هاتووچۆ دەکات وخسوبەت و پیت و فەڕ بۆ خەڵکی دێنێت. ئەم گالیسکەیە پیرۆزە، کەس بۆی نییە دەستی لێبدات یا سەیری ناوەوەی بکات، تەنها کاهین نەبێت. لە هەموو شوێنەکان خەڵکی بەخۆشاڵییەوە پێشوازی لە نیرتوس دەکەن. کاتێک مێخوداوەند دەگەڕێتەوە بۆ پەرستگەی خۆی کاهینەکان گالیسکەکە پاکدەکەنەوە. نینکال : خوداوەندی بازوو و هێزە. خوداوەندی ئاسنگەرەکانە لە ئەفسانەی میزۆپۆتامیادا.

نێرگال: (خودا)- نیرجال- Nergal

نینتی(Ninti): وشەیەکی سۆمەریە، واتە "خاتوونی پەراسوو" بەرامبەر بە "حەوا"یە، لە چیرۆکی ئادەم و حەوادا، ئەفسانەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە نینتی بۆ ئەوە خەڵقکراوە تاکو خوداوەند "ئینکی" چاکبکاتەوە لە نەخۆشیەکەی.

نینگیشزیدا: Ningishzida (بە سۆمەریDNIN-ĜIŠ-ZID-DA، ئەگەری هەیە بە مانای "پەروەردگاری [دارە] چاکەکە" بێت) خوداوەندێکی میزۆپۆتامیا بووە بۆ ڕووەک و جیهانی ژێرزەوی و هەندێکجاریش شەڕ.

نینلیل: (مولیلتو، مولیسو، میلیتا) (مێخوداوەند) Ninlil (Mulliltu, Mullissu, Mylitta)مێخوداوەندێکە بە شێوەیەکی سەرەکی بە هاوسەری ئینلیل ناسراوە، ئینلیل سەرۆکی کۆڕی خواوەندانی سەرەتایی میزۆپۆتامیا بووە. بۆ یەکەمجار لە کۆتایی هەزارەی چوارەمی پێش زایین دەردەکەوێت و تا سەدەکانی یەکەمی زایینی لە ژیاندا ماوەتەوە. هەندێک جار لەگەڵ خوداوەندە جۆراوجۆرەکانی چارەسەرکردن و دایک و هەروەها لەگەڵ مێخوداوەند ی ئیشتاردا هاوبەش بوو.

نەبو: (خوداوەند) – نابو- Nabu (god) خوداوەندی پارێزەری بۆرسیپا Borsippa ، خودای حیکمەت و نووسین. لە هەزارەی یەکەمی پێش زایین، نابو یەکێکە لە

خوداوەندە گرنگەکانی میزۆپۆتامیا. سەرەتا وەزیری مەردوک بوو، دواتر دەبێتە هاوکارەکەی لە سەرۆکی پانتیۆن. کاریگەری نابو لەسەر کولتوری میزۆپۆتامیا تا قۆناغەکانی دواتر بەرچاوە. نابو لە کتێبی پیرۆز Bible دا وەک نەبۆ Nebo دەردەکەوێت.

**نەخش:** نقشinscription

**نەخشێنراو:** نقش

**نەخشێنراوە نزرگەییەکاندا:** نقش نذری a votive inscription

**نەخشێنراوەدرشتەکان:** النقوش البارزة

**نەخشێنراوەکان:** نقوشreliefs

**نەخشەپاشاییەکان** : النقوش الملكية ، royal inscriptions

نەرگال Nergal: شێوازە سۆمەریەکەی ئەم ناوە بەم شێوەیە: "نی- ئیری- کال"، واتە – فەرمانڕەوای شاری گەورە-- هەروەها ناوی ئەم خوداوەندە بە شێوەی (ئیرا) هاتووە. لە ئەفسانەی سۆمەریدا، نەرگال خوداوەندی ژێر زەوی بووە. بە گوێرەی هەندێک ئەفسانە کوڕی "ئینلیل"-ە، و لای ئەکەدیەکان نەرگال کوڕی "بلت ئیلی"یە. لە ئەفسانەی بابلیشدا هاتووە، کاتێک کە (ئیرش- کی – گال)، کە مێخوداوەندی ژێر زەوی بووە، داوای لە نەرگال کرد بێتە بەردەمی بۆ لێپرسینەوە، چونکە ئامادەنەبوو رابوەستێت لە بەردەم نێردراوی ئەو لە کۆڕبەندی خوداوەندان. بۆیە خوداوەندان بڕیاریاندا کە نەرگال و ١٤ بوونەوەری دیکەی شەیتانی دەربکەن و بیانگوازنەوە. دواتر نەرگال بە هاوکاری شەیتانەکان توانی دەست بەسەر حەوت دەرگاکانی ژێر زەویدا بگرێت و چووە ناو عەرشەکەی "ئیرش- کی- گال" و قژی گرت و ڕایکێشا، بەڵام نەیکوشت، چونکە "ئیرش- کی- گال" گوتی مەمکوژە ئامادەم ببمە هاوسەری تۆ و جیهانی ژێر زەویش لە بن حوکم و دەسەڵاتی تۆدابێت، هەروەها تابلۆی حیکمەت و دانایيت دەدەمێ. بۆیە نەرگال بەمە رازی بوو و بووە شای مردووان و جیهانی ژێرەوە. لە ئەفسانەکاندا نەرگال وا وێناکراوە، کە تاجێکی لەسەرە و چواردە بوونەوەری کرێت و قێزەوەن لە دەور و پشتی راوەستاون. مەملەکەتی نەرگال بە

(کۆشا) ناوبراوە، واتە زەوی مردووان. پێویستە ئاماژە بەوە بکەین کە نەخۆشی تاعون پەیوەست کراوە بە نەرگال. لە هەندێک ئەفسانەدا بە خوداوەندی پزیشکی جیهانی ژێرەوە داندراوە، لای ئەکەدیەکانیش نەرگال خوداوەندی دۆزەخە. هەندێک جار گەرمی سوتێنەری خۆر دەدرێتە پاڵ ئەم خوداوەندە. جگە لەمەش نەرگال بە خوداوەندێکی جەنگاوەر دانراوە. ئەم خوداوەندە لە کۆنەوە لە سۆمەرییەکانەوە گواستراوەتەوە بۆ ناو خووررییەکان. ناوی خوداوەند نەرگال لە تێکستە مێخیەکانی ناوچەی (ماری)لە سوریایشدا بە دەردەکەوێت. هەروەها ناوی ئەم خوداوەندە لە تێکستێکی سەردەمی ئاشووری نوێدا هاتووە. ئەم تێکستە باسی چۆنیەتی ئەنجامدانی مەراسیمەکانی پێشکەشکردنی قوربانیدتان بۆخوداوەند نەرگال دەکات. هەروەها ناوی خوداوەند نەرگال لەو تێکستە حیسی و خوریانەی کە لە خاتووشا دۆزراونەتەوە هاتووە.

نەگید: لە ئەفسانەی سۆمەریدا، خوداوەندی ئاودێری کێڵگەکان بووە.

نەمۆ(Nammu): لە ئەفسانەی سۆمەریدا هاتووە، کە مێخوداوەند(نەمۆ) ڕەچەڵەکی گەردون و دایکی یەکەمین بەرەبابی خوداوەندەکان بوو. کە پێش دەستپێکردنی زەمەن، پانتایی و شوێنی داگیرکردبوو. پاشان ئەو یەکەم دایکە، یەکەمین بارستایی لە ئاوی هێنایە دونیا، ئەویش بارستایی ئاسمان و زەوی بوو، کە لە چیایەکی سەرەتاییدا پێکەوە نووسابوون و ئاو لە هەموو لایەکەوە داپۆشیبوو، لە هەناوی ئەم چیایەدا یەکەمین بەرەبابی خوداوەندان لە دایکبوون. نەمۆ لە ئاوی شیریندا بەرجەستە دەبێت. لە ئەفسانەی سۆمەریدا خەسڵەتە بەراییەکان دران بە (نەمۆ) و کرا بە مێخوداوەندی بەسەرچوو، کە بێ سایە و بێ پەرستگە و بێ ڕێوڕەسمێکی ئاینی بوو، خەسڵەتەکانی دیکەش دران بە ئینانا. نەمۆ لە سەرەتادا کوڕ و کچێکی بوو، کە بریتی بوون لە "ئان"ی خوداوەندی ئاسمان و "کی" مێخوداوەندی زەوی، ئەم دووە پێکەوە نووسابوون پاشان لە یەکتر جیابوونەوە و بوون بە ژن و مێردی یەکتر و "ئەنلیل" یان لێ پەیدابوو نەمتار(Namtar) خوداوەندێکی سۆمەرییە، بە واتای "بڕیاردەری چارەنووس" دێت. بۆیە نەمتار خوداوەندی چارەنوس و قەدەرە، چەندان ئەرکی هەبووە، لەلایەک تەتەر و نێردراوی خوداوەندانە هەروەها بەرجەستەی قەدەر و بەشی مرۆڤ دەکات لە ژیاندا، لەلایەکی دیکەوە وەزیری مێخوداوەندی مردن "ئێرش کیگال"-ە. و یەکێکە لە دێوەکانی جیهانی ژێرەوە. واتە نەمتار خوداوەندی مەرگە و ڕۆحەکان دەکێشی و عەزرائیلی سۆمەرییە. نەمتار لای سۆمەریەکان خۆشەویست

نەبووە، چونکە یارمەتی مێخوداوەندی مردن دەدات لە روح کێشانی مرۆڤەکاندا.

نەنخورساگ Nimhursag: خوداوەندی زەوی دایەکە لای سۆمەرییەکان، نەنخورساگ واتای (سەروەری چیا) دەگەیەنێت. هەروەها بە ننماخ(خاتوونی گەورە)ناوبراوە و بە گوێرەی ئەفسانەکان نەنخورساگ ژنی خوداوەند(ئینکی )یە و هەرووکیان پێکەوە لە بە هەشتدا دەژین، کە ئەم بەهەشتە لە ئەنجامی یەکگرتنی ئاوی ئینکی و خاکوخۆڵی زەوی نەنخورساگەوە پڕ لە دارو درەخت بووە. چەندان پەیکەری ئەم خوداوەندە لە ناوچە جیاجیاکانی سۆمەریەکان دۆزراوەتەوە. ئەم مێخوداوەندە چەند ناوێکی هەیە، وەک: ماما، مامی، بیلیت-ئیلی. نزرگەی نەنخورساگ لە شاری "کیش"بووە.

هالا Hala: مێخوداوەندی شیفا و چارەسەرکرنە لە ئەفسانەی سۆمەری و بابلیدا، ژیان بەخشە، هالا لەگەڵ مێخوداوەندی شیفای ئەکەدی "گولا" بونەیەک.

هایا: ( Haya) (مێخوداوەند )، هاوسەری نیدابا Nidaba /نیسابا Nissaba ، خوداوەندی دانەوێڵە و نووسەران، هەم وەک "دەرگاوان" ناسراوە و هەم پەیوەندی بە هونەری نووسینەوە هەیە.

هدد (ئەدد: ناوی خوداوەندێکە و خوداوەندی بروسکە و گەردەلوولە، کە زۆربەی گەلە سامیەکان پەرستوویانە، وەک بەنو ئیرەم و عەرەبەکانی باکورو باشوور، هەروەها ئاشوری و بابلییەکانیش پەرستوویانە.

هیتییەکان :حیثی وهیتییەکان hitties خواوەند(چوب) وهاوەڵژینەکەی (هبات hebat)وکوڕی(شارما) یا(شاروما sharruma) لە تووڕوس بوون.گا نیشانەی بوو ,لە پەرسگەی ئاکا ئویوک بوو.

یەهوە :عیبرانییەکان خواوەند (یەهوە) یان دەپەرست، وبعل واتە گەورە,بۆنموونە ناوی کوڕی شا داود (بعلیاداع)بوو,واتە بعل دەزانێت.

**سەرچاوەکان**

-د.طه باقر ، موجز فى تاريخ العلوم و المعارف ، ٢٠٠٤ ، الدار الدوليه، القاهره. ل 20-13

- د.طه باقر ، ديانة البابليين و الاشوريين – سومر – كانون الثاني ١٩٤٦ – ج ١ – مجلد 2 . ل ١ – ١٩ .

-طه باقر ، ديانة البابليين و الاشوريين – سومر – تموز ١٩٤٦ – ج 2 – مجلد 2 . ل 179 – 196 .



**محەمەد وەسمان عەزیز**

لە دایکبووی: 1953/1/18- هەولێر

ئاستی خوێندن: بەکالۆریۆس لە یاسا

کارنامەی ڕۆشنبیری و ڕۆژنامەوانی:

* بواری کارکردن: نووسەرو رۆژنامەنووس: سەرنووسەری گۆڤاری داد.

* (20) ساڵ لە رۆژنامەی (هەرێم) و گۆڤاری (هەرێمی کوردستان) کاری کردووە.

* ئەندامی لێژنەی بیبلۆگرافیای ئەکادیمیای کوردی. لە (2008)ەوە تا (2019).

* ئەندامی لقی هەولێری یەکێتی نووسەرانی کوردە.

* ئەندامی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستانە.

بەرهەم و چاپکراوەکانی:

1- دەروازەیەکی زیندەوەرزانی, چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە, چ١, هەولێر, ٦٤ لاپەڕە, .1991

2- بەرەو رۆشنبیری هاوچەرخ, هەولێر, ٤٨ لاپەڕە چاپی یەکەم، .1992

3- د. شێرزاد نەجار، لەبارەی ڕۆشنبیری سیاسی، وەرگێڕان لە عەرەبییەوە، لە بڵاوکراوەکانی ڕێکخراوی بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیریی یاسایی لە کوردستان (o. p. l. c) بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپی یەکەم، هەولێر، .2002

4- چەند لاپەڕەیەکی ڕۆژنامەنووسی، لە بڵاوکراوەکانی بزاڤی ڕۆشنبیرانی نوێخواز، چاپی یەکەم، چاپخانەی پاک، هەولێر، 2004، 232 لاپەڕە.

5- کەسێتی تاکی عێراقی، نووسینی: د. عەلی وەردی، وەرگێڕان لە عەرەبییەوە, لە بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی زانکۆ, چ١, چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە, هەولێر, ٧٢ لاپەڕە. چاپی یەکەم، .2004

6- ئینسایکلۆپیدیای فەیلەسوفان، م. رۆزنتال، ب. یوردین ، وەرگێڕان لە عەرەبییەوە، لە بڵاوکراوەکانی کتێبفرۆشی سۆران، هەولێر، چاپی یەکەم، چاپخانەی شڤان، سلێمانی 2004، 550 لاپەڕە.

7- گیروگرفتەکانی زاراوەدانان لە زمانی کوردیدا، چاپی یەکەم، هەولێر، 2004، 75 لاپەڕە، قەبارە: (21×14. 5)سم.

8- ئەلف و بێی کوردی بە پیتی لاتینی، لە بڵاوکراوەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیری- بەڕێوەبەرایەتی گشتیی ڕۆژنامەنووسی و چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر, .2005

9- من گەورەبووم، رێبەری کچان, وەرگێڕان, لەلایەن وەزارەتی تەندروستی

چاپ کراوە, (2005)

10- نوێگەری، کۆمەڵێک وتار، وەرگێڕان لە عەرەبییەوە، لە بڵاوکراوەکانی کتێبفرۆشی سۆران- هەولێر، چاپی یەکەم، چاپخانەی گەنج، سلێمانی 2004، 107 لاپەڕە.

11- کریس هارمان، مارکسیزم چۆن کاردەکات، وەرگێڕان، چاپی یەکەم، 2005.

12- د. شێرزاد نەجاڕ، هزرو سیاسەت، وەرگێڕان لە عەرەبییەوە، لە بڵاوکراوەکانی ڕێکخراوی بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیریی یاسایی لە کوردستان ( o. p. l. c)، چاپی یەکەم، هەولێر، 2005، 50 لاپەڕە.

13- ڕێبەری کابان بۆ شیرنەمەنی و چێشت لێنان، لە بڵاوکراوەکانی خانەی چاپ و پەخشی ڕێنما، چاپی یەکەم، 2005.

14- نەوال سەعداوی، ڕوخساری رووتی ئافرەتی عەرەب، وەرگێڕان لە عەرەبییەوە، بڵاوکراوەکانی دەزگای وەرگێڕان, چاپی یەکەم، 2006.

15- ئێرک فرۆم، هونەری خۆشەویستی، وەرگێڕان لە عەرەبییەوە، لە بڵاوکراوەکانی کتێبفرۆشی سۆران- هەولێر، چاپی یەکەم، چاپخانەی گەنج، سلێمانی چاپی یەکەم، 2006.

16- ئەجێندای کارەکان لە هەرێمی کوردستان، وەرگێڕان، هاوبەش, ژوورە بازرگانییەکانی هەرێم، وەرگێڕان لە عەرەبییەوە، چاپی یەکەم، 2007, ١٧٢ لاپەڕە.

17- فەلسەفەی دوالیزم لە هزری د. زەکی نەجیب مەحموددا، ئیمام

عەبدولفەتاح ئیمام، وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای وەرگێڕان، چاپی یەکەم، هەولێر، 2007.

18- دەستوور کلیلی ماف و ئازادییەکانە، لە بڵاوکراوەکانی ڕێکخراوی بڵاوکردنەوەی یاسایی لە کوردستان (O. P. L. C)، چاپی یەکەم، هەولێر، 2008، 62 لاپەڕە.

19- کورتنووسیی لە زمانی کوردیدا، وەرگێڕان، چاپی یەکەم، هەولێر، 2009.

20- ڕێسا بۆ فێربوونی ئەلف و بێی کوردی بە پیتی لاتینی، ئامادەکردن، لە بڵاوکراوەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیری- بەڕێوەبەرایەتی گشتیی ڕۆژنامەنووسی و چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر، 2009، 76 لاپەڕە، قەبارە: (22×15. 5)سم، نرخ: (2000) دینار.

21- مێژوو و شارستانیەتی کورد، د. محەمەد مەحمود مەندەلاوی، لە لایەن دەزگای زهرە الرافدین بۆ ڕۆژنامەوانی و پەخش و بڵاوکردنەوە، بە هاوکاری کۆمپانیای ئاسیا سێل چاپکراوە، چاپی یەکەم، هەولێر، 2009، 367 لاپەڕە.

22- ئینگلیزی گشتگیر- ڕێبەرێکی گشتگیر بۆ ڕێزمانی ئینگلیزی، وەرگێڕان، هاوبەش، لە بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی ئاوێر، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، 2010، 327 لاپەڕە.

23- ڕێبەر بۆ ئەنجوومەنی شورای هەرێمی کوردستان، 2010.

24- بیبلۆگرافیای ئەکادیمیای کوردی، بەشی یەکەم، زمان بەرگی یەکەم، هەولێر، 2010وەک ئەندامێکی لیژنەی بیبلۆگرافیا.

25- رەخنەو دەقی ئەدەبی، لە بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی تەبایی, هەولێر،

2010.

26- فەرهەنگی زاراوە سەربازییەکان، چاپی ئەکادیمیای کوردی، هەولێر، 2011.

27- یاسای سزاکانی عێراقی ژمارە 111 ساڵی 1969، تیایدا هەموو هەموارکردنەکان دەستنیشانکراون کە لە هەرێمی کوردستان- عێراق تا کاتی چاپکردنی کارپێکراون، وەرگێڕان لە عەرەبییەوە، هەولێر، .2011

28- ئیتێکی ڕۆژنامەنووسی، لە بڵاوکراوەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیری، بەڕێوەبەرایەتی چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر، 2011، 91 لاپەڕە.

29- توێژینەوەکانی کۆنفرانسی زانستیی زمانی کوردی ٢٠١١, هاوبەش، رۆڵی رەگی کار لە زاراوەداناندا, ل ٢٤٥-٢٨٢, چاپخانەی رۆشنبیری چ١, هەولێر ٢٠١٢, ٣٧٠ لاپەڕە

30- سوقرات، وەرگێڕان، لە بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی ئاوێر، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، 2010، 327 لاپەڕە.

31- فەلسەفەی سۆفیگەری، لە بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی ئاوێر، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، 2010، 327 لاپەڕە.

32- لەبارەی سەرچاوەکانی پابەندبوون، لە بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی تەبایی, هەولێر، .2013

33- زمانی یاسا، لە بڵاوکراوەکانی ڕێکخراوی بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیریی یاسایی لە کوردستان (o. p. l. c) بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپی یەکەم هەولێر،

2013.

34- فەرهەنگی زاراوە یاساییەکان، لە بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی تەبایی, هەولێر، .2014

35- دادکارییەکانی یاسای جێبەجێکردن، لە بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی تەبایی, هەولێر، 2014

36- ڕێبەری داواشارستانییەکان، وەرگێڕان, هەولێر، .2015

37- یاسای بازرگانی تیۆری گشتی, وەرگێڕان, نووسینی: د. باسم محمدصالح محمدسامی, چاپخانەی ڕۆژهەڵات, چ٣, هەولێر, ٢٠١8, ٤١٥ لاپەڕە.

38- یاسای بازرگانی پەڕاوە بازرگانییەکان, وەرگێڕان, نووسینی: د. فوزی محمدسامی و د. فائق محمودالشماع, بڵاوکردنەوەی کتێبخانەی تەبایی, چاپخانەی هێڤی, چ١, هەولێر2019, ٤٣٠ لاپەڕە.

39- فەرهەنگی نەوەکان- الاجیال, چاپخانەی سنوور، چاپی یەکەم، هەولێر، 2019. ٢٩٤ لاپەڕە.

40- ژیاندۆستی، چاپی یەکەم، چاپخانەی سنوور، هەولێر، ژمارەی سپاردن، (596)، 2019، 275 لاپەڕە.

41- لە ژیاننامەی فەیلەسووفان,چاپ: سنوور- هەولێر,نۆرەی چاپ: یەکەم: ٢٠٢٠,٥٦٤ل

42-زاراوەزانی,چاپخانەی سنوور,هەولێر,٢٠٢١

43-فەرهەنگی فەرهەنگەکان,بەهاوبەشی لە لێژنەی بیبلیۆگرافیای ئەکادیمیای

کوردی,.٢٠٢٣

44- ئایینی سۆمەری، شیکردنەوە و هەڵسەنگاندن ،2023.

45- زانستی فەلسەفەکان ،.2024

46- سەرهەڵدانی بیروباوەرەئایینییەکان ، د. فەوزی ڕەشید محەمەد بەرزنجی، وەرگێڕان، هەولێر-2024

47- د.تەها باقر، ئایینی بابلی و ئاشووری، کوردیکاری: محەمەد وەسمان، هەولێر-.2024

48- د. فەوزی ڕەشید، سۆمەرییەکان کێن؟ وەرگێڕان،٢٠٢٥

فەیسبووک: MohamadWasman ژمارەی مۆبایل: 07504616628

# پێڕست


| | |
|---|---|
| پێشەکی | 3 |
| شارستانییەکانی میسۆپۆتامیا | 15 |
| ئایینی بابلی و ئاشووری | 39 |
| فرەخوداوەندیی لە ئایینی بابلیدا | 46 |
| مرۆیاندن (کەساندن)(لەیەک چواندن) | 84 |
| ئاکارلە ئایینی بابلیدا | 62 |
| کۆڕی خواوەندانی بابلی | 70 |
| پەرستکاری و ڕێکخراو و دامەزراوە ئایینیەکان | 85 |
| پێشگۆکان و پۆلەکەیان | 97 |
| هەندێک لە گوند و شارەکانی میسۆپۆتامیا | 102 |
| شارە سۆمەرییەکان | 157 |
| فەرهەنگۆک | 205 |